دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٠٠، شەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٥ی ژوئەنی ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com

■ لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ڕێز لە یاد و قارەمانەتیی نوێترین شەهیدانی کوردستان گیرا ٢

■ ڕێوڕەسمێک بۆ شەهیدان «هادی شێخە و ئەیووب سوڵتانی» لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو


■ ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات لەمەڕ ئاڵۆزییەکانی ناوچەی داڵاهۆ ٣



شەهید «لوقمان مێهفەر»؛ سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی دێموکرات ٤



پچڕانی برق، گەندەڵی تەواویەتی دەسەڵات و ... ٦



تێکبەزینی دوو مودێلی دواکەوتووانە و مودێلی سەردەمیانە ٨



دیمانەی کوردستان ١٠




## پەیڤ

### دەنگ نادا

**کەریم پەرویزی**

مرۆڤ بە هەڵوێست و تێگەیشتنەکانیدا دەناسرێتەوە و خۆی وەکوو بوونەوەرێکی تایبەت و جیاواز پێناسە دەکا. کاتێك کە ژین و جیهانی ژینەکی بریتییە لە بەکاربردنی ئێنرژی و جووڵەکردن و گەشە و لە کۆتاییشدا مەرگ، ئیدی هەموو بوونەوەرێکی خاوەن ژین وەکوو یەك دەناسرێ و لەو بوارەدا ڕەنگە مرۆڤ و لاسکی گیایەك، جیاوازییان نەبێ، بەڵام ئەوەی مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرە گیاندارەکان جیا دەکاتەوە، ئەو ژینەیە کە تێیدا تێگەیشتن دێتە ئاراوە و ئەو تێگەیشتنە دەبێ بە هەڵوێست و ئەوە ژین دەکا بە ژیان! دەربڕینی هەڵوێست، هەموو کات بریتی نیە لە بەدەستەوەگرتنی چەکێك و بەرەوڕووی بەرامبەرەکەت بوەستی، هەموو کاتیش بریتی نیە لە هەستی تۆڵە کە وەکوو رقێك لە دەروونیدا بمێنێتەوە کە ئایا لە ساڵانی داهاتوودا هەلێکی دەرەخسێ کە تۆڵەکەت بکەیتەوە! لە دونیای مۆدێڕندا شتێکی داهێنراوە کە هەڵوێستی پێ دەردەبڕدرێ و چەکیش نیە تاکوو گیان بستێنی و هەستێکی دەروونیش نیە کە تاکوو بە دەستی نادیار بسپێردرێ و لە ساڵانێکی نادیاردا ئاسەواری دەرکەوێ، بەڵکوو شێوازێکی مۆدێرنە کە دەمودەست هەڵوێستی خۆتی پێ دەردەبڕی و ئەویش دەنگە!

دەنگدان، یان لە پرۆسەیەکی دێموکراتیکی هەڵبژاردندا، بەشداریکردن و دەنگ بە کەسی جێی متمانە دان، هەڵوێستێکی ئەمڕۆییە کە نەك مرۆڤ لە بوونەوەرە ژیندارەکانی دی جیا دەکاتەوە، بەڵکوو مرۆڤ لە قۆناخی پێش مۆدێڕن و دوای مۆدێڕنیش جیا دەکاتەوە.

بەڵام هەر بەو رادەیەش سیستمی هەڵبژاردن کە دێمۆکراتیك بێ، سیستمێك لە سیستمێکی مرۆیی و ئەمڕۆییەوە لەگەڵ سیستمی دژە مرۆیی یان پاشکەوتوو و سەدە نێوەڕاستی جیا دەکاتەوە.

دەنگدان لە ئێستادا، بریتیە لە دەربڕینی هەڵوێست و هەڵوێستی مرۆڤیش بە زمانی ئەمڕۆیی، دەربڕی ناخ و دەروونی مرۆڤەکانە و لە راستیدا نیشاندەری کەرامەت و ناسنامە و تێگەیشتنی مرۆڤە کە چ دەکا و چیی دەوێ و چیی پێ نادروستە. ئەوەی کە سیستمی ویلایەتی فەقیهی، دوای زیاتر لە چوار دەیە تاوان خولقاندن و مرۆڤکوژی، بەو هەموو ئەزموونی گاڵتەکردن بە هەست و نەستی مرۆڤەکان لە ئێراندا، هێشتا

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگه‌یاندنی ژماره‌ ٢ی ناوه‌ندی هاوكاریی حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران له‌ سه‌ر به‌ناو هه‌ڵبژاردنه‌كانی كۆماری ئیسلامی ئێران

هاونیشتیمانیانی به‌ڕێز
خه‌ڵكی تێكۆشه‌ری كوردستان
هه‌ر وه‌ك ده‌زانن و له‌ ڕاگه‌یاندنی پێشوومان دا هاتبوو، به‌ناو هه‌ڵبژاردنه‌كانی كۆماری ئیسلامی ئێران به‌ڕێوه‌یه‌ و جارێكی تر كۆماری ئیسلامی ده‌یه‌وێ به‌ به‌ڕێوه‌ بردنی به‌ ناو هه‌ڵبژاردن له‌ لایه‌كه‌وه‌ ده‌سه‌ڵاتی خۆی یه‌كده‌ست كاته‌وه‌ و له‌ لایه‌كیتره‌وه‌ به‌ هێنانی خه‌ڵك بۆ سه‌ر سندووقه‌كانی ده‌نگدان مه‌شرووعیه‌تی خۆی هه‌م به‌ خه‌ڵكی به‌شمه‌ینه‌تی ئێران و هه‌م به‌ كۆمه‌ڵگای جیهانی نیشان بداته‌وه‌.
به‌ نه‌ریتی خوله‌كانی پێشوو ئه‌م ده‌وره‌ش شۆرای نیگه‌هبان به‌ ره‌دی سه‌لاحیه‌تی كۆمه‌ڵێكی زۆر له‌و كه‌سانه‌ی كه‌ خۆیان بۆ پۆستی سه‌رۆك كۆماری به‌ربژێر كردبوو بۆ جارێكی تر مۆری ته‌ئیدی له‌و ڕاستییه‌ داوه‌ كه‌ هیچ هه‌ڵبژاردنه‌كانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی كۆماری ئیسلامی جیا له‌ شانۆگه‌رییه‌كی درۆیینه‌ هیچی تر نییه‌. ره‌دی سه‌لاحییه‌تی سه‌رۆك كۆماری پێشوو، سه‌رۆكی پێشووی پارڵمانی ئێران و جێگری سه‌رۆك كۆماری ئێستای كۆماری ئیسلامی ئێران ئه‌م ڕاستییه‌ ده‌سه‌لمێنێ كه‌ ڕۆژ له‌ دوای ڕۆژ ئاڵقه‌ی نزیكانی ڕێبه‌ری كۆماری ئیسلامی به‌رته‌سكتر و تا دێت متمانه‌ به‌ نزیكترین كه‌سانی ئه‌م نیزامه‌ كه‌متر ده‌بێته‌وه‌.
تا دێت پانتایی ئه‌و بازنه‌یه‌یی كه‌ پێی وایه‌ هه‌ڵبژاردنه‌كانی ئێران جیا له‌ به‌ڕێوه‌ بردنی شانۆگه‌رییه‌كی له‌ پێش دا داڕێژراو و مۆهه‌ندیسی كراو هیچی تر نییه‌ به‌رینتر ده‌بێته‌وه‌ و تا ئه‌و ئاسته‌ ڕۆیشتووه‌ كه‌ ته‌نانه‌ت دام و ده‌زگا ته‌بلیغییه‌كانی كۆماری ئیسلامی باس له‌ به‌شداری ٢٥ له‌ سه‌دی خه‌ڵك له‌ هه‌ڵبژاردنه‌كانی ئه‌م دوره‌یه‌ دا ده‌كه‌ن و ئه‌مه‌ ده‌بێته‌ ریسواییه‌كی گه‌وره‌ی تر بۆ كۆماری ئیسلامی.
له‌ لایه‌كی تره‌وه‌ نیگه‌رانی له‌ نه‌مانی ڕێبه‌ری كۆماری ئیسلامی و ئه‌گه‌ره‌كانی پاش ئه‌م ڕووداوه‌، به‌ ته‌واوی بازنه‌ی ده‌سه‌ڵاتی كۆماری ئیسلامی په‌رێشان كردووه‌ و به‌ ئاشكرا بۆته‌ بناغه‌ی ته‌حلیلی ده‌سه‌ڵاتی حاكم له‌ ئێران و باس له‌وه‌ ده‌كرێ كه‌ له‌ ڕاستیدا ئه‌م هه‌ڵبژاردنه‌ بۆ سه‌رك كۆماری نییه‌ به‌ڵكوو ڕێگه‌ خۆش كردن و چنینی مۆره‌ی پێویسته‌ بۆ جێگره‌وه‌ی ڕێبه‌ری كۆماری ئیسلامی.
خه‌ڵكی شۆڕشگێری كوردستان
ناوه‌ندی هاوكاریی حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران جارێكی تر هه‌ڵوێستی خۆی له‌ هه‌مبه‌ر ته‌حریمی فه‌عالی به‌ ناو هه‌ڵبژاردنه‌كانی كۆماری ئیسلامی دووپات ده‌كاته‌وه‌ و جه‌خت له‌ سه‌ر ئه‌م بابه‌ته‌ ده‌كاته‌وه‌ كه‌ به‌شداری هه‌ر تاكێكی كورد به‌ تایبه‌تی و ئێرانی به‌ گشتیی له‌و هه‌ڵبژاردنانه‌دا خزمه‌تی ڕاسته‌وخۆیه‌ به‌ كۆماری ئیسلامی و هه‌وڵه‌ بۆ نه‌جاتی ئه‌م ڕژیمه‌ جه‌نایه‌تكاره‌ له‌ ڕووخانی یه‌كجاری.
ئه‌وه‌ی كه‌ چاوه‌ڕوانی ئێمه‌یه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ خه‌ڵكی كوردستان به‌ به‌شداری نه‌كردنیان له‌ لایه‌ك و هه‌وڵ بۆ وشیار كردنه‌وه‌ و به‌شداری نه‌كردنی خه‌ڵكی ده‌ور و به‌ری خۆشیان له‌ لایه‌كی تره‌وه‌، سندووقه‌كانی ده‌نگ دان له‌ كوردستان چۆڵ بێت و به‌ ناو هه‌ڵبژاردنی ئه‌م جاره‌ بكه‌ن به‌ ڕێفراندۆمی نا بۆ كۆماری ئیسلامی ئێران.
ده‌نگی ناڕه‌زایه‌تی ئه‌م جاره‌ی ئێمه‌ی كورد ده‌بێ له‌ هه‌میشه‌ به‌رزتر و وره‌ی به‌ره‌نگاریمان له‌ هه‌میشه‌ قایمتر بێت و بۆ چه‌نده‌مین جار بیسه‌لمێنین كه‌ كوردستان قه‌ڵای خۆڕاگری و پێشڕه‌وی شۆڕشگێرییه‌ له‌ ئاستی هه‌موو ئێران دا.

**ناوه‌ندی هاوكاریی حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران**
**١٣ی جۆزه‌ردانی ١٤٠٠ هه‌تاوی**
**٣ی ژوئه‌نی ٢٠٢١ زایینی**

# ڕاگه‌یاندنی ناوه‌ندی هاوكاریی حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران له‌سه‌ر گیانله‌ده‌ستدانی په‌نابه‌رێكی ڕۆژهه‌ڵاتی له‌ هه‌ولێر



خه‌ڵكی تێكۆشه‌ری كوردستان
هه‌ر وه‌ك ئاگادارن ماوه‌یه‌ك له‌وه‌مه‌وپێش په‌نابه‌رێكی سیاسیی خه‌ڵكی كوردستانی ئێران به‌ ناوی «بێهزاد مه‌حموودی» به‌بۆنه‌ی بارودۆخی خه‌راپی ژیان و به‌ دژكرده‌وه‌ به‌ وڵامنه‌دانه‌وه‌ی كۆمیسارییای باڵای په‌نابه‌رانی ڕێكخراوی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كان به‌ خواسته‌كانی په‌نابه‌رانی ڕۆژهه‌ڵاتی له‌به‌ر باره‌گای ئه‌م ڕێكخراوه‌ له‌ شاری هه‌ولێر ئاگری به‌ردا جه‌سته‌ی خۆی و ئاكامی زۆر دڵته‌زێنی لێ كه‌وته‌وه‌ و به‌داخه‌وه‌ ئه‌مڕۆ گیانی له‌ده‌ست دا.
ناوه‌ندی هاوكاریی حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران وێڕای مه‌حكوومكردنی ئه‌م بێ مه‌بالاتیيانه‌ی كۆمیسارییای باڵای په‌نابه‌رانی ڕێكخراوی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كان له‌هه‌مبه‌ر په‌نابه‌رانی سیاسیی ڕۆژهه‌ڵاتی؛ نیشته‌جێی باشووری كوردستان، داواكارین كه‌ به‌ له‌به‌رچاوگرتنی بارودۆخی ناله‌باری په‌نابه‌ران، پێداچوونه‌وه‌ی خێرا به‌سه‌ر كه‌یسه‌كانییاندا بكرێت.
هه‌روه‌ها داوا له‌ دامو ده‌زگا په‌یوه‌ندیداره‌كانی هه‌رێمی كوردستانیش ده‌كه‌ین كه‌ وه‌ك هه‌میشه‌ هاوكارمان بن و ته‌نانه‌ت به‌ بایه‌خێكی تایبه‌تیتره‌وه‌ بڕواننه‌ بابه‌ته‌كه‌ و ئاسانكاریی پێویست بۆ په‌نابه‌رانی سیاسیی كوردستانی ئێران بكرێت.

**ناوندی هاوكاریی حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران**
**٢٤ی مه‌ی ٢٠٢١ زایینی**
**٣ی جۆزه‌ردانی ١٤٠٠ هه‌تاوی**

# له‌ ڕێوڕه‌سمێكی به‌شكۆدا ڕێز له‌ یاد و قاره‌مانه‌تیی نوێترین شه‌هیدانی كوردستان گیرا




ئێواره‌ی ڕۆژی هه‌ینی ڕێكه‌وتی ٣١ی بانه‌مه‌ڕ به‌ به‌شداریی «مسته‌فا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیموكرات، ئه‌ندامانی ڕێبه‌ری، كادر، پێشمه‌رگه‌ و بنه‌ماڵه‌ی سه‌ربه‌رزی شه‌هید «سمكۆ مه‌حمه‌ڵ» و پۆلێك له‌ هاوڕێ و هاوسه‌نگه‌رانی ڕێوڕه‌سمێكی به‌شكۆ بۆ ڕێزگرتن له‌ قاره‌مانه‌تیی و له‌خۆبردوویی نوێترین شه‌هیدانی حیزبه‌كه‌مان گیرا.
ڕێوڕه‌سمه‌كه‌ به‌ سروودی نه‌ته‌وایه‌تی «ئه‌ی ڕه‌قیب» و ڕاگرتنی خوله‌كێك بێده‌نگی بۆ ڕێزگرتن له‌ شه‌هیدانی حیزب و گه‌ل ده‌ستی پێكرد.
دواتر «كاوه‌ به‌هرامی» به‌رپرسی ده‌زگای فه‌رماندەیی هێزی پێشمه‌رگه‌ی كوردستان به‌م بۆنه‌وه‌ چه‌ند وته‌یه‌كی پێشكه‌ش كرد.
ناوبراو له‌ ئاخاوتنه‌كه‌یدا وێڕای ئاماژه‌دان به‌ شێوازی په‌یوه‌ستبوونی هه‌ر كام له‌ شه‌هیدان سمكۆ مه‌حمه‌ڵ و سۆهراب خه‌دیریپوور به‌ ڕیزه‌كانی شۆڕش ئاوڕی له‌ تایبه‌تمه‌ندییه‌ به‌رزه‌ شۆڕشگێڕانه‌كانیان دایه‌وه‌ و باسی له‌وه‌ كرد: «ئه‌وان جارێكی تر سه‌لماندیان كه‌ پێشمه‌رگه‌ی شاخ و شار ده‌سله‌ملانی یه‌كتر تا گه‌یشتن به‌ سه‌ركه‌وتن و ئازادی گه‌ل و نیشتمانه‌كه‌مان له‌ خه‌بات و تێكۆشان هه‌دا نادەن و ئه‌مه‌ی به‌ ڕه‌مزی سه‌ركه‌وتنی دواجاری گه‌له‌كه‌مان زانی».
ناوبراو جه‌ختی كرده‌وه‌: «ئێمه‌ وه‌ك هاوڕێ و هاوسه‌نگه‌رانی شه‌هیدان و ڕێبوارانی ڕێگا و ڕێبازه‌كه‌یان به‌ڵێن ده‌ده‌ین كه‌ تا سه‌ر وه‌فادار به‌ ڕێبازی پڕ سه‌روه‌ریيان ده‌بین و ئه‌مه‌ش وه‌ك ئه‌ركێك چاوی لێده‌كه‌ین».
له‌ برگه‌یه‌كی تری ڕێوڕه‌سمه‌كه‌دا په‌خشانێك له‌ژێر ناوی «سه‌رسوڵتان ئامان!» كه‌ تایبه‌ت بۆ یادی نوێترین شه‌هیدانی حیزب بوو له‌لایه‌ن پێشكه‌شكاری ڕێوڕه‌سمه‌كه‌وه‌ خوێندرایه‌وه‌.
دواتر هه‌ر كام له‌ به‌شداربووانی ڕێوڕه‌سمه‌كه‌ وێڕای ده‌ربڕینی سه‌ره‌خۆشی له‌ بنه‌ماڵه‌ی سه‌ربه‌رزی شه‌هید سمكۆ و هاوڕێیانی په‌یمانیان له‌گه‌ڵ ڕێبازی شه‌هیدانی گه‌ل نوێ كرده‌وه‌.

## پارتی دێموكراتی كوردستان، كۆمه‌ڵه‌. ڕێكخراوی كوردستانیی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و پارتی ئازادیی كوردستان سه‌ره‌خۆشیان له‌ حیزبی دێموكرات كرد

دوای ده‌رگیریی تیمێك له‌ هێزه‌كانی پێشمه‌رگه‌ی كوردستان له‌گه‌ڵ هێزه‌كانی داگیركه‌ری كۆماری ئیسلامیی ئێران پارتی دێموكراتی كوردستان، كۆمه‌ڵه‌. ڕێكخراوی كوردستانیی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و پارتی ئازادیی كوردستان سه‌ره‌خۆشیان له‌ حیزبی دێموكرات كرد.
ناوه‌رۆكی ئه‌م په‌یامانه‌ به‌م چه‌شنه‌یه‌: ئه‌گه‌ر چه‌ك هه‌ڵگرتن بۆ به‌ریگركردن له‌ خاكی كوردستان ئه‌ركێكی پیرۆزی نیشتمانی بێت، ئه‌و شه‌هیدبوونه‌ له‌و ڕێگایه‌دا نه‌مری و سه‌ربه‌رزییه‌.
له‌و په‌یامانه‌دا هاتووه‌ ئێمه‌ هاوخه‌میی خۆمان له‌گه‌ڵ بنه‌ماڵه‌ی ئه‌و شه‌هیدانه‌ ده‌رده‌بڕین.

## دوو پێشمه‌رگه‌ی كوردستان تێكه‌ڵ به‌ كاروانی سورخه‌ڵاتانی نیشتمان بوون

له‌ ئه‌نجامی تێكهه‌ڵچوونێكی نێوان هێزی پێشمه‌رگه‌ی كوردستان و چه‌كداره‌ به‌كرێگیراوه‌كانی ڕێژیمی په‌تۆسێداره‌ دوو پێشمه‌رگه‌ی كوردستان تێكه‌ڵ به‌ كاروانی شه‌هیدانی ڕێگای ئازادی بوون.
له‌م پێوه‌ندییه‌دا ده‌زگای فه‌رماندەیی هێزی پێشمه‌رگه‌ی كوردستان ڕاگه‌یه‌ندراوێكی بڵاو كرده‌وه‌.
ده‌قی ڕاگه‌یه‌ندراوه‌كه‌ به‌م چه‌شنه‌یه‌:
ڕاگه‌یه‌ندراوی ده‌زگای فه‌رمانده‌یی هێزی پێشمه‌رگه‌ی كوردستان
خه‌ڵكی خه‌باتگێڕ و ئازادیخوازی كوردستان
شه‌وی شه‌ممه‌ له‌سه‌ر یه‌كشه‌ممه‌، ڕێكه‌وتی ٨ی جۆزه‌ردانی ١٤٠٠ی هه‌تاوی تیمێك له‌ پێشمه‌رگه‌كانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران له‌سه‌ر جاده‌ی مه‌هاباد ـ پیرانشار نزیك ئاوایی لكبن ده‌كه‌ونه‌ به‌ر هێرشی به‌كرێگیراوانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی و له‌ ئاكامدا دوو پێشمه‌رگه‌ به‌ ناوه‌كانی هادی شێخه‌ خه‌ڵكی په‌سوێ و ئه‌یوب سوڵتانی خه‌ڵكی ئاوایی خورینج سه‌ر به‌ شارستانی پیرانشار به‌داخه‌وه‌ شه‌هید بوون.
سه‌ره‌خۆشی له‌ هاوسه‌نگه‌ران و بنه‌ماڵه‌ی به‌ڕێزیان ده‌كه‌ین.

ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ
**ده‌زگای فه‌رمانده‌یی هێزی پێشمه‌رگه‌ی كوردستان**
**٩ی جۆزه‌ردانی ١٤٠٠ی هه‌تاوی**

## ڕێوڕه‌سمێك بۆ شه‌هیدان «هادی شێخه‌ و ئه‌یووب سوڵتانی» له‌ چیاكانی كوردستان به‌ڕێوه‌ چوو




هێزی پێشمه‌رگه‌ی كوردستان بۆ ڕێزگرتن له‌ قاره‌مانییه‌تی شه‌هید «هادی شێخه‌ و ئه‌یووب سوڵتانی» ڕێوڕه‌سمێكی تایبه‌تیان به‌ڕێوه‌ برد.
ئه‌و ڕێوڕه‌سمه‌ به‌ به‌شداریی به‌رپرسانی نیزامی و سیاسی به‌ڕێوه‌ چوو.
شه‌هید «هادی» له‌ هێزی ١٢٢دا سه‌رلك بووه‌ و توانیبووی به‌ لێوه‌شاوه‌یی خۆی ئه‌و پله‌ سازمانییه‌ به‌ده‌ست بێنێت. له‌ كۆنگره‌ی یه‌كیه‌تیی لاوان وه‌ك ئه‌ندامی ئه‌سڵیی به‌ڕێوه‌به‌ری هه‌ڵبژێردرا.
ڕێكه‌وتی ٨ی جۆزه‌ردان شه‌هیدان هادی شێخه‌ وێڕای ئه‌یووب سوڵتانی له‌سه‌ر جاده‌ی مه‌هاباد ـ پیرانشار نزیك ئاوایی لكبن ده‌كه‌ونه‌ به‌ر هێرشی به‌كرێگیراوانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران و تێكه‌ڵ به‌ كاروانی شه‌هیدان ده‌بن.

## ڕاگه‌یه‌ندراوی ناوه‌ندی هاوكاریی حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران سه‌باره‌ت به‌ گرژی و تێكهه‌ڵچوونه‌كانی ناوچه‌ی «داڵاهۆ»

خه‌ڵكی تێكۆشه‌ر و خۆڕاگری ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان!
له‌ ڕۆژانی ڕابردوودا ناكۆكییه‌ك له‌سه‌ر كێشه‌ی زه‌وی و مافی ده‌ستڕاگه‌یشتن به‌ ئاو بووه‌ته‌ هۆی سه‌رهه‌ڵدانی گرژی و تێكهه‌ڵچوونی خه‌ڵك له‌ ناوچه‌ی «داڵاهۆ» كه‌ به‌داخه‌وه‌ زه‌ره‌ر و زیانی گیانیی لێكه‌وتووه‌ته‌وه‌ و بووه‌ته‌ هۆی دڵنیگه‌رانیی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی كوردستان و ناوچه‌كه‌.
بۆ هه‌موومان ڕوون و ئاشكرایه‌، هۆكاری سه‌ره‌كیی سه‌رهه‌ڵدانی قه‌یرانه‌ سروشتییه‌كان له‌وانه‌ قه‌یرانی ئاو و فه‌وتاندنی دارستان و سه‌رچاوه‌كانی ژینگه‌، ده‌ره‌نجام و لێكه‌وته‌ی ڕاسته‌وخۆی سیاسه‌تی چه‌وت و تێكده‌رانه‌ی ژینگه‌یی و به‌ڕێوه‌به‌ریی ناكارامه‌ی كۆماری ئیسلامییه‌.
له‌م نێوانه‌دا جوغرافیای ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان به‌ به‌راوه‌رد له‌گه‌ڵ شوێنه‌كانی دیكه‌ی ئێران، وه‌كوو ناوچه‌یه‌كی ده‌وڵه‌مه‌ند له‌ بواری ئاو و دارستان و كانگا سروشتییه‌كان هه‌ژمار ده‌كرێت، به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ هاوكات و هاوئاراسته‌ له‌گه‌ڵ هۆكارگه‌لی ئاماژه‌پێدراو، به‌هۆی ڕوانینی ئه‌منییه‌تی، ڕاگواستنی ئامانجداری ئاو، ئاگرتێبه‌ردانی دارستان و له‌وه‌ڕگه‌كان و پشتگوێخستنی به‌رژه‌وه‌ندیی درێژماوه‌ی ناوچه‌كه‌ له‌ بواری ژینگه‌ییه‌وه‌ به‌ دووقات چه‌وسێندراوه‌ته‌وه‌.
كۆماری ئیسلامی له‌مێژه‌ ده‌یهه‌وێ به‌ ده‌ستێوه‌ردان و زه‌قكردنه‌وه‌ی جیاوازیی باوه‌ڕی، ئایینی، ئایینزایی و كه‌ڵكوه‌رگرتنی له‌ پلانی داڕێژراو ئه‌م ڕه‌نگاوڕه‌نگی و جیاوازییه‌ سروشتییانه‌، یه‌كیه‌تی و ته‌بایی نێو ماڵی كورد تێك بدا، كێشه‌ و پرسی نه‌ته‌وه‌یی كورد چه‌واشه‌ بكا و هاوكات وه‌كوو ئامرازێك بۆ دروستكردنی دووبه‌ره‌كی و ئاژاوه‌نانه‌وه‌ له‌نێوان خه‌ڵكدا به‌كاری بێنێت.
ڕێژیم ڕاسته‌وخۆ یان له‌ڕێگای ده‌ستوپه‌یوه‌ندییه‌كانیه‌وه‌ به‌رده‌وام هه‌وڵی داوه‌ به‌ قۆستنه‌وه‌ و قووڵكردنه‌وه‌ی هه‌ر جۆره‌ هه‌ل و ناكۆكییه‌ك، بیانوویه‌كی نوێ بۆ چاندنی تۆوی دووبه‌ره‌كی بدۆزێته‌وه‌ و ئه‌م هۆكاره‌ ساخته‌یه‌ بكات به‌ پاساوێك بۆ له‌شكه‌ركێشی و میلیتاریزه‌كردنی كوردستان و سه‌پاندنی كه‌ش وهه‌وای ئه‌منییه‌تی له‌ ناوچه‌كه‌.
خه‌ڵكی وشیاری كوردستان!
هه‌زاران ساڵه‌ خه‌ڵكی كورد به‌ هه‌موو جۆره‌ جیاوازییه‌كی بیر و باوه‌ڕ و ئایینییه‌وه‌، به‌ دوور له‌ توندئاژۆیی و له‌ ئاشتی و ئاشته‌واییدا ژیاوه‌ و كوردستان هێمای پێكه‌وه‌ ژیان و پێكه‌وه‌بوونی ڕه‌نگ و ده‌نگه‌ جیاوازه‌كان بووه‌.
ئێمه‌ وه‌كوو ناوه‌ندی هاوكاریی حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران وێڕای ده‌ربڕینی نیگه‌رانیی خۆمان له‌ قووڵبوونه‌وه‌ی كێشه‌كان و سه‌ره‌خۆشی له‌ قوربانییانی ئه‌م تێكهه‌ڵچوونانه‌، له‌و باوه‌ڕه‌داین خه‌ڵكی كوردستان بۆ پێكه‌وه‌ ژیانی شارستانییانه‌ و پاراستنی ئه‌منییه‌ت و ئاسایشی خۆی پێویستیی به‌ هێزی ئه‌منی و نیزامیی هاورده‌ی ڕێژیم نییه‌ و هه‌ر به‌م بۆنه‌یه‌وه‌ داوا له‌ خه‌ڵك و كه‌سایه‌تییه‌ خاوه‌ن پێگه‌ی مه‌ده‌نی و ئایینییه‌كانی ناوچه‌ی داڵاهۆ ده‌كه‌ین هه‌رچی زووتر چاره‌سه‌رێكی مه‌ده‌نییانه‌ و ئاشتیخوازانه‌ بدۆزنه‌وه‌ و له‌پێناو گه‌ڕانه‌وه‌ی ئاسایش و ئه‌هوه‌نی بۆ ناوچه‌كه‌ كۆتایی به‌م گرژییانه‌ بێنن. درێژه‌دان به‌م كێشه‌ و ئاڵۆزییانه‌ ته‌نیا له‌ به‌رژه‌وه‌ندیی دوژمنانی گه‌ل و نیشتماندایه‌ و ده‌ستی ڕێژیم و نه‌یاران بۆ پیلان و ده‌ستێوه‌ردانی زیاتر و كاری تێكده‌رانه‌ ئاوه‌ڵا ده‌كات.

**ناوه‌ندی هاوكاریی حیزبه‌كانی كوردستانی ئێران**
**١٣ی جۆزه‌ردانی ١٤٠٠ی هه‌تاوی**
**٣ی ژوئه‌نی ٢٠٢١ی زایینی**

# هەیئەتێکی کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەردانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٦ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی هەیئەتێکی کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە سەرپەرستی « سەید برایم عەلیزادە» دەبیری ئەوەڵی کۆمەڵە سەردانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دیمۆکرات بە سەرپەرستی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتی حیزبەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا. سەرەتا بەرێز هیجری وێڕای بەخێر هاتنی وەفدی میوان، باسێکی لەسەر باردۆخی ئەورۆی ئێران و کوردستان و ناوچەکە کرد و پێویستی یەکگوتاری و یەکریزی لایەنەکانی بەتایبەت لە ئاستی کوردستانی ئێران بە ئەرکێکی هەنوکەیی و زەروری زانی و ڕایگەیاند لەم قۆناغە لە خەبات و تێکۆشانمان ، بە وەلانانی جیاوازییەکان ، خاڵە هاوبەشەکانمان زیاتر بکەین بۆ ئەوەی بە هێز و قورسایی زیاترەوە لە ئەگەری گۆڕینی هەر هاوکێشەیەکی بە مافە نەتەوەیەکانمان بگەین. پاشان بەرێز عەلیزادە ، وێڕای سپاس لە پێشوازی گەرمی وەفدی حیزب، سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیست ئێران و کۆمەڵەی سەبارەت بە پرسە پەیوەندیدارەکان بە ئێران و کوردستان و دەوری ئاژاوەگێرانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە شی کردەوە و بەریزیشیان جەختی لە یەکگوتاری و یەکریزی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامی کردەوە. لە کۆتاییدا وێڕای باس لەسەر چۆنیەتی کاری هاوبەش لە ئاستی ئێران و کوردستان هەردوو لایەن پێداگرییان لەسەر بەهێزتر کردنی پەیوەندییەکانیان کردەوە.

# پەیامی هاوژینی شەهید «سمکۆ مەحمەڵ» ڕوو لە خەڵکی کوردستان



خەڵکی خۆشەویست و ئەمەگناسی کوردستانی ڕۆژهەڵات!
هاوسەنگەرانی شەهید سمکۆ!
زیندانییانی سیاسی و سەرجەم بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!
لە مەتەرێزی شەرەف و بەرگریی لە نیشتمان و نەتەوە مافخوراوەکەمەوە، وەکوو هاوسەری شەهید سمکۆ و دایکی دوو جگەرگۆشەی شەهید (پێشەوا و ڕێباز) و هەروەها بنەماڵەی هاوسەری شەهیدم، سپاستان دەکەم، لە بەر ئەوەی لەم کاتە دڵهەژێنەدا بە پەیامی هاوخەمییەکانتان بەشێک لە قورسایی ئەو خەمە گەورەتان لەسەر شانم کەم کردەوە.

دڵنیاتان دەکەمەوە کە پتەوتر لە جاران درێژەدەری ڕێبازی هاوسەری شەهیدم سمکۆ مەحمەڵ دەبم و دیسان پەیمان نوێ دەکەمەوە کە هەتا سەر بە ڕێگا و ڕێبازەکەی وەفادار بمێنمەوە و هەتا وەدیهاتنی ئامانج و خەونی شەهیدانی کوردستان لە هەر چەشنە فیداکاری و لەخۆبوردووییەک خۆم نەبوێرم.

هەر وەک چۆن شەهید سمکۆ بە یادی پێشەوای کوردان و ڕێبازە ڕاستەقینە و بێگەردەکەی بانگی کوردانەی بە گوێی دوو ڕۆڵەمان دا، منیش بەڵێن دەدەم کە لە پەروەردەکردن و بەخێوکردنی کوردانە و پێشەوائاسایان هیچ کەمتەرخەمییەک نەکەم و بۆ گەیاندن بە قۆناغێک کە بۆ نیشتمان و نەتەوەکەیان وەکوو باوکیان دڵسۆز و بەسوود بن هەرچی لە دەسەڵاتمدا بێت، بیکەم و قەت ڕێگا بە ماندوویەتی و بێهیوایی نەدەم کە لەم ڕێگا و ڕێبازە پیرۆزە پاشگەز ببمەوە.

لە کۆتاییدا سڵاو لە کوردستان دەکەم، کە جێگای لەدایکبوونی هەزاران ڕۆڵەی شێرئاسا و چاونەترسی وەکوو سمکۆیە! سڵاو لە ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتی و حیزبی دیمۆکرات دەکەم کە فێری کردم لە کاتی تەنگانە و ناخۆشیدا زیاتر خۆشەویستی نیشتمان لە دڵم گەشە بکات!

سڵاو لە سەرجەم زیندانییانی خۆڕاگری سیاسی و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کورد و کوردستان دەکەم و ئاواتم وەدیهاتنی ئامانجی پیرۆزییانە!

# شاندێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە ٤٦ـەمین ساڵیادی دامەزرانی «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان»ـدا کرد

ڕۆژی سێشەممە، ١١ی جۆزەردان شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «محەممەدنەزیف قادری» جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکان سەردانی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان» لە کۆیەی کرد. هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەلایەن وەفدێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرپرسی مەڵبەندەوە پێشوازیان لێکرا. شاندی حیزبی دێموکرات پیرۆزبایی ٤٦ـەمین ساڵیادی دامەزرانی «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان»ی لە «ئەبوو زەید» و سەرجەم ستافی مەڵبەند کرد و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات خواستن. لەو دیدارەدا جەخت لەسەر بەهێزترکردنی پەیوەندیی دۆستانەی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانی کرایەوە. لە بەرانبەردا «ئەبوو زەید» سپاس و پێزانینی «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی» بۆ وەفدی حیزب و پێوەندیی لەمێژینەی هەر دوو لایەنی بەرز نرخاند. لە دیدارەکەدا چەپکەگوڵی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات لەلایەن «محەممەدنەزیف قادری» پێشکەش بە «ئەبوو زەید» کرا.

# دەستەی بەڕێوەبەریی کاری حیزب لە جێژنیکان سەردانی کۆمیتەی «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان»ـیان لە ناحیەی بەحرکە کرد

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٣ی جۆزەردان، دەستەی بەڕێوەبەریی کاری حیزب لە جێژنیکان سەردانی کۆمیتەی «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان»یان لە ناحیەی بەحرکە کرد.

لەو دیدارەدا کە بە سەرپەرەستیی مەلا «عەلی سێڵاو» وەک بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی حیزب ئەنجام درا لەلایەن بەرپرسی کۆمیتەی «یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان» بە گەرمی پیشوازییان لێ کرا.

پاش پیرۆزبایی بەبۆنەی ساڵوەگەڕی دامەزرانی «یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان» لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری، کۆمەڵێک باس و بابەتی پەیوەندیدار بە مێژووی خەباتی هەر دووک حیزبی دۆست؛ باسێک لەمەڕ کێشەکانی کورد بە گشتی و باشوور و ڕۆژهەڵات هاتە ئاراوە.

هەروەها مەلا «عەلی سێڵاو» لەو چاوپێکەوتنەدا پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی لە داخوازییەکانی کورد بە گشتی و پارتە سیاسییەکانی باشووری دووپات کردەوە و پێناسەیەکی لەسەر سیاسەتە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات هێنایە بەر باس.

هەروەها پێداگری لە پەیوەندییە دێرینەکانی «یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان» و حیزبی دێموکرات کردەوە و کۆمەڵێک بابەتیشی لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایانەی ئێران و کوردستان و مەسەلەی هەڵبژاردن کرد.

# دۆستان و هاوشارییانی شەهید «سمکۆ مەحمەڵ» لە پەیامێکدا داوا لە خەڵک دەکەن هەڵبژاردنەکان بایکۆت بکەن

بەشێکی زۆر لە لاوان، دۆستان و دانیشتووانی شاری گۆێکتەپەی مەهاباد سەرەڕای جەختکردنەوە لەسەر درێژەدانی ڕێبازی شەهیدان، داوا لە خەڵک دەکەن لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئێران بەشداری نەکەن و داوایان کردووە ئەو کەسانە کە خۆیان بەربژێر کردووە بگەڕێنەوە نێو ڕیزی خەڵک.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

ئێمە وەکوو زۆرینەی لاوان و دۆستان و دانیشتووانی شاری گۆێکتەپەی مەهاباد، بە تێکڕایی، هاوخەمیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و بە تایبەتی خوشکی ئازیزمان «سیمین» خانم دەکەین و ڕادەگەێنین کە هەتا ڕووناکایی ڕۆژ هەبێت ئێمە ئەو شەهیدە لە یاد ناکەین و درێژەدەری ڕێگای شەهیدانین. بۆ ئەوەیکە دەنگی خۆمان ڕابگەێنین، لە شانۆی هەڵبژاردندا بە هیچ شێوەیەک بەشداری ناکەین و داوا لە گشت خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین کە ئەم هەڵبژاردنە نادێموکراتیکەی ڕێژیمی ئاپارتایدی ئاخوندی بایکۆت بکەن، چوونکە بە ڕاستی هەر دەنگ و ڕایەک کە بدرێت، خیانەتە بە خوێنی شەهیدان و کورد و کوردستان. هەروەها لەو کەسانەی کە خۆیان کاندیدا کردووە بۆ شورای ئەم شارە، داوا دەکەین هەر چی زووتر بگەڕێنەوە نێو ڕیزی خەڵک و نەبنە بەکرێگیراوی ڕێژیم، چۆن خەڵکی کوردستان مێژوویان لەبیر ناچێت. خەڵکی شاری گۆێکتەپەی شاروێران، شاری شەهیدان سمکۆ، قەرەنی، ڕەشید و...

# پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان»

بەڕێز: مەکتەبی پێوەندییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

سڵاوێکی گەرم و برایانە

بە ناوی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی ٤٦ـەمین ساڵیادی یەکیەتییە تێکۆشەرەکەتان لە سەرکردایەتی و سەرجەم کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و جەماوەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین و سڵاویش دەنێرین بۆ گیانی پاکی دامەزرێنەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بەتایبەت سەرۆک «مام جەلال تاڵەبانی»ی نەمر. هیواداریین بەردەوامبوون لە خەبات و تێکۆشان و درێژەدان بە ڕێبازی پیرۆزی شەهیدانی ڕێبەر، بتوانن وەدیهێنەری هەموو ئامانجەکانی گەلی کورد بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان هەتا ئێستا پێوەندییەکی دۆستانە و هاوکارییەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی بووە، لەم بۆنە پیرۆزەدا جارێکی دیکە لەسەر پێوەندییە سیاسی و نەتەوەییەکانمان جەخت دەکاتەوە. بەرز و پیرۆز بێ ٤٦ـەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**
**محەممەدنەزیف قادری**
**٣١ی مەی ٢٠٢١ی زایینی**

## چالاکیی تەبلیغی

لە کوردستان، بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان، بەتایبەت شەهید «لوقمان مێهفەر» لەلایەن پێشمەرگەکانی شاری «پیرانشار» سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرا و چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە برد. ئەو چالاکییە بە دروشمی «ئارام بنوو وانەبێژی ڕاسان و یادگاری حەماسەکانی کێلەشین و ڕاسان « کە لە سەر پلاکارتێک نووسرابوو؛ بەڕێوە چوو. هەروەها لە کاتی بەڕێوەبردنی نوێژی هەینی، لە مزگەوتی «جامیعە»ی شارۆچکەی «پەسوێ» سەر بە شاری «پیرانشار» بە مەبەستی سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک ئەو چالاکییە بەڕێوە چووە. تێکۆشەرانی دێموکرات سەردانی گڵکۆی شەهید «ڕەسووڵ مەنافـ»ـیان کردووە.

لەلایەکی ترەوە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١ی جۆزەردان ئەندامانی حیزب لە گوندی کارخانەی قەند و سێ ڕێیانی گوندی شنۆزەنگ و دربکە بە هەڵواسینی بەنێری شەهید لوقمان مێهفەر پەیمانی وەفاداریان بە ڕێبازی ناوبراو و سەرجەم شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە. هاوکات ڕێبوارانی دێموکرات لە شیناوێ، نێو شاری پیرانشار چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە. لە درێژەی چالاکییەکاندا لە دەروازە شاری پیرانشار واتە فەلەکەی قورئان، لەسەر دیواری ئیدارەی سەرچاوە سروشتییەکان بە هەڵواسینی گەورە بنێرێکی شەهید لوقمان مێهفەر پەیمانی وەفاداریان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدی نەمر کاک لوقمان و سەرجەم شەهیدانی حیزب و گەل نوێ کردەوە.



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١ی جۆزەردان، تێکۆشەرانی دێموکرات لە پیرانشار پەیمانی وەفاداربوون بەڕێبازی پڕ لە سەروەری شەهیدانی حیزبەکەمان بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوەبرد. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «گوندەکانی ڕیکاوێ، گردەشەوان، بەرکەمران، خرێ بەرداشان، گەنەدار، کەندە قوڵان، دربکە و کارخانە قەند.» ڕێکەوتی ٤ی جۆزەردان، لەڕێگای گوندی «زگدڕاو» لەلایەن ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری سەقز چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو. لەو چالاکییەدا تێکۆشەرانی دێموکرات بەڵێنیان لەگەڵ شەهیدان نوێ کردووەتەوە و ڕایانگەیاندووە: «لە شوێنی شەهیدبوونتان پەیمان نوێ دەکەینەوە لەگەڵتان تا سەرکەوتن وەفادارین بە خوێنتان، بە ڕێبازتان». پێشمەرگەکانی شار لە شارەکانی شنۆ و پیرانشار بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە. تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکییەدا بە هەڵدانی ئاڵای کوردستان و نووسینی دروشمی تایبەت وەک: «دەنگی تۆ دەنگدانە بە کوردکوژی، دەنگدان خیانەتە بە خوێنی شەهیدان، دەنگ نادەم بە داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەنگ نادەم بە ڕێژیمی پەت و سێدارە» بەڵێنییان داوە کە ئەوان درێژەدەری ڕێبازی شەهیدانن. لەلایەکی دیکەوە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە پیرانشار بە نەخشاندنی ئاڵای کوردستان لە تاشەبەردەکان و نووسینی دروشم پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردووەتەوە. بەدوای شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی کوردستان، شەهیدان «هادی شێخە و ئەیووب سوڵتانی» ڕۆڵەکانی «نییەر» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە. ئەو چالاکییانە بە هەڵدانی ئاڵای کوردستان لە بەردەم پایەگای نییەر و بە دروشمی «پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شێوەن و گرین و نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا دەژین» بەڕێوە چوونە. بەڕێوەچوونی ئەم چالاکییانە لە کاتێکدا بوون کە بە دەیان و سەدان کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات و پێشمەرگەکانی شار سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە بە ناردنی پەیامی نووسراوە و دەنگی و تەسویری پەیامی سەرەخۆشی خۆیان ئاراستەی حیزبی دێموکرات، هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شەهیدانی نوێی حیزب و بنەماڵە سەرفرازەکانیان کرد و پەیمانی وەفاداری تاسەریان پێ دان.

# ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات لەمەڕ ئاڵۆزییەکانی ناوچەی دالاهۆ

کۆمەڵانی خەباتگێری خەڵکی کوردستان

بە داخەوە ئەمڕۆ لە دالاهۆ لەسەر کێشەی زەوی و زار لە نێوان عەشیرەتەکانی قەڵغانی و کویک شەڕ و تێکهەڵچوون ڕووی داوە، کە لە ئاکامدا بە داخەوە کوژراو و بریندار لێ کەوتووەتەوە.

خەڵکی تێکۆشەری ئەو ناوچەیە لە دێرزەمانەوە پێکەوە ژیاون و بە سەدان تێکۆشەریان لە ڕیزی خەباتگێرانی حیزبی دێموکراتدا بووە و هەیە و ژمارەیەکی بەرچاویشیان تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەیان بوون. وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی داواتان لێ دەکەین لە ڕاستای هێورکردنەوەی دۆخەکە هەنگاوی بەکردەوە بۆ چارەسەریی بناخەیی ئەو کێشەیە هەڵگرن و هەموو هەوڵی خۆتان بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە نەخوازراوە کە دڵی دوژمنانی گەل و نەتەوەکەمان خۆش دەکا بدەن. کێشە و گرفتی نێوان ئێوە تەنیا لە بەرژەوەندیی دوژمنی ڕاستەقینەمان کۆماری ئیسلامیی ئێران دایە و زۆریش ئارەزوو دەکا کە ئەو ئاژاوەیە گەورەتر بکاتەوە و نەهێڵێ بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە بژین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**١١ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

## درێژەی پەیڤ

دەیەوێ سیناریۆی هەڵبژاردن بەڕێوە ببا، ڕێك بەو مانایە کە دەڵێ، ڕۆژانە و بە خولەك و چرکە ستەمتان لێ دەکەم و کەرامەتی مرۆییتان پێشێل دەکەم و لە هەمان کاتیشدا دەمەوێ لە سەر سندووقە درۆیینەکانی دەنگدان ئامادە بن!

لە وەها سیستمێکدا کە مرۆڤ لەلای ئەو تەنیا و تەنیا بۆ پڕکردنەوەی سالۆنی شانۆکەیە و هەموویان وەکوو بوونەوەری بێ ئاوەز دەبینێ کە وەلیی فەقیە دەبێ بڕیاریان بۆ بدا و ڕێی پێشکەوتنیان لێ بگرێ، بەشداریکردن لە شانۆگەرییەکانیدا یارمەتیدەری بەردەوامیی هەموو دڕندەیی و تاوانبارییەکانی دەبێ.

دەنگ و دەنگدان، ناسێنەری هەڵوێست و ناخی مرۆڤەکانە و لە ڕاستیدا دەنگ، جەوهەری کەرامەتی مرۆڤە کە دەیخاتە نێو گیرفانی ستەمکار و دیکتاتۆرەکانەوە یان نە؟ کوردستان دەیان ساڵە بەم ڕێژیمەی وتووە ``نا`` و لەم شانۆگەرییەشدا پێکەوە دەڵێین کەرامەتی نەتەوەیی و مرۆییمان زۆر بەرزترە لەوەی سیستمی ویلایەتی فەقیهی دەستی بە باڵای بگا و کوردستان دەنگ نادا.

# شەهید «لوقمان مێهفەر»؛ سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی دێموکرات

ئەلبورز ڕۆئینتەن

بەشی یەکەم

ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا کە باسی ژیانی لە شۆڕشدا دەکات، دەڵێ: «یەکێک لە گیروگرفتەکانی ژیانی من مەسەلەی شەهیدبوونی هاوڕێیانی نزیکمە».

بە لەدەستچوونی کاک «لوقمان مێهفەر» لە ناخی دڵەوە هەستمان بەو گرفتە کرد. لەدەستدانی کەسایەتییەکانی نێو شۆڕش کە لە نزیکەوە دەیانناسی کۆستێکی گرانە و خەمێکی قوڵ بە دوای خۆیدا دێنێ.

ئەو خەمە ئەگەر لە سەرەتادا وەک هەستێکی سۆزداری مرۆڤانە بۆ هەموو هاوسەنگەران دروست بێت، ئەوا بە وردبوونەوە لە ئەزموونی خەبات و ڕۆڵی بەهاداری شەهید «لوقمان» لە ڕابردوودا، هەروەها پێویستیی ئەو سەرمایە مرۆڤییە بۆ بەردەوامی خەبات و ڕۆڵگێڕانی کارا و گرینگ لە ئێستا و داهاتوودا، ئەو خەمە دوو ئەوەندە زیاد دەکات. چوونکە دەبینین بەو کۆستە شۆڕش و جووڵانەوەکەمان زیاتر لە نزیکان و هاوسەنگەران و هاوڕێیانی شەهید «لوقمان»، کۆستی دەکەوێ و شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی دێموکرات لە دەست دەدات.

بەو پێیەی شۆڕش بەرهەمی فیداکاری ئەو شۆڕشگێڕانەیە کە بە کردەوە ئامادەی فیداکردنی گیانیانن، شۆڕش بەرهەمی خۆپێگەیاندنی ئەو شۆڕشگێڕانەیە کە بە سەدان و هەزاران لاو بۆ شۆڕش پێدەگەیەنن و دەبنە سەرچاوەی ئیلهامی کوڕان و کچانی نیشتمان هەتا ڕێبازی شەهیدان بەردەوام بکەن، ئەو ڕاستییە زیاتر بۆ ئێمە ڕوون بوویەوە کاتێک کە دیتمان خەمی لەدەستدانی شەهید «لوقمان» بووە خەمی نیشتماندۆستان و خەباتکاران و هۆگرانی ئازادی نەتەوەی کورد لە سەرتاسەری کوردستان.

لە هەمووی ئەستەمتر بۆ ئێمەمانان نووسین و وردبوونەوە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی شەهیدەکانە، بە تایبەتی ئەو شەهیدانە کە لە نزیکەوە شایەدی قارەمانی و زانایی و لێهاتوویيان بووین وەک شەهید «لوقمان». دەبێ ڕستە و وشەکان هەڵگری چ مانایەکی قوڵ و بەرفراوان بن، تا بتوانن بە باشی کەسایەتی شەهید لوقمان وێنا بکەن؟ گواستنەوەی ڕاستییەکانی ژیانی شۆڕشگێڕێک کە هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە تا دواوێستگەی ژیانی کە بە سەدان ڕووداوی جۆراوجۆردا تێپەڕ بووە و سەدان داستانی قارەمانێتی و بە سەدان چیرۆکی دراماتیک و دونیایەک بیرەوەری پەیوەندیدار بە بەرخودانی نەتەوەیی لەخۆدەگرێت ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەگەر بمانهەوێ لە چوارچێوەی وتارێکدا کورتی بکەینەوە. بە هەستکردن بە ئەرکی سەر شانمان لە بەرانبەر ڕۆحی پاکی شەهیدان پێویستە ڕۆڵ و خەسڵەتە بەرزەکانی شەهیدەکان بە هاوڕێبازانی ئێستامان و نەوەی داهاتوو بگەیەنین. هەر وەک شەهید «لوقمان» بۆ خۆی لە وتارێکیدا کە لەسەر مامۆستا و ڕێبەری نەمر دوکتور «قاسملوو»دا دەڵێ:

«پێشەکی دەمهەوێ بڵێم کە بۆ یاد لە شەهیدانمان دەکەینەوە؟ فەلسەفەی یادکردنەوە یان ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان چییە؟ مەگەر ئەوە نییە لەو ساتەدا کە بەپێوە دەوەستین بیر لە ئامانج و خەسڵەتە بەرزەکانی شەهیدان دەکەینەوە؟ لە سی ساڵەی شەهیدکرانی ڕێبەری نەمرمان دوکتور «قاسملوو»ی بیرمەنددا ئەوەی دەبێ سەرنجی بدەینێ و لێی فێربین هەمان ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەن کە ئەگەر بیانکەینە سەرمەشقی ژیان و تێکۆشانمان ئەوا هەم لە ئاسۆی گەیشتن بە سەرکەوتنی خەبات نزیکتر دەبینەوە و هەمیش ڕۆحی شەهیدان شاد دەکەین و ناو و یادیشیان زیندوو ڕادەگرین.»

بۆ باسکردن لەسەر کەسایەتی شەهید «لوقمان» دەبێ زۆر بە جیدی ئاوڕ لە چەندین ڕەهەندی کەسایەتی ئەو بدەینەوە، چوونکە ئەو توانیبووی چەندین لایەنی گرینگ کە بۆ شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی و دێموکرات پێویستن، لە یەک کاتدا لە کەسایەتی خۆیدا بەرجەستە بکات. ڕوونتر دەتوانین بڵێین هەم پێشمەرگە و فەرماندە، هەم سیاسەتوان و نیشتمانپەروەر، هەم تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی، هەم ئەدەبدۆست و نووسەر، هەم مافپەروەر و یاساناس، هەم دادپەروەر و یەکسانیخواز بوو.

بە گوێرەی زانستی دەروونیشکاری کەسایەتی مرۆڤەکان لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵیدا لەژێر شوێندانەری ئەو ژینگەیەی کە تێیدا گەورە بوونە دروست دەبێت. هەر بۆیەش بۆ باسکردن لە لایەنەکانی کەسایەتی شەهید «لوقمان» دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو ژینگەی کە تێیدا گەورە بووە، هەروەها کاریگەری کەسایەتییەکان. کە باس لە کەسایەتیەکان دەکرێت ڕۆڵی مام «خورشید عەبدولڕەحمان هەرکی»ی باوکی بەرچاو و کاریگەر بووە. مام «خورشید» وەک پێشمەرگە و دواتریش وەک فەرماندەی دەستەیەک پێشمەرگە لە ناوچەی دەشتەبێڵەوە، بەشداری لە «کۆماری دێموکراتیکی کوردستان»دا کردووە و تا ماڵاوایی یەکجاری وێڕای وەفاداری بە ڕێبازی «پێشەوا قازی محەممەد» و «کۆماری کوردستان»، وەک کەسایەتییەکی بڕواپێکراو و خۆشناو و نیشتمانپەروەری ناوچەی دەشتەبێڵ و شاری شنۆ مایەوە. شەهید «لوقمان» هەر لە سەرەتای ژیانی چ لە بواری خۆپێگەیاندن و چ لە هەڵبژاردنی مەکتەبی دێموکراتدا، زۆر بە ڕوونی شوێندانەری باوکی بەسەرەوە دیارە، لەو چەند دێڕەی شەهید «لوقمان» دەردەکەوێ کە ئاماژە بە بەڵێنێک دەکات کە بە باوکی داوە:

«کە بووم بە پێشمەرگە بەڵێنم پێدا، کە تا سەر ڕێگاکەی بەرنەدەم، وەسیەتم کردووە ئەگەر بەر لە ڕزگاری کوردستان سەرم نایەوە لە هەر شوێنێ بێ بە ئەمانەت بمنێژن، دوای سەرکەوتن و ڕزگاری نیشتمان لە پەنای ئەو بە خاکم بسپێرن. تا ئەوکات پێی بڵێم ئەو بەڵێنەی کە پێمدابووی بەجێم هێناوە، نیگەران مەبە».

لەو وتەیەی شەهید «لوقمان» هاوپێوەندییەکی فیکری نێوان خۆی و باوکی دەبینرێ کە ئەویش باوەڕمەندی هەردووکیانە بە پرسی نەتەوەیی و خۆڕێکخستن و تێکۆشان لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا. لەو پێناوەشدا تا سەر بەو بەڵێنەی خۆی وەفادار مایەوە و توانی تا دوایین چرکەی ژیانی لە ڕێبازی دێموکراتدا خزمەت بە نەتەوە و نیشتمانەکەی بکات.

فاکتەرێکی دیکەی کاریگەر لەسەر ژیانی شەهید «لوقمان» ئەو کاتە دەردەکەوێ کە بۆ درێژەپێدان بە خوێندن ناچار دەبێت بڕواتە سۆفیان و لەوێ لەژێر پەروەردەی پوور و خاڵەکانی کە تێکەڵاو بە شۆڕشی کورد لە باشوری کوردستان ببوون، بیری نەتەوەیی زیاتر گەشە بکات. لەو سەردەمەدا پرسیارێک دەیخاتە نێو دەریای بیرکردنەوە و تێفکرینەوە. بیرکردنەوە لەو ژینگەیەی کە چۆن دەبێ قوتابخانە لەنێو پادگانێکی سەربازیدا بێت و بۆ دەبێ هاوڵاتی ئێمە کە هەموو کوردن نەتوانن لەو قوتابخانەیە بەشدار بن و هاوکات لەجیاتی ئەوان پڕ بێ لە منداڵی فارس و تورک. ئەو تێفکرینە وای لێکردبوو کە دیوە شاراوەکەی ئەو نادادپەروەرییە بدۆزێتەوە و لە دەرفەت کەڵک وەربگرێ و هەستی بەرهەڵستی خۆی بەشێوەی گونجاو دەرببڕێ.

ئەو لە گەیشتن بە زانیاری زیاتر و فێربوونی بەمەبەست، لەسەر باوەڕبەخۆبوون و توانایيەکانی خۆی حیسابی دەکرد و هەردەم لە کێبەرکێدا بوو لەگەڵ منداڵانی پلەدارە سەربازی و ئەفسەرەکاندا. هەوڵی دەدا پێیان بسەلمێنێ کە منداڵانی کورد بە هەمان ئەندازەی ئازایی و جوامێری باب و باپیرانیان، ژیر و لێهاتووشن. ئەو کێبەرکێیە توانیبووی کە شەهید «لوقمان» بکاتە قوتابییەکی سەرکەوتوو و باوەڕبەخۆ. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و تێکەڵبوونی کاک «لوقمان» بە شۆڕشەوە نەبا، بێگومان دەیتوانی لە زانکۆ ئاستە بەرزەکانی ئێراندا درێژە بە خوێندنی خۆی بدات. شەهید «لوقمان» بواری بۆ نەڕەخسا بڕواتە زانکۆ، بەڵام توانی شۆڕش وەک زانکۆیەک ببینێ و خۆی لەو زانکۆیەدا بۆ ئەرکی قورس پەروەردە بکات.

بەر لەوەی «لوقمان مێهفەر» وەک شۆڕشگێڕێک دەربکەوێ، وەک مرۆڤێکی خاوەن پرەنسیپ و بە ئەخلاق، ڕاستگۆ و خاوەن بەڵێن، وەک فێرخواز و ڕێزدار لەنێو کۆڕی هاوڕێیان و دەوروبەرەکەیدا بووە جێگەی سەرنج و متمانە. ئەو توانیبووی بناغەی کەسایەتی خۆی لەسەر بنەماگەلێکی ڕەوشتتەوەرانە هەڵچنێ کە هەم لە بواری کۆمەڵایەتی و هەم لە بواری سیاسییەوە بۆ شۆڕشگێڕێک پێویستن. لە ڕوانگەی کاک «لوقمان»ـەوە ئەو پێوەر و بنەمایانە وەک بەهاگەلی بنچینەیی و لازم بۆ دروستبوون و گەشەی کەسایەتی شۆڕشگێڕ و کارتێکەرییەکەی لەسەر شۆڕش و جووڵانەوە، هەژمار دەکران.

شێوەی تێفکرینی کاک «لوقمان» بۆ چەمکی شۆڕشگێڕ لێکدانەوەیەکی ڕێئالیستییانەی هەبوو و گرێدراوی فاکتەری کات و شوێن و تەنانەت هەڵێنجراوی هەلومەرجی ناوچە و جیهانیش بوو.

ئەو لەبەرانبەر ستەم و زۆرداری ڕێژیمی پاشایەتی زاڵ بەسەر ئێران و کوردستاندا، هەستە نەتەوەییەکەی لە ڕوانگەی مرۆڤتەوەری و ئازادیخوازییەوە چڕ دەکات و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دەرفەتی ئەو خەباتە ڕاستەقینەیەی خۆی دژ بە داگیرکەر و ڕێژیمی چەوسێنەر و دیکتاتۆردا دەبینێت و لەوێوە تا دواهەناسە بە دژی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەرەڕۆیی پاوانخوازانی دەسەڵاتی سیاسی داگیرکەر شۆڕشگێڕبوون ئاوێتەی کەسایەتی خۆی دەکات و بەو پێناسە کە لە شۆڕشگێڕ هەیبوو، توانی ببێ بە وانەبێژ و مامۆستای زۆر لە شۆڕشگێڕانی ڕەوتی خەباتی گەلەکەمان بەتایبەتی لە چل ساڵی ڕابردوودا.

شەهید «لوقمان» چەندە لە بواری فیکری و پەروەردەییەوە لەسەر شۆڕشگێڕی و شۆڕش بیری دەکردەوە، بەو ئەندازەیەش لە بواری جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنەوە هەنگاوی کردەیی ژیرانە و قورسی دەهاویشت کە دواجار دەیان ساڵ ئەزموونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کردی بە ڕێبەرێکی بەمشور و بەرپرسێکی وردبین. ئەو لە بەرپرسیارێتی جیاوازدا، لە سەرکەوتنی دووبارەدا هەرگیز لە خۆپێگەیاندن و فێرخوازیدا دووری نەگرت بەڵکوو لە هەر دەرفەتێکدا هەوڵی بەدەستهێنانی زانستی دەدا و زانستەکەشی دەخستەوە خزمەتی بەڕێوەبردنی ئەرکە نەتەوەیی و حیزبییەکانی.

ئەو داهاتووبینانە ئەرکەکانی بەڕێوەدەبرد و بە بەرنامە و پلانی بیرلێکراو و ڕاوێژ لەسەرکراوەوە جێبەجێی دەکردن، هەر ئەوەش ڕازی سەرکەوتنەکانی ئەو ڕێبەرە بەڕێوەبەر و بەرپرسە جێبەجێکارە بوو لە ئەرکەکانیدا.

شەهید «لوقمان» پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە هەبوو. ئەو زۆر بە قوڵی لە واتای «ڕێکخستن» گەیشتبوو.

بە پشتبەستن بە یەکێک لە تێئۆرییەکانی ڕێبەری گەورەی گەلەکەمان کە دەڵێت: «ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە» لە کردەوەدا هەوڵی جێبەجێکردنی دەدا و بەو شێوەیە وێڕای بەجەماوەریکردنی شۆڕش توانیبووی تۆڕێکی بەرفراوان لە نیشتماندۆستان ئۆرگانیزە بکات تا تواناییەکانیان لەڕاستای چالاکی حیزبی بە باشترین شێوە لە پێناو بەردەوامی خەباتی نەتەوایەتییمان، بخاتە گەڕ.

لەو ماوەیەدا دیتمان هاودەردی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانمان دیت کە بەشێکی بۆ ئەو پێگە جەماوەری و کۆمەڵایەتییەی شەهید «لوقمان» دەگەڕێتەوە.

وەک بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەتوانم باس لە ڕووداوێک بکەم کە لە کاتی شەهیدبوونی شەهید «لوقمان» شاهیدی بووین:

«لە یەکێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەندامێکی نێوخۆی وڵات کە لەگەڵ شەهید «لوقمان» لە پەیوەندیدا بوو، تەنیا سێ ڕۆژ بەر لە کۆچی دوایی کاک «لوقمان» کۆچی دوایی کردبوو، یەکێک لە هاوڕێیەکانی ئێمە کە بۆ دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی ئەو ئەندامە پەیوەندیی دەگرن ڕووبەڕووی تابلۆیەکی جیاواز دەبنەوە. بنەماڵەی ئەو ئەندامە لە وەڵامی هاوخەمییەکەدا دەڵێ: زۆرم پێ خۆش بوو کە خوالێخۆشبوو مەرگی شەهید «لوقمان»ـی نەدیت چوونکە ئەگەر بیدیتبا ئەوا بۆ ئەو زۆر ناخۆش و قورس و گران دەبوو، ئێمە کە لێرە سەرەخۆشی خۆمان هەبوو هیچکامەمان، نە ئێمە کە خاوەن سەرەخۆشی بووین نە ئەوانەی بۆ سەرەخۆشی ئێمە دەهاتن مردووی خۆمانمان لەبەر شەهید «لوقمان» لەبیرنەبوو. ئەو خەمە گرانە بە ماڵێک و شارێک و حیزبێک هەڵناگیرێ بەڵکوو خەمی هەموو کوردستانە».


بە هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو ڕووداوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕابردوو و ئەزموونی پڕ لەسەروەری کاک «لوقمان» کۆشکێکی پڕ لە خۆشەویستی و متمانە و پاکی لەنێو دڵی ئەو خەڵکەدا دروستکردووە و هەر ئەوەش وای کردووە کە بتوانێ بەسەر هەلومەرجی نالەبار و مەوداگرتنی نادڵخوازی پێشمەرگە و خەڵک لە قۆناغێکی خەباتدا و چەندین ئاستەنگی دیکەدا زاڵ بێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆ و نەپچڕاوی بە دوو نەسڵی یەک بە دوای یەکدا هەبێت و ببێتە ئاڵقەی پێوەندی نەوەکانی نێو ڕەوتی خەباتە ڕزگاریخوازانەکەمان. ئەوەش نە بانگەشەیە و نە هەڵکێشانی ئەو نەمرەیە بۆ ناوداربوونی، بۆیە ئەگەر لە دوایین پەیوەندی کاک «لوقمان» بە بەرپرسی ڕێکخستنی گشتی حیزب بەڕێز کاک «تاهیر مەحمودی» ورد ببینەوە و بیکەین بە پێوەر، دەبینن کە ئەو خۆشەویستییە لە ڕابردوو و ئێستادا بەرهەمی کاری بەردەوامی شەهید «لوقمان» لە ڕێکخستنی خەڵک لە پێناو بەرەوپێشبردنی خەباتی حیزب لە شاردا بووە.

لەو پەیوەندییەدا کە شەهید «لوقمان» بەماوەیەک بەر لە ماڵاوایی یەکجاری سەرباری نەخۆشی و ناساغی کە بەرۆکی گرتبوو، بە پەرۆشە کە چالاکی چەند لاوێکی تازەپێگەیشتووی شاری شنۆ لە گوندی «حەسەننوران» بگەیەنێتە ڕاگەیاندنی حیزبەکەی تا ئەو لاوانە بەرهەمی چالاکی خۆیان ببین و بە دڵگەرمی زیاترەوە لە ئەرکەکانیان بەردەوام بن. دەقی وتەکانی کاک «لوقمان» لە پەیوەندییەکەدا بەو شێوەیەیە:

«سڵاو کاک تاهیر، باشی، سەلامەتی؟

ئەوە دوێنێ ئێوارێ هەندێک لە کوڕەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب چوون تەگەریان برووون لە سەر پایەگای «حەسەننوران»ـێ هەڵیانکردوون دواتر سێ ماشێن هاتوون ئاورەکەیان کوژاندۆتەوە و دوایێ ڕۆیشتوون. خەڵکەکە دووبارە، جەوانەکان دەستیان بە داوەت و شتی کردووە، پاشان چوونە لە نێوان «حەسەننوران» و «پرداوێ» ئیستی بازڕەسیان داناوە کە خەڵک نەیێت. زۆر ئیسراریان کرد، جەوانیشن دڵیان پێ خۆشە، ئەگەر زەحمەت نەبێت، ئەو خەبەرە تەنزیم بکەن بیدەن بە ڕاگەیاندن زۆر مەمنون دەبم. کە پێیان گوتم نەمتوانیوە تەکمیلی کەم بۆت بنێرم. چاوت ماچ دەکەم، بە خوات دەسپێرم».

درێژەی هەیە.....



# سێزدەهەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ڕێژیمی ئێران لە قەیراندا!



ناسر ساڵحی ئەسڵ

ڕۆژی ٢٨ی جوزهردانی ١٤٠٠ی هەتاوی هەڵبژاردنی خولی سێزدەهەمین سەرکۆماری و شووراکانی شار و گوندەکان لەژێر دەسەڵات و چاودێری باندی نیزامی – ئەمنییەتی خامنەییدا بەڕێوە دەچێت.

لە ماوەی ٤٢ ساڵ لە دەسەڵاتدارێتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کاربەدەستانی ڕێژیم لە سەر ئەو بڕوا فریودەر و ڕووکەشییە بوون، کە بە بەڕێوەبردنی ڕێکوپێکی هەڵبژاردنەکان وەك یەکێك لە مەرجەکانی بەشداری پێکردنی خەڵک دەتوانن ڕواڵەتی دەسەڵاتەکەیان بە شێوەیەکی وا نیشان بدەن کە پشت ئەستوور بە دەنگی خەڵکە، و ڕەوایی لەو دەنگانەوە وەردەگرێت. هەروەها لە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراودا وزەی پەنگخواردووی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیش لە شانۆسازییەکانی هەڵبژاردندا و لە ململانێیەکی بەرتەسکی باڵەکانی سەر بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەکار بێنن؛ بەشێوەیەک کە هەم دەسەڵاتەکەی خۆیانیان بەرهەم هێنابێتەوە و هەم هێندێک لە خەڵکیش لە گەمەکەیانەوە بگلێنن کە گوایە لە دەسەڵاتدا بەشدارن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران سیستمێکی تێکەڵاوی سیاسییە و لە دوو پێکهێنی «دیاریکردن» و «هەڵبژاردن» پێک هاتووە. ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدات کایەکانی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە نێوان باڵەکانیدا، لە چوارچێوەی سیستمی پاوانخوازی خۆیدا وەک یەکێک لە کەرەستەکانی کۆنترۆلی ئاڵوگۆڕەکان، بەکاربێنێت و سێ گۆشەی دەوڵەت، خەڵک و دەسەڵات بە شێوەیەک ڕێک بخات کە دەوڵەت و خەڵک لە خزمەتی دەسەڵاتی سەرەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، واتە پێکهاتەی «دیاریکردن» دا بن.

لەحاڵێکدا ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتدا، بەندە بە بنەماکانی دێموکراسییەوە و تەنیا بەڕێوەبردنی ڕووکەشی هەڵبژاردن نییە بەڵکوو هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک و مسۆگەربوونی ئیرادەی ئەو دەنگدەرانەیە لە ڕێگای دەسەڵاتی نوێنەرەکانیانەوە. بەپێی وتەی کاربەدەستانی هەرە باڵادەستی ڕێژیم و وتەی سەرکۆمارە هەڵبژێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێشوودا، سەرکۆمار لە پرسە گرنگەکاندا تەنیا کاربەڕێکەرێکی دەسەڵاتی سەرووی خۆیەتی و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نییە. ئەمەش دەریدەخات کە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردن و دەنگی خەڵك، تەنیا وەك کەرەستەیەك بۆ ڕەواییدان و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتەکەی کەڵك وەردەگرێت و هیچ بایەخێك بۆ دەنگی خەڵك دانانێت.

هەر بەم پێیە، «سەرکەوتن» و «شکست» لە هەڵبژاردندا، کە بنەمای سیستمە دێموکراتیکەکان پێك دێنێ، لە کۆماری ئیسلامیدا بە هەر بارێکدا و هەر بەربژێرێک لە فیلتەری ڕای شورای نیگەهبان و پاڵپشتییەکانی وەلی فەقیە دەربچێت، هەر ڕێژیم خۆی سەرکەوتووە. چونکە سنووری دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار و کابینەکەی پێشتر بەدامەزراوە دانراوە هاوتەریبەکان لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتەکانی دیکەی دەوڵەت و حوکمی حکومەتی وەلی فەقیهەوە دیاریکراون. هەروەها ململانێی باڵەکانی توانایی تێپەڕاندنی ئەو سنوورانەیان نییە؛ هەربۆیە، لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کیبڕکێی سیاسی لە نێوان ڕەوتە سیاسییەکاندا، و «سەرکەوتن» و «شکست»ی پاڵێوراوان، جگە لە سەرکەوتن و شکستی تاکەکەسیی خۆیان بۆ بەشداربوون لە ڕانت و بەش وەرگرتن لە گەندەڵیی پێکهاتەیی و باندیدا هیچی ترنییە . هەر بۆیە، ڕێبەری ڕێژیم دەڵێ: دەنگدان بە هەر کام لە پاڵێوەران بە مانای دەنگدان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم گەمەیەی ڕێژیم لە شێوەی حوکمڕانیی لە ٤٢ ساڵی تەمەنی نگریسی خۆیدا، کە بە دەوری باتڵی حوکمڕانیی ناسراوە، ڕێژیمێکی نابەرپرسیاری لەبەرانبەر ویستەکانی خەڵک و ڕەچاوکردنی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان پێکهێناوە. هەر ئەمەش ڕێژیمی تووشی قەیرانی جۆراوجۆری ڕەوایەتی دەسەڵات لە ناوخۆ، ناوچە و ئاستی نێودەوڵەتی کردووەتەوە. بەتایبەتی لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا، شپرزەیی سیاسەتی ڕەسمیی و ڕەفتاری کاربەدەستانی ڕێژیم لە بەڕێوەبردن و شێوەی بەرەنگاری لەگەڵ پەتای کۆرۆنا، هەڵسوکەوتی نوکتەییانە و گاڵتەئامێزانەیان لە داهێنانی دەزگای کۆرۆنادۆزەرەوەی «موستەعان» لەلایەن بەسیجەوە، قەدەغەکردنی ملهۆڕانەی ڤاکسەنی ئینگلیزی و ئەمریکی لەلایەن خامنەییەوە، و هەڵسوکەوتی هاودژی وەزیری تەندروستی، لێدانی بە ئەنقەستی فڕۆکەی ئۆکراینی بە ١٧٠ سەرنیشینەوە و چەواشەکارییەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم لەو بارەیەوە بەرانبەر بە خەڵکی ئێران و جیهان، تێکچوونی باری ئاسایشیی سیستمی پاراستنی زانیارییەکانی ڕێژیم سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکانی و دزەکردنیان بۆ دەرەوە و بەتایبەتی لەم دوواییانەدا دزەکردنی قسەکانی جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوەی ڕێژیم پەردەی لەسەر زۆرێک لە قەیرانەکانی بڕیاردان و سیاسەتی شپرزەی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ئەو قەیرانانەی تێیان کەوتووە زەق کردەوە.

ئێستا ڕێژیم بەم بارودۆخە شپرزەیەوە، خۆی بۆ بەڕێوەبردنی خولێکی دیکەی سەرکۆماری ئامادە دەکات، کە لەگەڵ دوو ئاستەنگی قەیرانە دەرەکییەکان و قەیرانە ناوخۆییەکان بەرەوڕوویە.

## قەیرانە دەرەکییەکان :

بە کشانەوە و چوونەدەرەوە ی ئیدارەی دونالد ترامپ لە بەرجام لە ساڵی ٢٠١٨ی زایینیدا، بە گەڕانەوەی گەمارۆ کاریگەرەکان، کۆڵەکە و جومگەکانی دەسەڵاتداریی ڕێژیم لە تەواویەتی خۆیدا لە بواری ئابووری،سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە داڕووخان و داماویی ڕێژیمی لە ئیدارەکردنی قەیرانەکان زیاتر ئاشکرا کرد. ڕێژیمی ئێران توندتر لە جاری پێشوو، لەلایەك لەگەڵ گرێکوێرەکانی دۆسیەی ناوکی و مووشەکی بەرەوڕووە، کە سەرەڕای تێچووەکانی ئائێستای، دەبێت بە دانی ئیمتیازی زیاترەوە بە بەرانبەرەکانی بچێتە ئەو دانوستانانەوە تا بتوانێت بڕێک لە گوشاری قەیرانەکانی کەم بکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو پەلوپۆیانەی بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە پێکی هێنابوون، ئێستا لەخۆی داماوترن و نەیتوانیوە دابینیان بکات، هەروەها خەریکە لەدەستیشیان دەدات. بەتایبەتی، لە عێراق و سوریا ڕێژیم پاشەکشەی بەرچاوی پێکراوە و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا تووشی قەیرانێکی گەورەی دیپلۆماسیی ناوچەیی و ئاسایشی سنوورەکانی کردووەتەوە. لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ گەمارۆ و گوشارە هەمەلایەنە و کاریگەرەکانی ئامریکا، دۆسیەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی قورستر بووە و لەگەڵ گوشاری زیاتر بەرەوڕوو بووەتەوە.

## قەیرانە نێوخۆییەکان:

هەڵبژاردنی ئەمجارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا بەڕێوەدەچێت، کە ڕێژیم لەباری ئابووریی و سیاسیی لەرزۆک بووە.

بە تایبەت، نارەزایەتی و خۆپیشاندانی بەرینی گەلانی ئێران لە ساڵەکانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ی هەتاویدا، دۆخی ڕێژیمی زیاتر ئاڵۆز و شپرزە کردووە. هەر بۆیە، نیگەرانی کاربەدەستان لە داهاتوویەکی ناسەقامگیر و دەسەڵاتێکی پڕکەلێن و داهاتوویەکی لێڵ تەوژمی فشارەکانی زیاتر کردووە.

ئاکامی ئەمە بەدیهاتنی کەشوهەوایەکی پڕ لە دڕدۆنگی و ناجێگیریی نەفسی بۆ بڕیاربەدەستانی ڕێژیم پێکهێناوە، کە زۆرجار بۆ دەرچوون لە قەیرانەکان کەوتوونەتە یەکتر تۆمەتبارکردن.

گەمارۆ کاریگەرە ئابوورییەکانی ئامریکا بۆ سەر ڕێژیمی ئێران لە سێ ساڵی ڕابردوودا، ئابووریی ڕێژیمی ئێرانی تووشی دارمان و خەساری گەورە کردووە؛ توانایی دابینکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی وەک ئاو ،کارەبا و تەندورستی نییە، لەباری پیشە و کاریشەوە خەڵکی تووشی بارێکی دژوار کردووەتەوە. بە چەشنێك کە ڕۆژ نەبووە هەواڵی داخرانی چەند کارگا و کارخانە، یان دەرکردن و بێکاربوونی هەزاران کرێکار نەبیستین.

لەگەڵ ئەمەشدا، گەندەڵیی ماڵیی و دارایی دەزگاکانی ڕێژیم و دزینی داهاتی خەڵک لەلایەن کاربەدەستانەوە و ئاسەوارە زیانبارەکانی قورسایی خستووتە سەر ژیانی تاقەتپڕوکێنی چین و توێژەکانی گەلانی ئێران. هەروەها بە پێچەوانەی دروشمی کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم، بە هۆی گەمارۆ کاریگەرەکانی ئامریکا, سەنعەتی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و پێتروشیمی دارماوە. لەلایەکی دیکەوە، بە گەمارۆی بانکەکان، چوونەدەری سەرمایە لە ئێران، شکستهێنانی کارگە و کارخانەکان، دابەزینی نرخی پارەی میللی، چەندقاتبوونی ئاوسانی ئابووری، چونەسەری قیمەتەکان, بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی سەقەت و زۆر دیاردەی دیکە ئابووریی ئێران تووشی داڕووخان و دارمان بووە.

ئەم بارودۆخە، بە تایبەت لە ئاستی نەتەوەکانی ئێراندا، کە ویترینی هەموو ناهاوسەنگی و نابەرابەرییەکانی ئێرانە، زیاتر بەرجەستە بووە.

لە ئێرانی ئەمڕۆدا لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بێ متمانەیی لەو پەڕی خۆیدایە و هیوا بە ژیان بۆ چینی هەژار و نەدار و مامناوەند گەیشتۆتە نزمترین ئاستی خۆی. لە ئێرانی ئەمڕۆدا چینە هەژار و دەستکورتەکان کە بۆ کار و پەیداکردنی بژێوی ژیان ڕوویان لە شارە گەورەکانی ئێران دەکرد، ئێستا ڕوویان لە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان کردۆتەوە. چوونکە بەهۆی گەمارۆکانەوە زۆرێک لە پرۆژە گەورەکان وەستاون و کەسانێکی زۆر بێکار کەوتوون.

هەروەها لە ئێرانی ئەمڕۆدا لەڕووی ئەمنی و ئاسایشەوە سپای پاسداران بە یارمەتی هێزە ئەمنییەتی و ئینتزامییەکان هەوڵی زاڵکردنی کەشی چەکداری و ئەمنیەتی زیاتر دەدات و بە سازکردنی هێزی ئەمنی گەڕەک و بە کەڵکوەرگرتن لە بەسیجی لات و لوت لە هەوڵی ئەوەدایە تەنانەت کۆڵان و گەڕەکەکانی شاریش بە تەواوی بخاتە ژێر چاوەدێری خۆی. ئەم پیلانەی سپای پاسداران و هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، هەم نیشانەی ترسە لە ڕاپەرینی سەرتاسەری گەلانی ئێران و هەم ئیعلامی دەستێوەردانە لە هەموو بەستێنی ژیانی خەڵکدا.

ئیستا کە باسی گەڕانەوەی ئیدارەی جۆبایدن بۆ ڕێککەوتننامەی بەرجام دەکرێ و دانوستانەکان لە وڵاتی ئوتریش و شاری ویەن بەڕێوەدەچێت و کێشە و گرفتانەی کە باس کران، باندەکەی خامنەیی دەیهەوێت لەم هەڵبژاردنەدا دوو ئامانجی سەرەکی بۆ خۆی دەستەبەر بکات:

یەکەم: ئەوەیکە بە وەگەڕخستنەوە ی بەرجام و گەڕانەوەی ئامریکا بۆ بەرجام، ڕێژیم کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئابووری داڕووخاوە.

هەر بۆیە، دەیهەوێت بە دانی ئیمتیاز و ئیمتیازوەرگرتن لە دانوستانەکانی ویەن بۆ نۆژەنکردنەوە و ڕۆح وەبەرنانەوەی ئابووری داڕووخاوی کەڵك وەرگرێت, تا شانۆگەری هەڵبژاردنێکی هێمن و بێ کێشە تێپەڕ بکات.

دووهەم: خەڵکی ئێران دووبارە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان ڕابکێشێتەوە و شەرعیەتی لەدەستچووی خۆیان تاڕادەیەک لەبەرچاوی جیهانیان وەدەست بێنێتەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بەم دوو ئامانجە سەرەکییە, هەموو هەوڵەکانی خۆی وەگەڕ خستووە و بە گرتن و دەسبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێگری لە هەر چەشنە نارەزایەتی دەربڕینێکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بکات. هەروەها هەڕەشەی ڕاپێچکردن و گرتنی چالاکانی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان دەکات کە ئەگەر بابەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دژی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردن و بە تایبەت بە دژی ئیبراهیم ڕەئیسی بنووسن.

تێکڕای ئەو کارانەی ڕێژیم بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشی کۆمەڵگا و دامرکاندنی گڕکانی نارەزایەتییەکانی کۆمەڵانی ناڕازی گەلانی ئێران و دەرچوون لە قەیرانەکانە. لە لایەکی دیکەوە بە تێکەڵکردنی هەڵبژاردنەکانی شورای شار وگوندەکان لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری، لە لایەنی ڕێژیمەوە، پلانی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانی هەیە. بە سرنجدان بە بەڕێوەچوونی خولەکانی پێشووی هەڵبژاردنەکانی شوورا و ئەو کەشوهەوا ڕقابەتییەی کە بەهۆی بوونی چەنددەستەیی لە نێو خەڵکی شار و گوندەکان لە ئێران وەڕێکەوتبوو، ڕێژیم زۆر زوو هەستی بەوە کرد کە ئەگەر بێت و ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماری تێکەڵ بکات، دەتوانێت ساردی و بێ مەیلی خەڵک لەهەمبەر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری تا ڕادەیەک ببوژێنێتەوە و ڕکابەرییەکە تۆختر بکات تا خەڵک بهێنێتە سەرسندووقەکانی دەنگدان.

بەگشتی، کاری ڕێژیم بووەتە ئەوەیکە هەر قەیران بە قەیران تێپەڕێنێت یان بە وادەی بێ بنەما و بێ ئەنجام خەڵک هان بدات بەڵام خەڵک ئیتر هیوابڕاو بوون لە ڕێژیم و شانۆگەرییەکانی و قەیرانەکانیش قووڵتر لەوەن کە ئەم ڕێژیمە بێت و چارەسەریان بکات.

## بایکۆتی هەڵبژاردن:

بە هەڵسەنگاندنی هەموو خولەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەم ئاکامە دەگەین، کە ئەوەی بە ناوی هەڵبژاردنەوە بەڕێوە دەچێ بەهۆی نادێموکراتیکبوونی ڕێژیم و بێ باوەڕی بە دەنگ و داخوازی خەڵك، لە نێوەرۆکی هەڵبژاردن بە مانای واقیعی خۆی بەتاڵە، یانی خەڵك ناتوانن دەنگ بە کاندیدای دڵخوازی خۆیان بدەن و ڕێژیمیش بە هەموو باڵەکانییەوە لە ئاست چارەسەرییەکاندا داماون هەر بۆیە نارەزایەتییەکانی ئەمجارەی گەلانی ئێران بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و حکومەتێکی وەڵامدەر و یاساپارێزە واتا نارەزایەتییەکانی ئەمجارەی گەلانی ئێران خاوەن سێ خاڵی بەهێزن کە بریتین لە:

ئا-نارەزایەتییەکانی ئەمجارەی گەلانی ئێران بە پانتای جوگرافیای وڵاتەکە بووە و کۆی پێکهاتەکان و نەتەوەکانی ئێرانی گرتەوە.

ب-پەروەندەی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازیی لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی لەگۆڕ نا و بزمارڕێژی کرد.

ت-کۆی نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران بۆ تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزرانیی سیستمێکی دێموکراتیك بووە.

دەتوانین بڵێین لە ئێستای ئێراندا، هێزە سیاسییەکان و پێشرەوانی نارەزایەتییەکانی ئێران دەبێ دوورەدیمەنێکی ڕوون لە داهاتووی ئێران بە گەلان و نەتەوەکانی ئێران نیشان بدەن تا وردەوردە جەغزی نارەزایەتییەکان گەورە دەبنەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چونکە کوردستان حیزب و ڕێکخراوەی خۆی هەیە کە هەم چالاکە و هەم ئەزمونی شۆڕشێکی بەردەوام و مێژوویی هەیە، پشتیوانییەکی گشتگیری جەماوەری لەگەڵە.

هەروەها ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جێی سەرنجە شێوەی خەباتی «شار» و «شاخ» ە کە توانیویەتی بەشێوەیەکی باش فەزای کوردستان و تەنانەت ئێرانیش بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

جگە لەوەش هەستی نەتەوایەتی کورد هەروا گەرم ڕابگرێ و خەباتی شار و شاخ لە چوارچێوەی «راسان» دا پێکەوە گرێ بدات. هەروەها ڕۆڵ و حوزووری چینێکی نوێ لە چالاکانی مەدەنی، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەم خوێندەوارن و هەمیش هوشیار و هەستیارن و ڕۆژانە خەریکن بە شێوەیەکی نەرم پاشەکشێ بە هێڵە سوورەکانی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن.

بەگشتی، بابەتە پێوەندیدارەکان بە کورد و مەسەلەی کورد دەوروژێنن و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونە دینامۆ و چەتری خەباتی شار. لە کۆتاییدا دەڵێین کە دروشم و قسە بێ نێوەرۆکەکانی خامنەیی و باندە مافیاییەکەی کە ئامانجیان لەم دروشم و قسانە زیاتر بۆ بەشداری پێکردنی خەڵکە و ڕازاندنەوەی سەر سندووقەکانی دەنگدانە بەڵام ئەمجارە گەلانی ئێران بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ڕێژیم، بە کردەوە نیشان دەدەن کە دژی هەڵویست و سیاسەتەکانی ڕێبەری ڕێژیمن بۆیە هەر لە ئێستاوە نیشانەکانی شکستی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و دروشمە بێ نێوەرۆکەکانی خامنەیی تووشی شکست بووە و بە مردوویی لە دایك دەبێت.

# پچڕانی برق، گەندەڵیی تەواویەتی دەسەڵات و کۆلۆنیالیزمی نەتەوەی ئێمە



**چوار و نیو لە سەدی بیتکوینی تەواوی دنیا لە ئێراندا بەرهەم دێت و ئەو ڕاستییە دیسان بە شێوازێکی زەق خۆی دەنوێنێت کە لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پاراستنی دەسەڵاتیان وەدەستخستنی پارە بۆ خۆیان لە هەموو شت گرینگترە و لەنێوچوونی خەڵک و ژیانی سەخت بۆ خەڵک و نەبوونی کارەبا و هەژاری و بێدەرەتانی قەت نە بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگ بووە نە گرینگیش دەبێت**

**نەتەوەی نیشتەجێی زاگرۆس خاوەن گەورەترین سەرچاوەی ئاوی وڵاتی ئێرانە و بەم پێیەش سەرچاوەی بەشی زۆری بەرهەمهێنەری برقی ئەم وڵاتەن کە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی وشکارۆی ناوەند وەک ئامرازێکی گرینگ بۆ کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوە و سەنعەتی ناوەندی جوغرافیای ئێران و بۆ زاڵبوون بەسەر گەلانی پەراوێز کەڵکی لێوەردەگرن**

**زاگرۆس**

دیاردەی پچڕانی کارەبا لە ئێران و کوردستان بە سەدان میلیارد تمەن خەساری بە خەڵک گەیاندووە و چەنها کەس لە نەخۆشخانەکان و لە ڕێگەوبانەکاندا بەهۆیەوە گیانیان لە دەس دا و هەواڵی پچڕانی کارەبا لە دنیاشدا بڵاو کرایەوە کاتێک یاریزانێکی شەترەنجی ئێرانی بەهۆی پچڕانی بەرق یارییەکەی دۆڕاند.
تەنانەت کاریگەری لەسەر پرۆسەی درەنگوەختی کوتانی واکسینی کرۆناش دانا و بەوتەی بەرپرسانی وەزارەتی بێهداشتی کۆماری ئیسلامی، پچڕانی برق و لەکارکەوتنی ئامێرەکانی فێنککەرەوە بەم هۆیەوە، هەڵگرتن و لەئاکامدا کوتانی پێکوتەی کۆرۆنای لەگەڵ ئاستەنگ بەرەوڕوو کردووەتەوە
.
ڕووداوی بەردەوامیی پچڕانی کارەبا و دواهاتەکانی نارەزایەتییەکی مەزنی لە نێو خەڵکدا دروست کردووە و بە شێوازی هێزەکی (بالقوه) توانای بوونی بە ڕاپەڕینی کاتی خەڵک بە دژی دەسەڵات تێیدا بەدی دەکرێت و ئەگەر هێزە شۆڕشگێڕەکان بتوانن بە قازانجی خەڵک کەڵکی لێوەربگرن دەتوانێ کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات دەیان قات زیاتریش بکاتەوە؛ بەڵام با بزانین هۆکاری کەمی بەرق و پچڕانی بەردەوامی کارەبا لەم ڕۆژانەدا چییە؟
ڕاستە ڕێژەی بارینی باران و بەفر لە ساڵی ڕابردوودا و لە بەهاری ئەمساڵدا بە ڕادەیەکی بەرچاو دابەزیوە و بەرپرسان تەنیا هۆی کەمی برق بۆ ئەم کێشەیە دەگەڕێننەوە بەڵام پێویستە بە یادی ئەو کەسانەی بێنینەوە کە پچڕانی بەرق بە کەمی ئاووە گرێ ئەدەن، لە ساڵانی ڕابردوودا لە وڵاتی بەناو ئێراندا ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بەنداو درووست کراوە و بێ گوێدان بە ژینگە و بە نرخی وێرانکردنی سروشت و بەتایبەت لە زاگرۆسدا بە تێچوویەکی یەکجار زۆر لەسەر گیرفانی خەڵک و بە نرخی لەناوچونی چەندین ناوچە دەیان بەنداو چێ کران و کار گەیشتە شوێنێک کە بەوتەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بۆ دروست کردنی بەنداو لە دنیادا لە ئاستی هەرە پێشکەوتووترین وڵاتاندا بوون، ئەم بەنداوانە هەرچەن بە تێچووی وێران کردنی بەشێکی سروشت بونیاد نران و ئەم بابەتە ناپەرژێتە سەر زیانەکانی چێکردنی بەنداو و ئەو بابەتە بە تەنیا خۆی هەڵگری دەیان کتێب و وتاری زانستییە، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە لە دەسەڵاتداران بپرسین کە ئەو هەموو بەنداوە ئاکامی ئەرێنیان بوو بەچی و بۆ نەیانتوانی ساڵێک، بێ کێشە کارەبا بۆ خەڵک دابین بکەن؟
لەلایەکی دیکەوە وڵاتێک کە سەدان میلیارد دۆلاری لە پێناوی وزەی ناوکیدا خەرج کرد و بڕیار بوو برقی ئێرانی پێ بەرهەم بهێنرێت و لە ئاخرین وتووێژیدا سەرۆکی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی باسی لەوە کرد کە ڕێژەی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئێراندا گەیشتووەتە سەدا شەست، خەڵک مافی خۆیانە بپرسن ئەو سەدان میلیارد دۆلارەی ئەم چل ساڵە بە بیانووی وزەی ناوکی خەرجتان کرد بەرهەمەکەی بوو بە چی؟ و خودی ئەم پچڕانی کارەبا نیازی کۆماری ئیسلامی لە بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆمی پیتێندراو و وزەی ناوکی زۆر بە باشی دەردەخات.
بەڵام خەڵک بە دروستی پچڕانی کارەبا دەگەڕێنێتەوە بۆ مەزراکانی بەرهەمهێنانی نهێنپارەکان کە زۆربەی مەزرا گەورەکانی ئەم کارە لە وڵاتی ئێراندا بە دەس چینەوەیە و سوپای تیرۆریستی پاسدارانیش لەم نهێنپارانە بۆ دەوردانەوەی گەمارۆکان و وەسەریەکخستنی زیاتر سروەت و سامان بۆ خۆیان و باندە مافیاییەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرێت.
بەوتەی گۆڤارێکی ئینگلیزی چوار و نیو لە سەدی بیتکوینی تەواوی دنیا لە ئێراندا بەرهەم دێت و ئەو ڕاستییە دیسان بە شێوازێکی زەق خۆی دەنوێنێت کە لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پاراستنی دەسەڵاتیان وەدەستخستنی پارە بۆ خۆیان لە هەموو شت گرینگترە و لەنێوچوونی خەڵک و ژیانی سەخت بۆ خەڵک و نەبوونی کارەبا و هەژاری و بێدەرەتانی قەت نە بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگ بووە نە گرینگیش دەبێت.
لەلایەکی دیکەوە بێجگە لەم مەزرا گەورانەی بەرهەمهێنەری نهێنپارە بە سەدان هەزار ماینێری بەرهەمهێنەری ئەم دراوە دیجیتاڵییانە لە بەردەس خەڵکدان کە ڕێژەیەکی بەرچاوی برق بە شێوازی دزیەتی و لە پشت کۆنتۆرەکانەوە بەکار دێنن و ئەمەش هەم دەسەڵات لێی ئاگادارە هەم ئیدارەی برقی شار و ناوچەکان بەڵام بە هۆی گەندەڵی سیستماتیک و دانی بەرتیل، کەس بەر بەم بەکارهێنانی زیادی برقە ناگرێت و خەڵکی ئاسایی لەڕاستیدا لە دوو بارەوە زیانیان پێدەگات: لە لایەکەوە پارەی ئەم برقە کە بەشێوازی دزیەتی لە پشت کۆنتۆرەکانەوە بەکار دێت لە کۆتاییدا هەر بەسەر ئەو خەڵکەدا دابەش دەبێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی بەکارهێنانی زیاتر لە ڕێژەی توانای بەرهەمهێنانی برق و وەک ئاماژەمان پێکرد زەرەریماڵی و گیانی بۆ خەڵک لێ دەکەوێتەوە.
هەر لەم ماوەیەدا چەند بەرپرسی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت حەسەنی ڕوحانی باسیان لەوە کرد کە دەبێ بەر بەم مەزرایانەی بەرهەمهێنەری نهێنپارە و ماینێرەکان بگیردرێت بەڵام نەک بەر بەم کەسانە نەگیردراوە کە لەڕاستیدا ناشتوانن بەری پێگرن چون وەک ئاماژەمان پێکرد سپای پاسداران و تەواویەتی کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەم کارەدان و لەلایەکی دیکەوە گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا وەک ڕووداو نییە و وەک دیاردەیەکی گشتگیرە کە سەر تاپێی دەسەڵاتی تەنیوە و هیچ دامودەزگایەکیش نییە کە لە گەندەڵییەوە نەگلابێ و بتوانێ بەر بە گەندەڵی لایەنێکی دیکە بگرێت.
هەندێ کەس و لەڕاستیدا بەناو ڕیفۆرمخوازانی کۆماری ئیسلامی باس لەوە دەکەن کە پچڕانی کارەبا کاری لایەنێکی کۆماری ئیسلامییە بۆ ئەوەی بەناو دەوڵەتی ڕۆحانی و ڕیفۆرمخوازان لەبەرچاوی خەڵک سووک و سووکتر بکەن و لە هەڵبژاردندا وەک خەڵێکی لاوازی و نارەزایەتی خەڵک لەهەمبەر ڕیفۆرمخوازان بەکاری بێنن؛ هەرچەند ئەم ئەگەرە زیاتر وەک دروشمی لایەنێکی دۆڕاو دێتە بەرچاو بەڵام دەبێت لە وڵامی ئەم بۆچونەدا بڵێین گەندەڵی و ستەم و هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران و قوڵبوونەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری کەلێنی چینایەتی و دەیان دیاردەی دیکە خەڵکی گەیاندووەتە ئەو قەناعەتە کە بەشداری لە هەڵبژاردندا نەکەن و فریوی دوودەستەی ڕواڵەتی لایەنەکانی کۆماری ئیسلامی نەخۆن، بەڵام خۆ دەکرێ ئەم پرسیارە ئاراستەی ڕیفۆرمخوازان بکەینەوە کە سەرەڕای ڕەدکردنەوەی کاندیداکانیان بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شۆرای شار و گوندەکان، هێشتا هەر باسی گۆڕین لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە دەکەن ئەگەر گریمانەکەی ئێوەش ڕاست بێت ئاخۆ سەرکۆمارێک هێندە لاواز بێت نەتوانێ بەر بەم کێشەیە بگرێت جا ئێوە بە چ هیوایەکەوە دەتوانن دیسانیش دەنگ بدەن و داوا لە خەڵکیش بکەن کە هیوایان بە چاکسازی بێت لە ڕێگەی باڵەکانی نێو دەسەڵات و سندوقەکانی دەنگدانی ئەم دەسەڵاتەوە.
دەسەڵاتێک کە بەم چەشنە گەندەڵی تەواوی جومگەکانی داڕزاندبێت تەنیا ڕێگەی لەناوچووونە.
بەڵام ئەم دۆخە بۆ نەتەوەی کورد جیاوازە و کێشە و دەرفەتەکەی زۆر مەزنتر لەوەیە کە بە پچڕانی برق کۆتایی بێت.
نەتەوەی نیشتەجێی زاگرۆس خاوەن گەورەترین سەرچاوەی ئاوی وڵاتی ئێرانە و بەم پێیەش سەرچاوەی بەشی زۆری بەرهەمهێنەری برقی ئەم وڵاتەن کە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی وشکارۆی ناوەند وەک ئامرازێکی گرینگ بۆ کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوە و سەنعەتی ناوەندی جوغرافیای ئێران و بۆ زاڵبوون بەسەر گەلانی پەراوێز کەڵکی لێوەردەگرن.
بە بێ «ئاو»ی زاگرۆس کوا دەتوانن سەروەری خۆیان بسەپێنن؟ ئەم کەتوارە تا هەنووکەش سەرنجێکی ئەوتۆی نەدراوەتێ و هیچکات باسی ئەوە ناکرێت کە کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی ناوەند چەنێک پێویستیان بە نەوتی باشووری ئێران هەیە ئەگەر زیاتر پێویستیان بە ئاوی شاخەکانی زاگرۆس نەبێت کەمتر نییە و بە تێچووی تاڵانکردنی وڵاتی ئێمە دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووە.
بە داخەوە تا هەنووکەش خەڵکی ئێمە باس لەوە دەکەن کە ئێمە چونکە خاوەن سەرچاوەی نەوتی زۆر نین ناتوانین دەسەڵاتێکی بەهێز و سەربە خۆ دابمەزرێنین خافڵ لەوەی ئێستا ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گرینگی ئاو و سەرچاوە ئاوییەکان ڕوون دەبێتەوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر ئەو ڕاستییە دەسەلمێت کە لە ناوچەیەکی وشکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوانەی دەسەڵاتیان بە سەر ئاو و سەرچاوە ئاوییەکانیدا هەیە و بە شێوازیکی ئاوەزمەندانە مودیریەتی دەکەن دەتوانن ببنە هێزی سەرەکی ناوچەکە و پێشکەوتنیان مسۆگەر بکەن.
دانیشتووانی زاگرۆس بە پشت بەستن بە هێزی خۆیان دەتوانن بەر بە تاڵانکردنی سەرچاوەکانیان کە یەکێک لە گرینگترینەکانی ئاوە، بگرن و زنجیرەکانی ئەم کۆلۆنیالیزمە لە قەدی شاخ و ئاو و ئاخی ئەم وڵاتە دابماڵن و ئەم سەرچاوە ئاوییە مەزنە لە خزمەت بەختەوەری دانیشتووانی خۆیاندا کەڵکی لێوەرگرن.
ئەمە کەتوارێکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەوان لەسەر تاڵان و کۆلۆنیالیزمی وڵاتی ئێمە زاگرۆس بونیادی دەسەڵاتی خۆیان ناوە و بە پچڕانی ئەم زنجیرە ئێمە سەردەکەوین و ئەوانیش ناتوانن درێژە بە سەروەری خۆیان بدەن؛ کەوابوو سەرچاوەکانی وڵاتی ئێمە کە گرینگترینیان «ئاو»ە دەتوانێ دەرفەت بێت و لە هەمان کاتیشدا مەترسی.
لەلایەکەوە دەتوانین بە هێزی ئاو زنجیرەکانی کۆلۆنیالیزم بپچڕێنین، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر هەر بەم چەشنە بەردەوام بێت دەسەڵاتی ناوەند بە دزینی سەرچاوەکانمان ئێمە لە دواکەوتوویدا دەهێڵێتەوە و بۆ خۆی دەکاتە بەردەبازی پێشەوەچوون و سەرکەوتن .
هەر بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕاسان دەبێ وریاکردنەوەی خەڵک بێت لە هەمبەر بایەخی ئاو و ئەو سەرچاوە مەزنەی ئاو کە لە زاگرۆسەوە سەرچاوە دەگرێت و هەوڵدان بە خاوەن بوونەوەی سەرچاوەکانمان ڕامالینی داگیرکەر لە تەواوییەتی وڵاتمان.

# دەربازکردنی کۆمەڵگا لە دۆخی هەنووکەیی ئەرکی سەرەکیی ڕاسانە



**بەپێی ئەو بەڵگە نهێنییانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن دامەزراوەی ویکیلیکسەوە بڵاو کراونەتەوە سپای تیرۆریستی پاسداران بە لق و پۆکانییەوە لە سەرانسەری دنیادا گەورەترین مافیای بەرهەمهێنەر و بڵاوکردنەوەی مادده سڕکەرەکانە و هەر لەم پەیوەندییەدا دەیان باند و مافیای لە وڵاتانی دراوسێ و سەرانسەری ئێران و دونیادا دروست کردووە و هەموو چەشنە کەڵکێکیان لێوەردەگرێت**

**سیپان**

کۆمەڵگای کوردستانی خۆرهەڵات بەهۆی پلانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی زاڵ بەسەریدا تووشی دەیان دیاردە و نەخۆشی کۆمەڵایەتی بووەتەوە کە یەکێک لە دیارترینیان نەبوونی هیوا و ئومێد بە داهاتووە کە خۆی دەیان لێکەوتەی خراپی وەک خەمۆکی، خۆکوژی و تووشبوون بە مادە سڕکەرەکانی لە نێو کوڕان و کچانی نیشتمانی ئێمەدا لێکەوتووەتەوە.

یەکێک لەو نەخۆشینانەی کە هەنووکە زۆربەی بنەماڵەکانی جڤاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەدەستیەوە دەناڵێنن دیاردەی سیستماتیکی تووشکردنی لاوان بە مادده سڕکەرەکانە.

بەپێی ئەو بەڵگە نهێنییانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن دامەزراوەی ویکیلیکسەوە بڵاو کراونەتەوە سپای تیرۆریستی پاسداران بە لق و پۆکانییەوە لە سەرانسەری دنیادا گەورەترین مافیای بەرهەمهێنەر و بڵاوکردنەوەی مادده سڕکەرەکانە و هەر لەم پەیوەندییەدا دەیان باند و مافیای لە وڵاتانی دراوسێ و سەرانسەری ئێران و دونیادا دروست کردووە و هەموو چەشنە کەڵکێکیان لێوەردەگرێت.

هەر لە بڵاوکردنەوەی مادە سڕکەرەکانەوە تا دزین و کوشتنی چالاکانی سیاسی و دژبەرانی خۆی کە نموونەکەی ئەمساڵ لە دزین و کوشتنی چەندین کەس لە وڵاتی تورکیا بە هۆی ئەم مافیایانەوە بە بەڵگە لە لایەن دەسەڵاتی تورکیاوە بڵاو کرایەوە کە بە ڕوونی دەریدەخات ئەم مافیایانە تا چ ڕادەیەک لەژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامیدان.

هەروەها هەواڵی دەسبەسەرداگرتنی سەدان کیلۆ مادەی سڕکەری سپا و دەستوپەیوەندییەکانی لە سەرانسەری دنیادا لە ساڵدا دەیان جار دەبێتە هەواڵی گەرمی ڕاگەیەندنە نێونەتەوییەکان.

هەر لەم پەیوەندییەدا بە شێوازێکی بەربڵاو تووشکردنی خەڵک لە هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراق بە ڕوونی دەبیندرێ و بە دەیان لاوی کورد و ئێرانی لە بەندیخانەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئاسیادا بە تاوانی بازرگانی سیستماتیک بە مادە سڕکەرەکان حوکمی چەندین ساڵەیان بەسەردا سەپاوە و زۆر جاریش ئەم قوربانییانە وەک دەیگێڕنەوە بێئاگا بوون کە هەڵگری باری مادەی سڕکەرەکانن.

هەوڵی سیستماتیکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت سپای تیرۆریستی پاسداران بۆ بڵاوکردنەوەی مادە سڕکەرەکان لە ناوخۆی وڵاتی ئێرانیشدا ئیتر لە کەس شاراوە نییە و سپای پاسداران بە شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خاوەن سەدان ئاشپەزخانەی دروست کردنی شیشە و بە دەیان مەزرای بەرهەمهێنانی مادە سڕکەرەکانە کە تا ئێستا دەیان ڕاپۆرت لەم پەیوەندییەدا بڵاو کراوەتەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مادە سڕکەرەکانیش ساڵانە بە دەیان کەس لە ئێراندا لە سێدارە دەدرێن و ڕەنگە پرسیار بکرێت ئەی ئەو ئێعدامانە چین؟ بە گوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ زۆر کەس بە بیانووی مادە سڕکەرەکان لە سێدارە دەدرێن لە کاتێکدا دژبەرانی کۆماری ئیسلامین و ئەو کەسانەیش کە لە سێدارە دەدرێن و ئەگەر ڕاست بێ تاوانیان مادە سڕکەرەکان بێ ئەوە ئەو کەسانەن کە لە دەرەوەی مافیاکانی کۆماری ئیسلامیدا خەریکی بازرگانی بە مادە سڕکەرەکانەوەن.

ئەگەر تەواوی ئەم هەوڵانەی سپای تیرۆریستی پاسداران کە باسی لێوە کرا بە مەبەستی بازرگانی کردن و وەدەستهێنانی پارە بێت لە وڵاتی داگیرکراوی ئێمە زاگرۆسدا، کێشەکە لە بڵاوکردنەوە و بە مەبەستی بازرگانی و وەدەستهێنانی پارە تێدەپەڕێ و خەیاڵی ترسناکتری لە پشتە و ئەم ئامانجەی دەسەڵاتدارانیش لە وتەکانی جێگری ئەحمەدی نژاد و پارێزگاری دەیەی حەفتای پارێزگای سنە بە ناوی ڕەحیمی بە ڕوونی خۆی دەردەخات کە دەڵێت: «ئێمە چەک لە دەست لاوانی کورد دێنینە دەر و لە جیاتی ئەو بافور دەدەینە دەستیان».

لە دەیەی شەست و سەرەتای دەیەی حەفتادا ڕێژەی تووشبووان بە مادە سڕکەرەکان لە زۆربەی شارەکانی ئێمەدا لە قامکەکانی دەس تێنەدەپەڕی و لە گوندەکانیش ئەم دیاردە بۆ خەڵک بە تەواوی نامۆ بوو.

کەتوارێکی تاڵە بەڵام حاشای لێ ناکرێت کە پاش سڕکردنی خەباتی چەکداری لە وڵاتی داگیرکراوماندا ڕێژەی تووشبووان بە مادە سڕکەرەکان سەدان قات پەرەی سەند، هەرچەند هەڵەیە پەرەسەندنی ئەم دیاردە تەنیا بە نەمانی خەباتی چەکدارییەوە گرێ بدەین بەڵام بە هۆی نەمانی حزوری بەردەوامی پێشمەرگانە و ئەو بێ هیواییە مەزنە کە بەم هۆیەوە لە نێو لاواندا ساز بوو و لەلایەکی دیکەشەوە مەیدان بۆ تەڕاتێنی سپای تیرۆریستی پاسداران لە کوردستان ئاوەڵا بوو تا بەکەیفی خۆی تەڕاتێن بکات و ژینۆسایدی سپی تا ڕادەیەک بەرچاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بخولقێنێت.

لە تازەترین ئامارێکدا کە ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی بڵاویان کردووەتەوە لە ڕۆژدا دوازدە بۆ سێزدە کەس لە سەرانسەری وڵاتی ئێراندا بە هۆی بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکانەوە گیان لە دەست دەدەن؛ بە پێی ئەم ئامارە بێت کە بە دڵنیاییەوە ڕێژەکە لەوەش زیاترە لە ساڵدا ٤٤٠٠ کەس گیانیان لە دەس دەدەن و ئەگەر حەشیمەتی کوردان بە لانیکەمەوە یەک لە سەر شەشی وڵاتی بە ناو ئێران پێک بێنن لە ساڵدا ٧٣٣ کچ و کوڕی کورد بە هۆی مادە سڕکەرەکانەوە گیانیان لە دەس دەدەن ئەگەر لە ماوەی بیست ساڵدا لە بەرچاوی بگرین دەکاتە ١٤٦٦٦ کەس.

شۆڕشی مۆدێڕنی کورد کە تەمەنی لە سێ چارەکە سەدە تێپەڕیوە ڕێژەی ئەو کەسانەی لە ڕەفی شۆڕشدا گیانیان بەختی ئازادی کردووە بە هەمووی لایەنەکانییەوە ناگاتە دە هەزار کەس. ئەگەر گریمانە بکەین ڕاسان بتوانێ نیوەی ئەم لاوانەش لە مەرگ بگێڕێتەوە و تێکەڵ بە ڕەفی شۆڕشیان بکات ئەوە سەرکەوتنمان زۆر نزیکتر دەبێتەوە و دوژمنانیش لە گەیشتن بە ئامانجە نگریسەکانیان تووشی شکست دەکات.

هەر بۆیە نابێت ئەو کەتوارە لە بیر بکەین کە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی شۆڕشی نوێشمان دەربازکردنی کۆمەڵگا لە دۆخی نالەباری هەنووکەیە و بەرەنگاربوونەوەی نەخوشینەکانی کۆمەڵگا و گەڕانەوەی هیوا و هومێدە بۆ جڤاک و لە نەخۆشییە سەرەکییەکانی جڤاکی ئێمەش بێهیوایی و بەڵای مادە سڕکەرەکانە کە ڕاسان دەتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر بنبڕی بکات بەڵام دیاریشە خەبات بێ فیداکاری و قوربانیدان لەهەمبەر دواکەوتەترین دەسەڵاتی سەردەمدا ئیمکانی نییە بەڵام «جۆری مەرگ» مرۆڤەکان زۆر جیاواز دەکات.

**شۆڕشی مۆدێڕنی کورد کە تەمەنی لە سێ چارەکە سەدە تێپەڕیوە ڕێژەی ئەو کەسانەی لە ڕەفی شۆڕشدا گیانیان بەختی ئازادی کردووە بە هەمووی لایەنەکانییەوە ناگاتە دە هەزار کەس.**
**ئەگەر گریمانە بکەین ڕاسان بتوانێ نیوەی ئەم لاوانەش لە مەرگ بگێڕێتەوە و تێکەڵ بە ڕەفی شۆڕشیان بکات ئەوە سەرکەوتنمان زۆر نزیکتر دەبێتەوە و دوژمنانیش لە گەیشتن بە ئامانجە نگریسەکانیان تووشی شکست دەکات**

## وێستگە

# ژنان و ژینگە



**نووسین: هێمۆ**

ڕۆژی ١٥ی جۆزەردانی ئەمساڵ، هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی ٥ی ژوئەن کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژینگە ناودێر کراوە. مەبەستی سەرەکیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە، بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاری و ئاگایی تاکەکانی کۆمەڵگا بەنیسبەت پاراستنی ژینگە لەلایەن هاووڵاتیان و هەروەها هاندانی سیاسەتوانان بۆ دەستنیشانکردنی بڕیار و سیاسەتی درووست بەنیسبەت دژایەتیکردن و پێشگرتن لە، لەناوچوونی ژینگە و جۆرە جیاوازەکانی گیانلەبەرانە. لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە سروشت بە بەردەوامی وەکوو لانکەیەکی پڕ لە میهرەبانی و بەخشندەیی بۆ مرۆڤ بووە و هەموو سامانێکی سروشت تاکوو ئەمڕۆ لە خزمەتی مرۆڤەکاندا بووە. لەم ڕاستایەدا مرۆڤ، بە بەردەوامی توانیویە کاریگەریی لە سەر سروشت هەبێت و زۆرجاریش خوازراو یان نەخوازراو، خەساری بە ژینگەی ژیانی خۆی گەیاندووە. زۆرجار دەوترێت کە پاراستنی ژینگە، پاراستنی ژیانە، ڕەنگە زۆر کەس ئەمە تەنیا بە دروشمێک ببینن بەڵام لەڕاستیدا گرینگیدان بەم ڕستەیە ئەتوانێ کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لە پاراستن و زیندوومانەوەی ژینگەی ئێمەدا هەبێت. گرینگیدان بە ژینگە، پاراستنی پاکوخاوێنیی ژینگە، پاراستنی گیانی گیانلەبەرە جیاوازەکان، پێشگرتن لە لەناوبردنی سەرەڕۆیانەی دارستانەکان، پێشگرتن لە کەڵکاوەژووەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکان و بە سەدان کردەوەی دیکە ئەتوانن لە پاراستنی ژینگەدا کاریگەر بن. بۆیە ئەمە وەکوو ئەرکێک بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا پێناسە دەکرێت. لە وڵاتێکی وەکوو ئێراندا، دەسەڵاتی حاکم نەک تەنیا دژایەتیی خەڵکانی ئێران و نەتەوە بندەستەکان دەکات بەڵکوو لە هەوڵێکی سیستماتیکیشدا خەریکی لەناوبردنی بەئەنقەستی ژینگەیە. ژینگەیەک کە لانیکەم بۆ ئێمەی کورد گرینگییەکەی ئێجگار زۆرە و وەک زۆرجار دەوترێت، کورد لەگەڵ سروشتی کوردستان پێناسەکەی خۆی تەواو دەکات. هەر لەم ڕاستایەدایە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەگەلی جیاوازەوە هەوڵ دەدات تاکوو ژینگەی کوردستان تووشی کێشە بکات، ماوەی ساڵانێکە کە لە لایەن دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە ناوچەکانی زاگرۆس ئاگرکەوتنەوەی بەردەوام ڕوو دەدات و ئەمە جیا لە، لەناوبردنی ڕووبەری دارستانەکان، زیانێکی جیددی بە خاکی کوردستان و هەروەها گیانلەبەرانی کوردستانیش دەگەیەنێت، ئەو ڕاستییەش دەبێ لەبیر نەکەین کە تاکوو ئێستا چەندین کەسیش لەپێناو پاراستنی ژینگەی کوردستان و لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری ڕق و قینی دەسەڵاتدا، گیانیان بەختی نیشتمان کردووە، کەوایە ئەم چەشنە سیاسەتە هەم خەساری گیانی و هەم خەساری ماددی و سروشتیشی بۆ ئێمە بەدواوە بووە. بەڵام لەم نێوانەدا ئەرکی ئێمە وەک تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان چییە؟ ئایا تاکوو ئێستا توانیومانە لەم ڕاستایەدا هەنگاوێکی باش و کردەیی هەڵبگرین؟ لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا کە سیاسەتە پاوانخوازانەکانی کۆماری ئیسلامی، ژینگە و سروشتی کوردستانی خستە مەترسییەوە، خەڵکی وشیار و ئاگای کوردستان لە شار و گوندەکان دەستیان دایە ڕێکخستنی هێزی خۆیان، ڕەنگە لە سەرەتادا نەیانتوانیبێ بەشێوەیەکی سازماندراو و ڕێکوپێک چالاکی بکەن بەڵام دواتر بەپێی ئەو ئەزموونانەی کە بەدەستیان هێنا، هەوڵیان دا تاکوو، بە دامەزراندنی ڕێکخراوگەلی تایبەت بە پاراستنی ژینگە، هەوڵێکی چەندقات و کاریگەرتر بۆ پاراستنی ژینگە بدەن. ئەم هەوڵانە لە چاندنی نەمام و پاکوخاوێنیی شوێنە جۆراوجۆرەکانەوە هەتا زانیاری بەخشین بە خەڵک سەبارەت بە چۆنیەتیی پاراستنی ژینگە وەکوو هاونیشتمانییەک و تەنانەت چۆنیەتیی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکان تاکوو ئێستاش بەردەوام بووە. لە شار و گوندەکانی کوردستاندا چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە پاراستنی ژینگە لە سەر دەستی خەڵکانی تێکۆشەر و خەمخۆری کوردستان دامەزراون کە بە بەردەوامی خەریکی چالاکین و تا ئێستاش بە کەمترین ئیمکاناتی بەردەستەوە لە بەرانبەر کاولکارییەکانی ژینگە کە بە دەستی کۆماری ئیسلامی ئەنجام دەدرێن، هەوڵیان داوە. ئەو ڕاستییەی کە دەبێ گرینگیی پێبدرێت، ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو پڕوپاگەندەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو هەموو کلێشەسازییە کە دەبێ ژنان لە ماڵەوە بن و ئەرکی سەرەکیی سەرشانیان هەر لەو چوارچێوەیەدا بەجێ بێنن، بەپێچەوانە بینیمان کە لە پێناو پاراستنی ژینگەشدا، ژنان لەو کەسانە بوون کە بەردەوام لە مەیدانی کردەوەدا هەنگاویان هەڵێناوە. لە ئەنجومەنە ژینگەپارێزییەکاندا، ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامان ژنانن و هاوشان لەگەڵ پیاوان ئەرکی پیرۆزی خزمەت بە سروشتی جوانی کوردستان بەڕێوە دەبەن. دیارە کە کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی هەوڵی داوە کە ڕێگری لە هەبوونی ژنان لەنێو بازنەی چالاکییەکانی دەرەوەی ماڵدا بکات بەڵام بەخۆشحاڵییەوە ژنانی چاوکراوەی کوردستان، بە تێگەیشتن لە سیاسەت و پیلانەکانی ڕێژیم هیچکات نەیانهێشتووە کە ئەم خواستەی کۆماری ئیسلامی بە ئاکام بگات. ژنانی کوردستان ئێستا لە گرووپە شاخەوانییەکاندا، لەگەڵ سرووشتی کوردستان دەستلەملانن، ئەوان وەکوو تاکێکی دەروەست و نیشتماندۆست، ژینگەی کوردستان دەپارێزن و لە چالاکییە جیاوازە ژینگەییەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن.

ژنان تێگەیشتوون کە پاراستنی ژینگە، ئەرکی هەمووانە و ئەوە ئەوانیش بەشێکن لە کۆمەڵگا کە دەبێ لە پاراستنی ژینگەدا بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕۆڵ بگێڕن و بەدڵنیاییەوە ئەگەر هەر تاکێکی کۆمەڵگا لەبەرانبەر سیاسەتە گڵاوەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ژینگە، ببێتە قەڵغان، چیدیکە ئەم ڕێژیمە داگیرکەرە ناتوانێت زیان بە ژینگەکەمان و ئەم سامانە بەنرخە سروشتییە بگەیێنێت.

# تێکبەزینی دوو مودێلی دواکەوتووانە و مودێلی سەردەمیانە

هیوا کوردی



ڕاگرتن و پاراستنی نیزامی نیگریسی ویلایەتی فەقیە ئامانجی ئەسڵی ئەم ڕێژیمە بووە. خومەینی دەیگوت بۆ ڕاگرتنی نیزامی ویلایەتی فەقیهی ئەگەر پێویست بێ بەشێک لە ئەرکانی ئیسلامیش ڕادەگرین بۆیە کەوتە قەڵتوبڕی دژبەران و داعشیانە دژبەرانی سەرکوت کرد؛ تەنانەت لە کەسێکی وەک شەریعەتمەداریش خۆش نەبوو. لەو نێوەدا مونتەزیری ڕەخنەی لەم بۆچوونەی خومەینی هەبوو بەڵام لێرەدا کەللەشەقی خومەینی چووە سەر و سڵی لە سەرکوتی وەحشیانەی دژبەرانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی نەکردەوە.

ڕەفسەنجانی لە سەردەمی خومەینی کەسی دووهەمی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی بوو و پێی وابوو دوای مردنی خومەینی دەتوانێ ببێتە کەسایەتی یەکەم بۆیە درۆیەکی بە زاری خومەینییەوە هەڵبەست و خامنەیی بەیەک شەو بوو بە موجتەهید و ڕێبەری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی.

ڕەفسەنجانی دەیهەویست مودێلی چین ڕەچاو بکات. مودێلی چین ئەوە بوو کە لەگەڵ دونیای دەرەوە نێوانی خۆش بکا و کێشەکان کەم بکاتەوە بەڵام لە نێوخۆ سیاسەتی زەبروزەنگ بگرێتە بەر.

خامنەیی لەسەر سیاسەتی زەبروزەنگی نێوخۆ لەگەڵ ڕەفسەنجانی کۆک بوو بەڵام لەسەر سیاسەتی دەرەوە ناکۆک بوو؛ خامنەیی سیاسەتی خۆی بردە سەر کە سەرکوتی داعشیانەی نێوخۆ و دژایەتی ڕۆژئاوا بوو.

ڕەفسەنجانی لە ١٣٩٢جارێکی تر ویستی ئەو مودێلەی خۆی لە ڕێگای ڕووحانییەوە جێبەجێ بکات.

دووبارە خامنەیی گوتی تەنیا لە سەر کێشەی ئەتۆمی ڕێک دەکەون و باسی هیچ شتێکی تر ناکەن. ئەمە نیشانی دا کە خامنەیی لە سەر سیاسەتی سەرکوتی داعشیانە لە نێوخۆی وڵات و قەیران لەگەڵ ڕۆژئاوا سوورە. فرۆشتنی بەشێکی زۆر لە دریای خەزەر و سەرکوتی وەحشیانەی خەزەڵوەری ٩٨ نموونەی بەرچاوی ئەم سیاسەتە نگریسە بوو ؛ دیارە لەم سەرکوتەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشکی شێری بەر کەوتووە.

عەلی لاریجانی لە دوایین ساتەکانی ناونووسی بۆ شانۆگەریی هەڵبژاردنی سەرکۆماری دەورەی دوازدەیەم، بەگوتەی هەندێک لە شرۆڤەکاران، بە پێشنیاری موجتەبا خامنەیی هاتە گۆڕەپانەکەوە.

موجتەبا خامنەیی دەمێکە خولیای ڕێبەری چووەتە سەر و کاری بۆ دەکات. دیارە موجتەبا کە ئێستا بەشێک لە سوکانی وڵاتی لەژێر چاوەدێری بابی وەئەستۆ گرتووە، دەیهەویست لەڕێگای لاریجانییەوە سیاسەتی سەرکوتی وەحشیانەی نێوخۆ دڕندانەتر درێژە پێ بدا و کێشە لەگەڵ دەرەوە کەم بکاتەوە کە خامنەیی بە ڕەدی سەلاحییەتی لاریجانی چەندبارە سیاسەتی ملهۆڕی خۆی بردە سەر.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە سەرانی ڕێژیمی ویلایەتی گشتیان لە سەر سەرکوتی وەحشیانە و داخراو بوونی کومەڵگا کۆک بوونە.ئەوەی بۆیان گرینگ نییە ماف و داخوازی خەڵکە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەنگەری بەرخۆدان و خەباتی مافخوازانە بە دژی ئەم مودێلەی ڕێژیم بووە و هەیە.

خەباتی شۆڕشگێڕانە و مافخوازنەی دەیەی شەست نموونەی بەرچاوی ئەم خەباتەیە کە بە ڕای هەندێک شرۆڤەکار لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێوێنە بوو.

هەر وەک گوتمان مودێلی سەرکووتکارانە لە کوردستان زۆرتر چڕ ببوویەوە.

لەو کاتەوە کە ئاخوندەکان دەستیان بە سەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا گرت خەڵکی کوردستان شاهیدی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد، کوشتاری قارنێ و قەڵاتان و ئیندرقاش و زۆر جینایەتی داعشیانەی تر بوون؛ کە ڕەفسەنجانی دوای مردنی خومەینی کەسی یەکەم بوو و خامنەیی کەسی دووهەم، دوکتور قاسملوو لێوەشاوەترین ڕێبەری بزووتنەوەی دێموکراتیک و مافخوازانەی خەڵکی کوردستانیان لە سەر مێزی وتووێژ شەهید کرد.

کاتێک خامنەیی ڕەفسەنجانی دایە پاش، خۆی بووە کەسی یەکەم و دەسەڵاتی ڕەهای گرتە دەست و سەرکوت لە کوردستان چەندقات بوویەوە؛ چونکە خامنەیی بە ناوی کوردستان حەساسە جارێک کە باسی کولبەرانی دەکرد نەیکوت کولبەرانی کوردستان بەڵکوو گوتی کۆڵبەرانی بەلووچستان. بۆیە لە سەردەمی خامنەیی شاهیدی ئێعدامی زۆر لە نێوخۆ و تیرۆری زیاتر لە سێسەد کەس لە شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازانین کە بەدژی ئەم مۆدێلە سیاسییە داعشیانەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی دەوەستانەوە ئەنجام درا.

لە سەردەمی بەناو ئیسلاحات شاهیدی سەرکوتی وەحشیانەی خەڵکی سنەی خوێناوی بووین دیارە لە سەرەتای ئەم ڕێژیمەش لە نەورۆزی ٥٨ سنەی قارەمان خوێناوی کرا.

کاتێک بە موهەندیسی کردنی شانۆگەریی هەڵبژاردن ئەحمەدینژاد سەری لە سندووقی دەنگدان دەرهێنا دوای شەهیدکردنی شوانە سەیدقادری خەڵکی کوردستان بەدژی سەرکوتی وەحشیانەی ڕێژیم هەڵوێستان گرت و خەباتێکی سەردەمیانەی وەک مانگرتنیان گرتە پێش و شرۆڤەکارانی ناوەندگەرا دانیان بەم شێوە دروستەدا هێنا و گوتیان ئێمە دەبێ چاو لە کوردستان بکەین بەڵام ڕێژیم و لەسەرووی هەموویان باندی خامنەیی کە قین لەدڵی لەمێژینەیان لە کوردستان هەیە کەوتنەخۆ و ئەم خەباتە ئاشتیخوازانەیان داعشیانە و وەحشیانە سەرکوت کرد.

ئەمە چەند نموونە بوون لە سەرکوتی وەحشیانەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە و باندی خامنەیی لە کوردستان.

باندی خامنەیی لەو سیاسەتە سەرکوتگەرانەیە لە کوردستان ماندوو نەبوون و جار لەگەڵ جار وەحشیانەتر دەبێ، خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات ڕاسانی ڕۆژهەڵاتیان ڕاگەیاندووە کە مودێلی سەرانی ڕێژیم مودێلی سەرکوت چەندقاتە لە کوردستان و ئاوڕنەدانە لە بچووکترین ویست و داخوازی خەڵکی کوردستانە.

مودێلی ئێستای حیزبی دێموکرات ڕاسانی شاروشاخە کە ئامانجی قوناغی ڕزگاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لەم سەرکوتە چەندقاتە و پێداگری لە سەر دابینکردنی ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان. مۆدێلی کۆماری ئیسلامی مودێلێکی وەحشیانە و دواکەوتووانەیە و مۆدێلی حیزبی دێموکرات مۆدێلێکی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریخوازانەی سەردەمیانە.

خەڵک ڕوویان لە ڕاسانی شاروشاخ کردووە و پشتیان لە سیاسەتی سەرکوتکارانەی خامنەیی کردووە.

دیارە بۆ سیاسەتی زەبروزەنگی چەندقات لە کوردستان خامنەیی لە ڕێگای مافیای سپای تیرۆریستی پاسداران و جاشە خۆفرۆشەکان جێبەجێی دەکات و حیزبی دێموکرات سیاسەتی خۆی کە ڕزگاری خەڵکی کوردستانە لەلایەن هێزی ڕزگاریخوازانە و مافخوازانەی پێشمەرگەی کوردستان جێبەجێ دەکا.

ڕێژیم لە سەرەتاوە کوردستانی بە پاسداری وەحشی و سەرکوتکار تەنیوە. بەو جۆرەی کە کاوە بەهرامی بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گوتی: «ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆربەی هێزەکانی خۆی هێناوەتە کوردستان».

هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک قەڵایەکی خۆڕاگر لە بەرانبەر ئەم مافیایەی سپای تیرۆریست ڕاوەستاوە و سینگی خۆی کردووەتە قەڵغان لەبەرانبەر سەرکوتی وەحشیانەی خەڵکی کوردستان .

هێزی پێشمەرگە بە خوێنی گەشیان ئاوری ڕاسانیان بڵێسەدارتر کردووە و خۆری هیوای ڕزگاری لە کوردستان لە دروشانەوەدایە.

ئێستا کە قەیرانی مەشروعییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چەندقات بووە،مودێلی سەردەمیانە و ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بەسەر مۆدێلی داعشیانەی سەرانی ڕێژیم زاڵ دەبێ.

# کۆماری ئیسلامی داشداری گەورەی فەلەستین بە دروشم

هیوا خانی

لەوەتەی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر حوکم، دژایەتی ئیسرائیل دەستی پێکردووە. لە هەڵوەشاندنەوەی بە فەرمی ناسینی ئیسرائیل هەتا ئاوبەسەرداکردن و دروشمی ئیسرائیل دەبێ لەنێو بچێ! هاندانی هێزە جۆراوجۆرە چەکدارەکانی فەلەستینی و سووری و لوبنانی بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل و ئیجازەنەدانی وەرزشوانەکانی لە بەرانبەر ڕکەبەرە ئیسرائیلییەکان لە کێبەرکێیە جیهانییەکان و وەدرۆخستنەوەی کارەساتی هۆلۆکاست و ....

ئەوانە و بە دەیان دروشمی دیکە بە دژی ئیسرائیل وەک تۆز و با بڵاوکراونەتەوە بەڵام هیچ کامیان لە قالبی دروشم دەرنەچوونە!

لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی خۆی بە لایەنگر و داشداری خەڵکی فەلەستین دەزانێ بەڵام هیچ کات بە کردەوە هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەریی کێشەی فەلەستین هەڵنەهێناوەتەوە. بەڵکوو هەموو کات هاندەر بووە بۆ نانەوەی ئاژاوە و شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل و هێزەکانی نێوخۆی فەلەستین بە شێوەیەک کە هەر لە هەنگاوی یەکەمدا یاسر عەرەفاتی لە ئێران دەرکرد! و کێشەی لە نێو فەلەستینییەکان دروست کرد! و بەکورتی هەموو کات لەمپەڕ بووە لە پێکهاتن و ڕێککەوتنی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل.

دوێنێ کەرتی غەززە دوازدە ڕۆژ لەژێر تەوژمی ڕەهێڵەی بۆمبای ئیسرائیل بە دنەی ئێران دەیناڵاند! ئەو بەڵایەی بە سەر هات کەوا کاول کرا؛ پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەس جێژنی سەرکەوتنیان بۆ گرت و پەیامی شادباشی سەرانی کۆماری ئیسلامی ئەوانی بە تەواوی گەوجاند. دەنا چ سەرکەوتنێک؟! چاوێک بە ئامارەکاندا بخشێننەوە چ لەباری کوژراو و بریندار، چ لە باری زیانی ئابووری، چ لەباری وێرانی، چ لەباری تەقەمەنی دەکار کراو و کاریگەری! ئێران شانازی بەوەوە دەکات کە زیاتر لە ٤ هەزار مووشەک بەرەو ئیسرائیل تەقێندراوە! بەڵام باسی ئەوە ناکا لەو ڕاددەیە چەند مووشەکیان گەیشتوونەتە شوێنی مەبەست!. کام بینای لە پێش دیاریکراو پێکراوە؟ چەند کەس لە پلەباڵاکانی دەوڵەتی ئیسرائیل کوژراون؟ کام بنکەی ژێربینایی لە نێو چووە؟ کام سەرکەوتن، چ دەسکەوتێک!. تەنیا مووشەک تەقێندراوە وەکوێ دەکەوێ و کەوتووە خودا دەزانێ! مەبەست هەڵدانی مووشەکە و کەوتن لە خاکی ئیسرائیل!!.

بەڵام ئەو شەڕەی حەماس و جیهادی ئیسلامی بە دنە و تەقەمەنی ئێران دوازدە ڕۆژ درێژەی هەبوو هیچ هۆیەکی سازکردنی شەڕی تێدا بەستە نەبوو!! کە جیا لە مردن و وێرانی و ماڵکاولی دانیشتووانی غەززە چ دەسکەوتێکی دیکەی نەبوو! ڕاستی ئەو شەڕە کە بە هانی ئێران و بۆ بەرژەوەندی ئێران و بەدەستی حەماس و جیهادی ئیسلامی هەڵایساندرا، هیچ دەسکەوتێکی بۆ حەماس و جیهادی ئیسلامی و کۆماری ئیسلامی نەبوو!. ڕاستییەکە ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئامریکا و ئورووپا خەریکی زیندووکردنەوەی بەرجامە و بە سازدانی ئەو شەڕە کۆماری ئیسلامی مەبەستی بوو حەماس و جیهادی ئیسلامی لە فەلەستین بکاتە قوربانی ئەو سازانە!.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هەموو کات و لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا دێموکراتەکان لە کۆماریخوازەکان نەرم و نیانتر و سازشکارتر بوونە! ئەو چوار ساڵەی کە کۆماریخوازەکان لە سەر کار بوون،ترامپ بە توندی لەگەڵ ئێران هەڵسوکەوتی کرد. ئەوان بە هیوای هاتنە سەر کاری دێموکراتەکان ئەو چەند ساڵە دانیان بە سەر جەرگی خۆداگرت کە لەو تەنگەژەیە ڕزگاریان بێت. چونکە بایدن لە بڕیار و بە کردەوەش سەبارەت بە ئێران زۆر توند نییە! بۆیە ئێران بۆ گەڕانەوە بۆ بەرجام پێشنیازەکانی خۆی زۆر بردۆتە سەرێ. دیارە بایدێنیش گەڕانەوەی ئێرانی بۆ بەرجام پێخۆشە بەو شەرتەی دەستی بە چەکی ناوکی ڕانەگا. ئێرانێکی قەمتەرکراوی پێ باشترە لە ئێرانێک کە لاق و کلکی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئافریقا لە جوڵەدان.

کابرا لە کوێستانێ بە دەستی حەیوانێک ڕاو دەکا! پاشان هەر کات بەوێدا تێدەپەڕێ هاوار دەکا گدی گدی!! ئێرانیش کە کەڵکی لە دێموکراتەکان وەرگرتووە ددانی لە زۆر شتی بەکەیفی خۆی خۆش کردووە. لە پێش هەموویان نەهێشتنی هەموو گەمارۆکان، وەرگرتنی پالێتە دۆلاری چاوکەسک وەک قەرەبوو بۆ دەستهەڵگرتن لە پیتاندنی ئورانیوم، کشانەوە بۆ نێو هێڵەکانی سنووری نێودەوڵەتیش خەرجی خۆی هەیە.

دەڵێن تەگبیر و تەقدیر لێک جودان! ئەوەی ڕاستی بێ دانیشتنەکانی سەرەتایی بۆ گەڕانەوە بۆ بەرجام بەو شێوەیە نەچوونە پێش کە کۆماری ئیسلامی مرخی خۆی لێ خۆش کردبوو!. وتووێژەکان لەگەڵ ئەوەی ڕوحانی زۆری درۆ بۆ هەڵبەست بەڵام بەرەو هەرەسهێنان دەڕوا! ئیسرائیل بە ئاشکرا دژی ئەو ڕێککەوتنە و گەڕانەوە بۆ بەرجامە، بایدن لە هەوڵەوە جوابی ئیسرائیلی نەداوە چوار قۆناغ دانیشتنەکان درێژەیان هەبوو بێ دەسکەوت. دێموکرات بۆ ئێران دێموکراتی جاران نەبوو! بۆیە ئێران بۆ ئەوەی لایەنەکانی وتووێژ بێنێتە ڕەدایە بە ئیسرائیلیشەوە هەنگاوی بەناو بۆ ئارامکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵهێناوە و بە نێوەندگیری عێراق لەگەڵ عەرەبستان دانیشت بۆ ئاساییکردنەوەی نێوانیان. ئەوە کە نەگرت، پیلانی شەڕی غەزەی هێنا ئاراوە! شەڕێک کە هەم ئیسرائیل و هەم ئامریکا و ئورووپاش ناچار بکات هێندێک ئیمتیاز بدەن بە ئێران کە دەست لە حەماس و جیهادی ئیسلامی هەڵبگرێ و تای تەرازووی دانیشتنەکان بۆ گەڕانەوە بۆ سەر بەرجام بۆ لای ئێران قورسایی بکا! کەچی پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییە دەرچوو! هەموو لە دەهۆکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتن، بۆیە داوای ڕاگرتنی شەڕیان لە ئیسرائیل نەکرد! ئامریکاش گوتی ئیسرائیل مافی داکۆکی لە خۆی هەیە. ئێستا ئێران دەست لە ئەژنۆیان درێژتر و دەستبەتاڵ دەستی بە کڵاوی خۆی گرتووە با نەیبا! کەچی ئەوەندە بێچاوەڕوویە جێژنی سەرکەوتن بۆ ماڵوێرانی و کوشتار و ئاوارەیی خەڵکی فەلەستین دەگێڕێ!!

# هۆکارەکانی بەشداری نەکردنی زۆرینەی خەڵک لە هەڵبژاردنی مانگی جۆزەردان




جاقل

مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو خراپەکانییەوە هەتا ئێستا هەرچەند بە شپرزەیی و ناتەواویش بێت توانیویەتی نوێنەرایەتی سێ چەمکی سەرەکی پێناسەکەی خۆی، واتە کۆمار و ئیسلام و ئێران بکات. هەرچەند ڕێژیم بە پشتبەستن بە لایەنی ئیسلامی هاتووەتە سەر کار و هەر بە پشتبەستن بەو ئیسلامەش کە خۆی پێناسەی دەکات لە ناوخۆ و دەرەوەی سنورە جوغرافیاییەکەی خۆی پەرە بە دەسەڵاتی خۆی دەدات بەڵام لە باری کۆماریبوون و ئێرانیبوون زۆر غافڵ نەبووە. کەوابوو بە پێی کۆماریبوون هەندێ ڕواڵەتی کۆماریبوون بەڕێوە دەبات. هەڵبژاردن یەکێک لە نیشانەکانی کۆماریبوونە. ڕێژیمی دیکتاتۆر و توتالیتێری خومەینی لەم هەڵبژاردنەی داهاتوودا ناتوانێ زۆرینەی خەڵک بەشداری هەڵبژاردن بکات. یەکێک لە هۆکارەکان دەتوانێ بوونی پەتای کۆرۆنا بێت. ئەم نەخۆشییە کارێکی وەهای کردووە کە هەر ئێستاش ڕێژەی هاتوچۆ لە ناو شارەکاندا کەم بێت کەوابوو خەڵک لە هەڵبژاردنیشدا ئەم ڕەوتە بۆ پارێزگاری لە ژیانی خۆیان درێژە دەدەن. جیاواز لەوە خانەنشینبوون و مردنی خەڵک لە ماوەی ئەم چەند مانگەی نەخۆشی کۆرۆنادا زۆربەی خەڵکی بەرەو خەمۆکی بردووە کە هەر ئەمەش هۆکارە بۆ نەبزواندنی هەستی خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا. بێکاری و گرانی لە ئێران و کوردستاندا گەیشتووەتە ئاستێک کە خەڵک بە تەواوی لە داهاتوو بێ هیوا بوون و پێیان وایە هیچکەس تازە ناتوانێ ئەم دۆخە چاک بکات. ئاشکراکرانی پەیتاپەیتای دۆسیەکانی گەندەڵی کاربەدەستانی ڕێژیم بە تەواوی قودسیەت و پیرۆزی کەسانی ئایینی و سیاسی و نیزامی ڕێژیمی لە نێو خەڵکدا لە نێو بردووە. بە جۆرێک کە خەڵک لە ناخی خۆیاندا ڕێژیم بە مەشروع نازانن. نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین لەم ساڵانەدا و شەهیدکردنی خەڵکی سڤیل لە ڕێپێوانەکانی ساڵی ٩٦ و ٩٨ و هتد لە زەینی خەڵکدا هەر ماوە و خەڵک لەوە بیر ناکەنەوە کە دەنگ بە کێ بدەن بەڵکوو بیر لەوە دەکەنەوە کە چیدی بە دەستی بەتاڵ نەڕژێنە شەقام. شوێندانەری حیزب و لایەنگەلی ئۆپۆزیسیۆن لە سەر زەینی خەڵک بۆ بایکۆتی هەڵبژاردن بێجگە لە کوردستان لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بڕێک لاوازە، چون حیزبە سیاسییەکانی ئەو شوێنانە زۆرتر مەجازین هەتا واقعی، بەو حاڵەش ڕێکخستنی ئەو هەمووە کەمپەینە جۆراوجۆرە بۆ بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردندا ـ کە دەستی حیزبە سیاسییەکانی تێدایە ـ تا ڕادەیەک بێ تەئسیر نەبووە. کۆی گشتی ئەم شتانە وای کردووە کە بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا وەک عەیبە و شەرمێکی دەروونی حیساب بکرێ و لە هەمانحاڵدا بەشدارینەکردن وەک ئەوە بێتە ئەژمار کە تاک خۆی بە ساحێب هەڵوێست و شەخسیەت بزانێ کە لەگەڵ زۆرینەی خەڵکدا هاودەنگە. لێرەدا دەتوانین بڵێین بەشێک لە ئینسانەکان کەرامەتی خۆیان دەدۆزنەوە و خۆیان بە خاوەن شوناس دەزانن.

چاوەدێری ئیستسوابی و نەبوونی پاڵێوراوێکی دڵخواز و ئازاد کە جێگای دڵخۆشی کۆمەڵانی خەڵک بێت دەکەوێتە دەرەجەی چەندەمەوە بۆ بەشدارینەکردنی خەڵک. حەوت کەس کە ئێستا دیاری کراون هەر کامەیان لە ساڵانی پێشوودا و لە کاری خۆیاندا لە نێو ڕێژیم بە قەدەر سەرکۆمارێک خاوەن دەسەڵات بوون! ئایا ئەمانە چی باشیان کردووە کە ئێستا بیانهەوێ زیاتر پەرەی پێبدەن یان دووپاتی بکەنەوە؟ ئەمە پرسیار و کەڵکەڵەی مێشکی زۆرینەی خەڵکە کە هەر مێشک لە جوابی ئەم پرسیارەدا و هەر لە بێدەنگیدا دەڵێ: هیچ. شەڕی ناو باندەکانی ڕێژیم ئێستا بێجگە لە سۆشیال میدیا و خەڵکی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات، دارودەستە جیاوازەکانی نێو ڕێژیم چەشنی سەگ و پشیلە بەیەکدا هەڵدەپڕژێنەوە و زیاتر گەندەڵییەکانی ئەو حەوت کەسە و لە سەرووی هەموویانەوە ڕەئیسی و هیممەتی و ڕەزایی ئاشکرا دەکەن. لە کوردستان تەواوی ئەم هۆکارانە شوێندانەرن و زیاتر لەوانەش ڕاسانی ڕۆژهەڵات لەباری فیکرییەوە خەڵکێکی زۆری بە دژی ڕێژیم لە جوغرافیای زاگرۆسدا هێناوەتە سەرخەت. بە جۆرێک کە لە پارێزگاکانی لوڕستان و ئیلامیش بەهۆی زیندووبوونەوەی زیاتری هەستی نەتەوایەتی ڕێژەی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردندا زیاتر لە جاران دەبێت. بێدەنگی و ناتەوانی ئێران لە بەرانبەر هێرشە زۆرەکانی وڵاتی ئیسراییل و بە ئاشکرا دەربڕینی ئەوە کە هەموو پارە و چەک و چۆڵێک لە ئێرانەوە بۆ شەڕی غەزە بەرێ کراوە لەلایەن بەرپرسانی حەماسەوە، خەڵکی زۆر تورە کردووە و خەڵکی تورە و ناڕازی بە دژی هەڵبژاردن هەڵوێستیان گرتووە جیا لەمەش خەڵک کە دەبینن ڕێژیم ناتوانێ وڵامی هێرشەکانی ئیسرائیل بداتەوە سەوازەیان لە ڕێژیم بووەتەوە و تا ڕادەیەک ترسیان نەماوە. ئەم هۆکارانە و زۆر هۆکاری دیکە دەبنە هۆی ئەوە کە زۆرینەی خەڵک لە هەڵبژاردندا بەشداری نەکات. بەشێکی بچوک لە خەڵک کە بەشداری هەڵبژاردنەکە دەکەن کەسانێکن کە سەر بە ڕێژیمن یان کەسانێکن کە هیچ خواستێکی ئینسانی زیندوو لە ناخیاندا نییە یان نەماوە. ئەمانە جۆرە ئینسانگەلێکن کە تەنیا بە جەستە زیندوون. کەسانێکی دیکەش بەهۆی هەڵبژاردنی شۆراکانەوە بەشدار دەبن ئەمانە لە ژێر کاریگەری خزمایەتی و عەشیرەگەری و شەڕێکی ناوچەیی کە مۆرەکانی ئیتلاعات لە ڕۆژانی پێش هەڵبژاردندا دروستی دەکەن دەکەونە داوی ڕێژیمەوە و بەشداری دەکەن. بەشێک لە پان ئێرانیستەکان و هەندێ لە کۆماریخوازەکان کە خۆیان لە قاڵبی ئیسلاحتەڵەبیدا دەردەخەن دێنە پاڵ ئیسلامگەراکانی سەر بە ڕێژیمەوە و بە بیانووی ئەوە کە ئەمنییەت بپارێزرێ بەشداری هەڵبژاردن دەکەن. موچەخۆرانی حکومەتی بەڕێژەیێکی کەم بەشداری دەکەن چون زۆربەیان لەژێر تەئسیری هۆکارەکانی بەشدارینەکردندان و جگە لەوەش زۆربەی کارمەندەکانی ئێستا ڕەسمی نین بەڵکوو قەراردادین. کەوابوو تەعەهود و ئیلتیزامیان بە حاکمییەت کەمە. ڕێژیم زۆر بێ شەرم و شکۆ گەڕاوەتەوە قاڵبی ڕۆژانی سەرەتای دەسەڵاتی ئینقلابی خۆی و بە پشتبەستن بە هێزی سەرکوتکەر هیچ حیسابێک بۆ خەڵک ناکات. کەوابوو خەڵک دەکەونە ڕقەبەری و دژکردەوە لەگەڵ حاکمییەت و گوێڕایەڵی نابن و بۆ بوغزاندن و دژایەتی حاکمییەت لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکەن. ئەمانە بەشێکن لە هۆکارەکانی بەشداریکردن و بەشدارینەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنی ڕێژیمدا.

# شەڕی نەرمی دوژمن بە دژی ڕاسانی ڕۆژهەڵات

دالانپەڕ

بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد بەگشتی لە دژی داگیرکەر هەر لە جوڵە و خەباتتدا بووە. ئەم خەباتە بە زۆر قۆناغدا تێپەڕیوە کە لە هەر قۆناغێکدا پێویست دەکات بە نیسبەت شوێن و کات و ڕابردوو و داهاتووی خەباتەکەوە و بە شێوەیەکی زانستییانە و بێ لایەنانە لێک بدرێتەوە و شرۆڤەی کۆی ڕووداوەکان بکرێ. شێوەی خەبات لە پارچەکانی کوردستان بەپێی بەرنامەی حیزبەکانی هەر ناوچەیەک بڕێک جیاوازییان هەیە لەگەڵ پارچەیەکی دیکەی کوردستان. ئەگەرچی لە ئایدیای زەینی داگیرکەردا سەرەکیترین خواست قڕکردن و لەناوبردنی یەکجاری کورد بووە بەڵام بەخۆشییەوە و بەهۆی بەرەنگاری ڕەوای نەتەوەی کورد هەتا ئێستا داگیرکەرانی کوردستان نەیانتوانیوە ئەم ئامانجە چەپەڵەیان بێننە دی. لەناوبردنی فیزیکی پێشمەرگەی کوردستان وەک باشترین و قارەمانترین و بوێرترین ڕۆڵەی کورد، لە بەرنامەی هەمیشەیی داگیرکەراندا بووە و هەیە و بەپێی پلان لە ناوەندەوە هەمیشە کاری بۆ کراوە و دەکرێ. شەڕێک کە داگیرکەر بە سەر خەڵکی کوردستانیدا سەپاندووە لە داگیرکاری خاکی کوردستانەوە دەستی پێکردووە. ڕێژیمە داگیرکەرەکان بە جێگیرکردنی هێزی نیزامی و چەکوچۆڵی زۆر، کوردستانیان میلیتاریزە کردووە، ڕادەربڕین و ئازادیخوازبوون لە کوردستاندا وەک تاوان لەلایەن داگیرکەرەوە دێتە ئەژمار و ڕۆڵە بوێر و ئازاکانی نەتەوەی کورد بۆ دەربڕینی خواستە ڕەواکانیان ناچارن کەرەستەی بەرەنگاری لە خۆیان هەڵبگرن. شەڕی زبری داگیرکەر و هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەڕێکی بەردەوامە و هەتا خاکی کوردستان لەژێر چنگی دوژمن ڕزگاری نەبێت ئەو بەرەنگارییە چەکدارانە هەر درێژەی دەبێت. داگیرکەر لە ڕێگای شەڕی نەرمەوە هەمیشە ویستویەتی ورەی خەباتکاران دابەزێنێ و لە ڕێژەی پەیوەستبوونی لاوان بە خەباتی چەکدارانەی ئاشکرا کەم بکاتەوە. ڕێژیم بە دانانی پلان و سەرفی بودجەگەلی زۆری ماددی هەوڵ دەدات خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری نەتەوەیی بە شتێکی کەم بایەخ پێناسە بکات. ڕێژیم لەگەڵ تیرۆری جەستەیی ڕێبەرانی کورد بەردەوام هەوڵ دەدات تیرۆری شەخسیەتی شۆڕشگێڕان و پێشمەرگەکان لە کۆمەڵگای کوردستان و لە نێو ناسیاوەکانیاندا بکات. لە کوردستانی ئێراندا شەڕی زبر و شەڕی نەرمی دوژمن بە دژی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لەلایەن حاکمانی تارانەوە بە شێوەیەکی بەردەوام بەڕێوە چووە. داگیرکەرانی تاران بە زمانی نەرم و لوسیان و لە ڕێگای میدیاکانی سەربەخۆیان بۆ کەمبایەخ پیشاندانی خەبات ئەوەی لە دەستیان هاتبێ کردویانە. ڕاسانی ڕۆژهەڵات وەک گەورەترین بزاڤی ڕزگاریخوازانەی دێموکراتیک لە ناوچەکە و لە جیهاندا لە سەردەمێکدا بەدژی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و تیرۆریستی تاران هاتە گۆڕەپانی خەباتەوە کە تاران ئەوەی بە خەیاڵیدا نەهاتبایە شۆڕشێکی شۆڕشگێڕانەی کوردی لە ئێراندا بوو. هەر بۆیەش بە دڕندانەترین شێوە بە دژی ئەو خەباتە هاتە مەیدانەوە. لە گەڵ ئەوە کە زۆر پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان لەم خەباتەدا تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون بەڵام پاش پێنج ساڵ ڕێژیم نەتەنیا نەیتوانی ئەو جوڵانەوە نوێیە لە نێو بەرێ بەڵکوو لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا ئەوە دەسەڵاتی ئەو بووە کە زیاتر لە ڕوخان نیزیک بووەتەوە. هەستی ناسیۆنالیستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر کاریگەری ئەم خەباتەدا ئێستا خۆی لە جوغرافیای بەرینتری زاگرۆسدا پێناسە دەکات و چیدی خەباتی خۆی بە جوغرافیاکانی شوماڵ و ناوەندی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە نابەستێتەوە. دوژمن لە ڕێگای مۆرە جاشە ئیسلاح تەڵەبەکانییەوە زۆر هەوڵ دەدات هەتا ئەم خەباتە بە شکستخواردوو یان دەستکردی وڵاتانی دیکە بناسێنێ. مێژووی کورت و پڕ لە شانازی ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەرخەری ئەوەیە کە تەواوی ئەم پڕوپاگاندایانەی ڕێژیم درۆن و دورن لە ڕاستی. هەندێ ئینسان لەملاولاوە بەئەنقەست و هەندێکیش زۆر ساویلکانە کەوتوونەتە داوی بڵاوکراوەکانی دوژمن بە دژی ڕاسانی ڕۆژهەڵات و پێیان وایە کە دەبێ فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ هەر هەنگاوێک کە دەینێ دەبێ تەوزیح و شیکردنەوەیەک بۆ ئەوان بدات. ڕێژیمی ئاخوندی لە ناوخۆ و لە تەواوی جیهاندا خەریکی شەڕ و ئاژاوەنانەوەیە و ڕۆژانە دەیان کەسی لێدەکوژرێ و گەورەترین خەسار بەر دامودەزگاکانی دەکەوێ بەڵام هەتا ئێستاش هیچ ئامارێکی ورد بە هیچ لایەنێک نادات. ئەمە بەو مانا نییە کە حیزبی دێموکراتیش بیهەوێ وەک ئەو بکات بەڵکوو بەو مانایە کە دەبێ خەڵکانێک کە ئەگەر دڵسۆزیش بن نەکەونە داوی شەڕی ڕەوانی ڕێژیمەوە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە ناو خەڵکدا خۆڕاگرتر بن و شعورمەندانە لە شۆڕش تێبگەن. لە هیچ شوێنێکی جیهاندا کاروبارە سیاسی و نیزامییەکان بۆ خەڵک بە تەواوی و دەسبەجێ شی ناکرێتەوە.

هێنری کەیسینجێر بیرمەند و لێکۆڵەری سیاسی و وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا دەڵێ: سەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرپرسانی وڵاتەکانیش سەردەمێکی پڕ لە ئاڵۆزی و پەلەیە. بچوکترین شتێک کە ڕوبدات خەڵک دەیانهەوێ خێرا سیاسەتمەدارەکان بێنە بەردەم دووربینەکان و هەڵوێستی خۆیان دەربڕن کە ئەمەش لە سیاسەتدا شتێکی بە تەواوی هەڵە و نەگونجاوە. حیزبی دێموکرات حیزبێکی خەڵکییە و بە تەواوی خۆی لە بەرانبەر خەڵکی کوردستاندا بە بەرپرسیار دەزانێ بەڵام هیچکات ناکەوێتە داوی شەڕی نەرمی دوژمنەوە و خەڵکانی دڵسۆزیش هیچکات نابێ گوێ بۆ کەسانی دۆڕاو و دور لە سەنگەرەکانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات شل بکەن. لەحاڵێکدا کە ئیسلاحتەڵەبی لە هەموو ئێراندا بە تەواوی شکستی خواردووە هەندێ زۆڵەکوردی سەربەڕێژیم دەیانهەوێ لە خۆڵەمێشی ئەم گوتارە شکستخواردووە ئاگرێکی جەماوەری بە دژی ڕاسانی ڕۆژهەڵات دروست بکەن. کوردستان لە ئێستادا بە نیزیکبوونەوە لە کەتواری شۆڕشگێڕی و گیانبازی و فیداکاری، زیاتر دەتوانێ لە ئامانجەکانی نیزیک ببێتەوە. فەلسەفەی وجودی حیزبی دێموکرات شەڕخوازی نەبووە بەڵام پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی داسەپاودا ئەگەر گیانیشی ببەخشێ پاشەکشە بۆ دوژمن ناکات. بەپێچەوانەی ئەوانەش کە پێیان وایە بەرزکردنەوەی چەمکەکانی شۆڕشگێڕی هیچ دەسکەوتێکی نابێ، هەموو جیهان شاهیدە کە باشوری کوردستان بە چ قۆناغێکی خوێناویدا تێپەڕی هەتا توانی بە نیسبەت هەموو ناوچەکە و وڵاتی عێراقەوە بگات بە ژیانێکی خۆشتر و ئازادتر. ڕۆژئاوای کوردستان نمونەیەکی دیکەی تەسلیمنەبوون و گیانبازییە کە لانیکەم ئێستا لە چاو هەموو سوریا لە بارودۆخێکی زۆر باشتردایە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتیوانی لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە کە دەتوانێ لە ڕێبازی سەربەستیدا هەنگاو بنێ و بێگومان ئەم ڕێبازەش ڕێبازێکی بێ تێچوو نابێ.

# سەلیم زەنجیری:

## ئەوە سرووشتی هەموو دیکتاتۆرەکان و یەک لەوانیش ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە کە بە ساختەکاری، موهەندیسی کردن و ئاماری درۆین، لەژێر ناوی هەڵبژاردندا یاری بە چارەنووسی نەتەوە و کۆمەڵگاکان دەکەن و خۆیان بە کارنامەی پڕاوپڕ لە جینایەت بە سەر خەڵکیدا فەرز دەکەن.

وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی

کەمتر لە ٢ حەووتوی دیکە شانۆی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران بەڕێوە دەچێت، هەڵبژاردنێک کە چاوەڕوان دەکرێت کەمترین ڕێژەی خەڵک بەشداریی تێدا بکەن. هەڵبژاردنەکان لە کاتێکدایە کە ڕێژیم لەگەڵ قەیرانی ڕەوایی بەرەوڕووە، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران ئەو هەڵبژاردنانەیان بایکۆت کردووە. لەم خولەدا بەربژێرەکانی سەرکۆماریی بە شێوازێک چندراون کە بەوتەی کارناسانی سیاسی ئاکامی هەڵبژاردنەکان هەر لە ئێستاوە دیاری کراوە و ڕێژیم دەیهەوێت دەسەڵات بە تەواوەتی یەکدەست بکات. ئەم بابەتەمان لە وتوویژێکدا لەگەڵ بەڕێز «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خستووەتە بەر باس کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**-هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران کە چاوەڕوان دەکرێت ساردترین هەڵبژاردن لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بێت هەتا چەندە گرینگە و چ کاریگەرییەکی لەسەر داهاتووی ئێران دەبێت؟**

سەرەتا ئەوەی کە لە ژێر ناوی هەڵبژاردن لە سیستمی سیاسیی ئێراندا دەکرێت، بە هێچ شێوە لەگەڵ پێوەر و پێوانەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیکی دونیای مۆدێرندا ناگونجێت و ناکرێت پێناسەی هەڵبژاردنی بۆ بکرێت، بەڵکوو ئینتسابێتکە لە بەرگی هەڵبژاردن و بە تامی هەڵبژاردن کە ئامانج لێی ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی ڕێژیمە بە کۆمەڵگای جیهانی و خۆهەڵکێشانی ڕواڵەتی بۆ نیشاندانی ڕەوایەتی و پێگەی جەماوەریی خۆی. دەکرێت خوێندنەوە یان گرینگیی ئەو بەناو هەڵبژاردنانە بۆ هەر یەک لە گەلانی ئێران، ڕێژیمی ئیسلامیی و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە جیا جیاواز بێت، بەو واتایە کە هەر یەک لەوان بە مەبەست و ڕوانینێکی جیاوازەوە لێی دەڕوانن. هەرچی خەڵک و گەلانی ئێرانن بە ناسینی نێوەڕۆک و چیەتی ئەو ڕێژیمە، هیوایەکیان بەو هەڵبژاردنانە و باندەکانی نێو ڕێژیمیان نییە و بە شانۆگەری و گاڵتەکردن بە دێموکراسیی دەزانن. کۆمەڵگای جیهانیش بە داخەوە فریوی دوالیزمی سیاسیی و پارادۆکسیکاڵ لە پێکهاتەی ڕێژیمیاندا خواردووە و زۆر جار لەو بەناوهەڵبژاردنانەدا بە چاوی هیواوە سەیری ڕەوتەکانی نێو دەسەڵات و ڕیفۆرمخوازی و دروشمەکانیان کردووە، کە پێدەچی ئێستا ئەوانیش لەم پیوەندییەدا بێ هیوا بوویێتن. بەڵام بۆ خودی ڕێژیم دەکرێت گرینگیی زیاتری هەبێت، چوونکە خروجیی کار، سیاسەت و کردەوەکانی ڕێژیم لە بوارگەلی جۆراوجۆر و لە هەر دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا، کۆمەڵێک گرفت و قەیرانی جیددی هێناوەتە ئاراوە کە ئاراستەی کەشتیی ئەو نیزامەی بەرەو ئاقار و چارەنووسێکی نادیار اڵ پێوەدەنێت. بۆیە بۆ دەرچوون و ڕزگاربوون لەو کریزە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانە و هەروەها تەجدیدی مەشرووعیەتی خۆی و تەزاهورکردن پێوەی، ئەو هەڵبژاردنەی بە دەرفەتێکی گرینگ دەزانێت، بەڵام لە ڕاستیدا مارئاسا، لە سەر سروشتی هۆقانەی خۆی بەردەوام و تەنیا ماوە بە ماوە ناچار بە پێست فڕێدان دەبێت.

**-ڕێژیمی ئێران بەو شێوازە موهەندسی کردنە کە بەربژێرەکانی چنیوە خۆی بۆ چ دۆخێک ئامادە دەکات؟**

ئەو قۆناغە لە ژیانی سیاسیی ڕێژیم زۆر تایبەت و هەستیارە، چونکە خەست و چڕتربوونی دیکتاتۆریی نیزامی — دینی لە شێوەی ویلایەتی فەقیهی، سیاسەتی سەرکوت و ئاژاوەگێڕییەکانی، سەرکێشیە ناوکی و مووشەکیەکانی، پشتیوانی لە تێرۆریزم و هەڕەشە و دەستێوەردانەکانی و ...هتد، بوونەتە هۆی ئەوە کە مەودا و درزی نێوان خەڵک و ڕێژیم لەلایەک و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ڕێژیمیش لەلایەکی دیکەوە، زیاتر ببێت و ئەمەش بە تێچووی لەدەستدانی ڕەوایی لە نێوخۆ و هەوسارکردن لە ڕێگای دورپێچ لەلایەن ڕۆژئاواوە بۆ ڕێژیم تەواو ببێت. بۆیە کێشەی ڕێژیم لەگەڵ ڕۆژئاوا و هەوڵدان بۆ لابردنی گەمارۆکان، شەڕی نێوان باندەکانی، کەلێنی نێوان خۆی و خەڵکی ئێران و لە هەموویان گرینگتر مەسەلەی ڕێبەری و ئامادەکاری بۆ شوێنگرەوەی خامنەیی لە دوای مردنی بوونەتە هۆکاری ئەوەیکە وەلیی فەقیهی و دارودەستەکەی، خۆیان بۆ قۆناغێکی دژوار لە ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز لەلایەک، باندەکانی نێو دەسەڵات لەلایەکی تر و کۆمەڵگای جیهانی لەلایەکی ترەوە ئامادە بکەن و موهەندیسی کردنی ئەمجارەی «ئینتسابات»ـەکەیان وردتر و خەستتر و بازنەی دەسەڵاتیش بە وەلانانی «خودی»ـیەکان بەرتەسکتر بکەنەوە. یان بە واتایەکی دیکە، ڕێکخستنێکی نوێ لە سەر بنەمای پاڵاوتنی ئیستراتیژیک بۆ قۆناغی دیکەی شۆڕش بکەن، بە ڕاشکاوی ئەوەی کە مێهدی تائیب، سەرۆکی قەرارگای عەمار و برای سەرۆکی ئیتلاعاتی سپای پاسداران ئاماژەی پێکردووە کە « ئێمە بە قۆناغێک لە «خالیس سازی» ئینقلاب گەیشتووین و حەتمەن تێیدا سەر دەکەوین».

**- بەشداریکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ئەو خولەدا بەنیسبەت پێشوو هەتا چەندە گرینگیی بۆ ڕێژیم هەیە؟**

پێشینەی ڕێژیم و وەلیی فەقیهی لە موهەندیسی کردنی هەڵبژاردن و دیاریکردنی سەرکۆمار و یاریکردن بە دەنگی خەڵک، ڕوون و ئاشکرایە و ئەوەیکە دەنگی خەڵکی هیچ کاریگەرییەکی لە دیاریکردنی سەرکۆماردا نابێت، گومانی تێدا نییە، چوونکە «میزان» دەنگی وەلیی فەقیهی یە، نەک خەڵک، بەڵام ئەوەیکە گرینگە، ڕەوایی ڕێژیم لە گرەوی بەشداریی ئەو خەڵکە و درێژبوونی ڕیزی دەنگدەراندایە، بۆیە هەوڵ دەدات پێناسەیەکی شەرعی، یاسایی و بایەخی بە بەشداریی خەڵکی بدات ئینجا چ بە هەڕەشە و گوڕەشەوە بێ و چ بە تەماح وەبەرنان و هەڵخەڵەتاندنەوە بێت. تاکە شتێکی کە بۆی گرینگە سەفی بەشداریی خەڵکی لە سەر سندووقەکان دوور و درێژ بێت هەتا وەکوو دواتر لە میدیاکان و کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکاندا وێڕای ئەوە کە بە ڕیشی ئەو خەڵکە پێبکەنن و ئیدەعای ڕەوایەتی و پێگەی بەرزی جەماوەریی خۆیان لەنێو خەڵکیدا بکەن، و بەم چەشنە خۆیان و ڕێژیمەکەیان لە گۆشەگیری و بنبەستی سیاسیی نێودەوڵەتی ڕزگار بکەن.

**. بەپێی ڕاپرسییەکان زۆرینەی خەڵکی فارس و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئەو هەڵبژاردنانە بایکوت دەکەن، ئایا بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لە نێوان فارس و نەتەوەکانی دیکە بە تایبەت کورد بە یەک ڕوانگەوە سەیر دەکرێت؟**

لایەنەکانی بەرەی بایکۆت، هەر یەکەیان لە ڕوانین و سیاسەت و جیهانبینیی خۆیەوە سەیری ئەو مژارە دەکات. بۆ نموونە نەتەوە غەیرە فارسەکان بە گشتی و بە تایبەتی نەتەوەی کورد ڕوانینێکی هاوبەشیان بە نیسبەت «بایکۆت»ـەوە هەیە. چوونکە ئەزموونێکی تاڵ و خوێناوییان لە چوار دەیە سەرکوت، بێ مافی، چەوساندنەوە و بندەستی، هەژاری و فەلاکەت و بەربەرەکانێ لەگەل ئەو ڕێژیمە تۆتالیتێر و هێزە سەرکوتکەرەکانی هەیە و ئاسۆی ئازادی، دێموکراسی، سکۆلاریزم، ماف، دادپەروەریی و بەشداریی یەکسان لە پرۆسەی سیاسیدا تەنیا لە ڕووخانی تەواوییەتی ئەو ڕێژیمەدا دەبینن و کۆی سیستەمیان بە ئامانج گرتووە نەک شەخس یان جیناح و ڕەوتێکی ناو دەسەڵات. بۆیە نەتەنیا ئەو بەناوهەڵبژاردنانە بە هی خۆیان نازانن و خاوەنداریێتی لێ ناکەن، بەڵکوو بە گوتار و پێناسەیەکی نەتەوەیی و سیاسیانە و لە فۆرم و قەوارەی هەڵبژاردنی داگیرکەردا پۆلینبەندی و پێناسەی بۆ دەکەن، بەڵام ڕەنگە بایکۆتی لایەنی دیکە لە سەر شێوەی بەشداریی، یان قەواعیدی یارییەکە یان چۆنیەتی یارییەکە و بەشە میراتی خۆیان بێت. ئەوەیکە گرینگە، کەمپەینی «نا» وتن و بایکۆتی ئەمجارە بە هەموو ڕوانینێکی سیاسیی جیاوازەوە بە بەراورد لەگەڵ خولەکانی پێشوودا زۆر بەرفراوانە، و «بایکۆت»ی هەڵبژاردن بووە بە خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەی هەموو هێز و لایەن و کەسایەتییەکان، بە شێوەیەک کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وێنەی نەبووە. هەر لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخێنەرخواز لە دەرەوەی وڵاتەوە بگرە هەتا کەسایەتی و چالاکانی سیاسی، ئایینی، مەدەنی، ژنان و ڕێکخراوە سینفی و خوێندکارییەکان لە نێوخۆ و تەنانەت مۆرە پایەبەرزەکانی ڕێژیم وەکوو ئەحمەدی نەژاد، فائیزە هاشمی و هەندێ بەناو ڕیفۆرمخوازی حکوومەتی.

**-بۆ خەڵکێکی وەزاڵەهاتوو کە هەر ناڕەزایەتی دەربڕینێکیان بە توندی سەرکوت کراوە و هیوایان بە چاکسازیی لە ڕێگای چوونە سەر سندوقی دەنگدان نەماوە، ئایا ڕێگایەک جگە لە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە بۆ خەڵک ماوە؟**

لە سەدەی بیست و یەک و سەردەمی تکنۆلۆژی، جیهانیبوون و دێموکراسیدا کە دونیا ئاڵوگۆڕێکی زۆری بە سەردا هاتووە، چوار دەیە دەسەڵات بۆ ڕێژێمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی، ماوەیەکی کەم نییە بۆ بەخۆداچوونەوە و چاکسازی، بەڵام جەوهەر و تێگەیشتنی هەموو ڕێژیمە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرەکان هاوشێوەی یەکە، تاکە زمانی دیالۆگیان لە بەرانبەر خەڵک، مافخوازی و ئازادیخوازیدا، قامک ڕاوەشاندن، سەرکوت و خوێنڕشتنە، ڕێگایەک کە چارەنووسی خۆشیان هەمان شتە. ڕێژیمێک کە لە ماوەی ئەو چوار دەیەیەدا خۆی لە هیچ چەشنە جینایەت، تێرۆر، زوڵم، پێشلکاری، کاولکاری، نادادپەروەری و ... لەهەمبەر گەلانی ئێران و بە تایبەتی گەلی کورددا نەبواردووە و هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤ و ئەرزشە مرۆییەکان دانەناوە، و بەو مودیرییەت و سیاسەتانەوە ئێرانی کردووە بە زیندانێکی گەورە و بچووکترین ناڕەزایەتی و داواکارییەکی بە توندترین و نامرۆڤانەترین شێوە وڵام داوەتەوە. بە گشتی لە پێناو مانەوە و بەردەوامیی دەسەڵاتی نگریسی خۆی، ناوچە و جیهانی هەراسان کردووە و بووەتە هەڕەشە لە سەر ئاسایشیان. سەرەڕای ئەوەش، گەلانی ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەرفەتی زۆریان پێداوە چ لە ڕێگای بەناو هەڵبژاردن و پشتیوانیکردن لە جیناحەکانیەوە، چ لە تەحەمولکردنیدا بۆ ماوەی چوار دەیە. بۆیە ئیتر ئەو ڕێژیمە گەیشتووەتە نوقتەیەکی حەساس و ئیتر خەڵک و ڕێژیم لە بەرانبەر یەکدا قەراریان گرتووە.

**-زۆربەی کارناسان باس لەوە دەکەن کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە ئێستاوە دیاری کراوە، خەڵک و ڕێژیمی ئێران کە لەبەرامبەر یەکدان، دوای ئەو هەڵبژاردنە دەچنە نێو چ قۆناغێک؟**

ئەوە سرووشتی هەموو دیکتاتۆرەکان و یەک لەوانیش ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە کە بە ساختەکاری، موهەندیسی کردن و ئاماری درۆیینە، لە ژێر ناوی هەڵبژاردندا یاری بە چارەنووسی نەتەوە و کۆمەڵگاکان دەکەن و خۆیان بە کارنامەی پڕاوپڕ لە جینایەت بە سەر خەڵکیدا فەرز دەکەن. بۆیە بە دیاریکردنی هەر یەک لەو جینایەتکارانە بە تایبەتی شەخسی ڕەئیسی لەو قۆناغەدا، نەتەنیا بەرەی خەڵک و ڕێژیم لە بەرانبەر یەکدا جێ دەگرن، بەڵکوو پێدەچێت کۆمەڵگای جیهانی و ڕێژیمیش لە ئەگەری هێنانەپێشی ڕەئیسی بە تاوانی جینایەت لە دژی مرۆڤایەتی لە بەرانبەر یەک ڕابوەستن و «مصونیت»ی سیاسیی لێی وەربگیرێتەوە. بە گشتی ڕێژیم ترسێکی زۆری لە بەشداری نەکردنی خەڵکی هەیە، بۆیە پەنای بردووەتە بەر فەتوا و حەدیس و هەڕەشە و تەکفیری خەڵک و هاویشتنی هەر دەنگێک بۆناو سندووق، بە «بەڵێ» یەک بۆ نیزام دەزانێت. یان لە زمان «عەلەمولهودا »ی خەزووری ئیبراهیم ڕەئیسیی جینایەتکارەوە ڕادەگەیەنێت کە هەر کەسێک «معصومیت»ی وەلیی فەقیە بباتە ژێر پرسیارەوە و دەنگ نەدات، وەکوو ڕووبەڕووبوونەوە لە گەل پێغەمبەر حیسابی بۆ دەکرێت. تەنانەت خامنەیی بۆ خۆێشی بە ڕاشکاوی دانی بەوە داناوە کە: «موسیبەت» لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات کە زۆرینەی خەڵکی بەشدار نەبن». بۆیە ئەرکی هەموو تاکێکی ئازادیخوازە کە هەست بە بەرپرسایەتی مێژوویی خۆی بکات و بە بەشدارینەکردن لەو شانۆگەرییەدا، چەکی مەشرووعیەتی لە دەست دەربێنن و هەنگاوی پراکتیکی بۆ ڕووخانی هەڵبگرن. چوونکە لەو حاڵەتەدا، ئەو ڕێژیمە نامەشرووعە ناتوانێ ئیدعای تەمسیل و نوێنەرایەتی خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بکات و جیهانیش بەو چاوەوە سەیری ناکات، بۆیە هەنگاو بەهەنگاو پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی و ناڕەزایەتییە گشتییەکان دەست پێدەکات و زەمینە بۆ ڕووخانی خۆش دەکرێت.





# چیرۆک ـ ئەوان جندۆکەن!

نووسەر: بێهزاد قادری

بە «فارسی» لێی پرسیم، تۆ کوردی؟ بە سەر وەڵامم دایەوە، ئەرێ.

تاقەتی قسەکردن و وەڵامدانەوە بە کەسێکم نەبوو. بە تەنیا لەسەر مێزێکی دوو کەسی دانیشتبووم. لە هەموو کەس وەڕەز بووم. لە دار و بەرد بێزار بووم. بیرم دەکردەوە؛ بیر لە بیرەکانم؛ بیر لەوانەی هەڵمدەشێوێنن یان دەمفڕێنن و وەک ئەوە وایە خەڵکی هەسارەیەکی تر بم. هەندێکجار بیر لە شتانێکی ناشۆ دەکەمەوە.

سەیری نێو شەقامم دەکرد: «بۆنی هیچ هەنگاو و پەڕانەوەیەک نایەت! کەس بە دوای دڵی ونبووی خۆیدا ناگەڕێت! دەستەکان لە یەک بێگانەن! پێڵاوەکان تف لە شەقام دەکەن. شەقامەکان لە هەنگاوەکان بێزارن و هەنگاوەکان لەوەی کە هەن قەڵسن».

بە «فارسی» پێی گوتم، کێشە نییە لێرە دابنیشم. فوویەکم لە دووکەڵی جگەرەکەم کرد. پیرەپیاوێکی چەماوە لە تەنیشتم ڕاوەستابوو. سەیری دەکردم؛ ماقم ببوو. ئەرێ چیت لە گیانم دەوێت پیرەپیاو؟ دەمەوێت تەنیا بم، دەمەوێت بیر بکەمەوە. بەڵام هەمووی لێ تێکدام. چاک بوو ئەو وشانەم نەهێنایە سەر زار، پیرتر لەوەی بوو بەرگەی قسەی ناخۆش بگرێت. گوتم، فەرموو، دابنیشە.

ڕیشێکی درێژی هەبوو، یەک تاڵی ڕەش بە سەر و ڕووخساریەوە نەبوو. «سەرم بەفری زستانە»، ئەمەیە! سەیری ناوچاوانی دەکردم. هەردوو ئانیشکم لەسەر مێزەکە دانابوو. جگەرەم دەکێشا؛ بە قووڵی سینەکێشم دەکرد. گوتی، چیت پێخۆشە بۆمان بێنن. بە بێتاقەتی گوتم، هیچ. لەسەری نەچوو و قاوەیەکیان بۆ خۆی هێنا. گوتی، وادیارە پێت خۆش نییە قسە بکەیت، ببوورە تەنیاییەکەتم تێک دا، کە بە مۆبایل قسانت دەکرد، زانیم کوردیت و پێم خۆش بوو چەند چرکەیەک کاتت بگرم.

لێوی دەلەرزی! دڵۆپە ئاوێک لە چاویدا پەنگی خواردبووەوە. جگەرەیەکی دەرهێنا. بە قامکەکانیەوە ڕانەدەوەستا. چاوەڕێ بوو من بۆی هەڵگیرسێنم، بەڵام تاقەتی بچووکترین جووڵەشم نەبوو. لە کۆتاییدا هەڵیگیرساند، دووکەڵێکی خەستی دایە دەرەوە. گوتی، ساڵەکانی شەستی هەتاوی لە کوردستان بووم. بۆ شەڕ دژی دژەشۆڕشەکان هاتبووم. خۆ دەزانی مەبەستم کێیە ها؟! «کۆمەڵە و دێموکرات» دەڵێم. فەرماندەش بووم و پێشتریش ئەندامی «ساواک» بووم و بەر لە شۆڕش، پەیوەندیم بە جەماعەتی ئیمامەوە گرت و بووم بە پیاوی ئەوان.

جگەرەکە بە دەستیەوە دەسووتا، خەیاڵ لەگەڵ خۆی بردبووی و بیری لەلایەوە نەمابوو. چاوم لە چاوی بڕیبوو. جگەرەیەکی ترم هەڵگیرساند. گوێم بۆی شل کردبوو. گوتی، لەمانە گەڕێین. باسی ئەوەم دەکرد. لە کوردستان بووم. ئەوکات بۆ شەڕی کوردە یاخییەکان هاتبووین. دەمانکوشت و بە لێشاو لێیان دەکوشتین. بریندارمان دەکرد و بە هەزارانیان لێ بریندار دەکردین. هەتا دیلێکمان گرتبا بە برینداری، سەدان دیلیان بە ساغی لێ دەگرتین! بەڵام ئێمە زۆر بووین. مردن بۆ ئێمە بە واتای ژیانێکی نوێ بوو. سەربازی ئیمام حوسێن و ئیمام مێهدی بووین. پاسدارانی ویلایەت بووین. ئاخوندەکان باسی بەهەشتیان بۆ دەکردین، باخ و باخاتی هەردەم سەوز، ڕووبارە شەراب، حۆرییەکان، دەزانیت خۆ؟!

چاوێکی لێ قرتاندم. بەشی کۆتایی بە گاڵتەوە پێ گوتم. وا دیار بوو کە چیتر باوەڕی بەو شتانە نییە، ڕووبارە شەرابی چی و حۆریی چی! هەر چاوەڕێ بوو من شتێک بڵێم، بەڵام تاقەتم نەبوو تەنانەت زمانیشم هەڵچەرخێنم. نازانم چۆن بوو کە تاقەتی گوێگرتن و بیستنم هەبوو! هەستێک لە دڵمدا دروست ببوو، تێکەڵاوییەک لە ڕق و بەزەیی! درێژەی دایەوە، بڕوا ناکەم تۆ ئەو کاتە لەدایک بوویبێتی! خودی ناوی شەڕ پیسە، تا بگات بەو کارانەی لە شەڕدا دەکرێت، ئیتر نازانم ناوی دەنێن تۆڵەسەندنەوە یان خولقاندنی «تاوان». کوشتن و برینەکەی با بووەستێت. بە «ستوون» دەڕۆیشتین، چوار کەسمان لێی دەرنەدەچوون، بەڵام ستوونگەلی دیکە دەهاتن تاکوو کاتێک کە ئەوان فیشەکیان پێ نەدەما. نەماندەزانی چی بکەین. دەمانگوت ئەم کۆمەڵە و دێموکراتانە وەک «جندۆکە» وان، کەس نازانێت لە کوێن و لە کوێ دەردەکەون. لە یەک خولەکدا خاکیان لە عەرزدا نەدەهێشت؛ فیشەکیان بە خەتا نەدەچوو؛ سەربازی وامان هەبوو بە ئاوات بوو شەڕکەرێکی کورد ببینێت؛ دەیانگوت لە کوردستان مرۆڤ شەڕ ناکات، ئەوە دار و بەردەکانن چەکیان لەشان کردووە. دانی پێدا دەنێم، وەک پڵینگ بازیان دەبرد و وەک هەڵۆ بەرزایەتییەکانیان دەگرت.

جگەرەکەی کوژاندەوە، تەنیا یەک جار نەفەسی لێ دا. قاوەکەشی سارد بووەوە. داوای یەکێکی تری کرد. لەرزینەکەی دەست و لێوی نەمابوو. بەڵام شەوقێک لە چاوەکانیدا بوو. جگەرەیەکی ترم هەڵگیرساند. چاوم لێ هەڵنەدەبڕی. گوتی، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستان کوشتەیەکی زۆرمان دابوو. یەک کەس لە هێزەکانی ئێمە دەرنەچووبوو. پێیان ڕاگەیاندین کە دێموکرات لێی داوین و نەوەد کەسی لێ کوشتووین. پێشمەرگەکان بە خەڵکیان گوتبوو کە تەرمەکانی ئێمە هەڵبگرن و لە مزگەوتی گوندەکە دایانبنێن. ئەوێیان بەجێ هێشتبوو. کە چووین بۆ ئەوێ، تەرمی براکەمم لەوێ دیتەوە! مەراقم کرد. پێم خۆش بوو فیشەکێک بەر ناوچاوانم کەوتبا و ئەوەم نەدیبا. دونیا لە پێش چاوم ڕەش هەڵگەڕا. مەرگی برا زۆر سەختە زۆر.

فرمێسکێک بەسەر گۆنایدا هەڵخلیسکا و لەنێو ڕیشیدا نوقم بوو. هیچ بۆم گرینگ نەبوو. پێم خۆش بوو هەر ئەوکات پێی بڵێم کە بە جەهەندەم کە تۆپێندرا. بەڵام تاقەتم نەبوو. گوتی، هێزێکی زۆرمان لەگەڵ خۆمان بردبوو کە تەرمەکان لەگەڵ خۆمان ببەینەوە. دەستەیەک فەرماندە لەوێ بووین. کۆبوونەوەیەکمان گرت و هەر لە هەمان گوند بڕیارێکمان دەر کرد. کۆمەڵێک لە کەسانی زۆر باوەڕپێکراوی خۆمان کۆ کردەوە و چووینە نێو تەرمەکانەوە و سەربازانی دیکەمان وەدەر نا. بڕیار ئەوە بوو، سەری زۆرێک لە کوژراوەکان لە تەرمەکانیان جیا بکەینەوە، لووت و گوێی هەندێکیشی ببڕین. بڕیارێکی سەخت و بێڕەحمانە بوو، بەڵام چارەمان بۆ نەمابووەوە. وەک گەڵای دار لێمان هەڵدەوەرا.

ڕاوەستا و تا قاوەکەی تەواو نەکرد، هیچی نەگوت. منیش جگەرەم بە جگەرە هەڵدەگیرساند. زۆرتر لە چەند چرکەی پێش ڕقم لە دڵدا بوو. ماسوولکەکانم توند توند ببوون؛ پێم خۆش بوو هەر لەوێ بیدەمە بەر چەقۆ و لەتوپەتی بکەم. تفێکی قورت دا و گوتی، خۆم سەری براکەی خۆمم بڕی. ڤیدیۆ و وێنەمان لێ هەڵگرتن و ڕامانگەیاند کە کوردەکان سەر دەبڕن، گوێ و لووت دەبڕن و دیلەکانمان «گاکوژ» دەکەن. ئەوەندەی مسقاڵێک ڕۆحم لە دڵیاندا نییە، هیچ لە مرۆڤایەتی تێنەگەیشتوون. تەنانەت ڕۆحمیان بۆ خەڵکی سڤیلی خۆیشیان نییە. ئەوان لە دڕندەترین ئاژەڵانیش دڕندەترن. ئەوان لە بەراز و سەگ گڵاوترن. دەبێ قەڵاچۆیان بکەین، دەبێ ئێمەیش گاکوژیان بکەین.

قامکەکانم هاتنە لەرزە. مێشکم خەریکبوو دەتەقی. جگەرەکەم کوژاندەوە و بە تووڕەییەوە و بە «فارسی» گوتم: «تەواوی بکە. پێم خۆش نییە یەک وشەی دیکەت لێ ببیستم». دەنگی لێوە نەهات و هەستا و لە قاوەخانەکە چووە دەرەوە. سەیری نێو شەقامم کرد، شەقامەکانیشیان دیکتاتۆرە، وەک ڕوانینیان، بیریان و... .

بۆرەتاری ئێوارە بوو. منیش هەستام و چوومە دەرەوە. ئەو وێنانە دەهاتنە پێش چاوم و وەک سەگێکی هار لێم دەوەڕین. ڕێگایەکم گرتە بەر، خۆیشم نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆم. هەنگاوەکانم توندتر کردەوە. بە کۆڵانێکدا داگەڕام. پیرەپیاوێک لە پێشم بوو. لێی تێپەڕیم. هەستم کرد ئاشنایە! ئاوڕێکم دایەوە، هەمان پیرەمێردی نێو قاوەخانەکە بوو! شەلە شەل ڕێگای دەبڕی. کەس لەو کۆڵانەدا نەبوو. نازانم چۆن چۆنی بوو کە لێی هەڵگەڕامەوە. بەتوندی ناقیم گرت و بۆ نێوان دوو ترۆمۆبیلی نێو کۆڵانەکە ڕامکێشا. هەناسەی دەرنەدەهات و لەژێر دەستمدا پەلەقاژێی دەکرد و چاوی دەرپەڕیبوو. ئەوەندە توند ناقیم گرتبوو کە هەستم بە هاڕینی مۆرەکانی ملی دەکرد. دەمم بردە لای گوێی و گوتم، لای کەسێکی باش بیرەوەرییەکانت نەگێڕایەوە سەگی پیر، ساڵەکانی شەست بابم پێشمەرگە بوو، دیلتان کرد و لە دوای ترۆمۆبیل ڕاتانکێشا و شیتاڵ شیتاڵتان کرد. گوندەکەمانتان خاپوور کرد. منی پێنج ساڵانتان هەتیو خست. ئەوەی بیست؛ سپێنەی چاوی دەرکەوت و لەژێر دەستمدا گیانی دەرچوو. هەستامەوە، بەڵام هێشتا ڕقم لە کەلاکەکەشی بوو. زیاتر لە پێش تووڕە بووم و ڕقم لە دڵدا بوو. خۆزگە دەمتوانی ئاگر لە ماڵ و منداڵیان بەر بدەم. خۆزگە دەمتوانی شارەکانیان خاپوور بکەم. خۆزگە دەمتوانی بە قامچییەک بەر ببمە گیانیان و بیانخەمە نووزە نووز. خۆزگە دەمتوانی، خۆزگە دەمتوانی...

سەرنج بدەن، سەرنج بدەن، سەرنج بدەن...

کاتژمێر ١ و ٣٠ خولەکی شەوی چوارشەممە لەسەر پێنجشەممە، ٣٠ی بانەمەڕی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی پۆلێک لە بەورە چنگ بە گرەکانی دیموکرات لە سێرێیانی بورهان کەوتنە بۆسەی کەمتیار و چەقەڵ و گوێ لە مستانی تارانەوە...

تەقە گەرمە

من گوێم لێیە سمکۆ بە شاخەوان دەڵێت: کاکی کاکم ژمارەمان کەمە و ئەستەمە لەم کەمینە ڕزگارمان بێت، ئێمە ژمارەمان تەنیا حەوت کەسە و دوژمن هەزار.

بەڵام دەبێ جارێکی تر ئەو وانەیە بڵێینەوە ئەو کاتەی ئێمە دەڕووخێین کە شاهۆ و ئاربابا و ئاریز ڕووخان.

ئەو کاتە ئێمە دەگیرێن کە توانیتان چی هەڵویە دەستەمۆی کەن، چی بەورە لە تۆڕی خەن.

گەر توانییان لوڕستان، ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ لەداو بخەن ئەوە ئێمەش چەک دادەنێین.

یا پیرموراد هۆ شێخی بورهان، وەیسەکەی ماهیدەشت ئەوە شاخەکانی زاگرۆسن کەوتوونەتە بۆسەی بیابانی قڕ و بێ ئاویی تارانەوە.

هۆ لوڕستان، سۆران، شکاک، ئەردەڵان، کەلهوڕ، لەک، هەورامی و زازاک، ئەوە شاخەکانی زاگرۆسە و لە بۆسەی وشکارۆی تاراندان و دەنڕێن و لەو دیوی تۆڕ کەمتیار و گورگی ئەو بیابانە دەتارێن.

ئەوە سمکۆ و شاخەوان و هەڵگورد و مانشت و چلچەمە و دالاهۆ و نەکەرۆزە لە داوی وشکارۆی ولایەت و پاڵەویدان و دڕبەم تاریکییە دەدەن.

مانشت دەڵێت: ئەوەتانێ هێزی یارمەتی هات بۆ لامان کە سەر هەڵدەبڕم سوارچاکێک بەرەو ئێمە دێت و بێ گوێدان بە تەقە و بارانەی گوللە هەروا دێت و ئەسپەکەشی دەحیلێنێ.

سمکۆ دەڵێت: ئەوە خۆ سمکۆی باپیرمانە، من تێناگەم هێشتا ئەوەی دەیبینم باوەڕ ناکەم سمکۆی شکاکە و بە خۆی و ئەسپەکەیەوە گەیشتووەتە ئەم کەمینە.

سڵاو گەورەم، هاوڕێی مەزن، چۆن بوو هاتی؟ ئەم کەمینەت چۆن تێکشکاند؟

من هێشتا حەبەساوم و لەبەر لورەی کەمتیار و گرمەی تفەنگ حاڵی نابم سمکۆی ڕێبەر چیم پێ دەڵێ؟ بەڵام بە نیگایدا تێدەگەم ئەمجارەیان دەیهەوێ هەر لە ماکۆوە تا ئەوپەڕ سنووری لوڕستان دایبماڵێ ئاخمان لە داگیرکەران.

من قەڵەمێکی ترساوم لەناو ئاگر و دەنگی فیشکدا حەبەساوم کە تۆزێک دێمەوە سەرخۆ چاوم لێیە سمایل و ئاوارە و موعینیەکانیشمان لەگەڵن

لەم بۆسەدا دەنگی پێکەنینێک دەناسمەوە کاک سەعیدە، ئا خۆیەتی دەنگی پێکێنەنینی لە هیچ دەنگێک ناچێت، دەیناسمەوە من دڵنیام بۆ خۆیەتی.

شاخەوان بە سمکۆ دەڵیت: سەیر بکە ئێمە بووینە هەزار هەزار.

تەقە گەرمە و ئێستا ئیتر چەقەڵی دەستەمۆ و گوێ لە مەستی تارانن وان لە بۆسەی ئێمەدا، سمکۆ دەگوڕێنێ بەسەریاندا و شاخەوان هێرشیان بۆ دەبات.

ئەز ترساوم و ناتوانم ببمە کامێراکەی کاک سەلاح، ناتوانم ئەوەی دەبینم تۆماری بکەم، سەید سەلامە، کاک سدیقی فەروخیانە، خەلیل خەلەبان، خدرە سورە، کاک کەماڵی دەباغی و هەر هەموویان لەگەڵمانن.

بە کاک کەماڵ دەبێژم، گەورەم تۆ لە زیندانەوە چۆن هاتی؟

بە دەم تەقە کردنەوە دەڵێت: پاش ڕاسان و هاتنەوەی هەڵۆیان، کام بەند دەتوانێ دیلمان بکات کە خەبات و کۆڵنەدان بێت هەمووان هەین وا نەزانن هەر خۆتانن.

کێ دیوە کێ؟ کێ دیوە کێ ؟ لە بۆسەداین و ئێمەن هێرش دەبەین. ئێمەن دەگوڕێنن و ئەوانن کە ترساون.

ئەوە جەندەکی داگیر کەرە و دەکەوێتە بەرپێمان و سمکۆ و شاخەوان ڕاویان دەنێن.

چ شەوێکە و چ ڕووداوێک؟ منی قەڵەم چۆن دەتوانم بیگێڕمەوە.

دالاهۆ لە بێ تەلدا دەڵێت: شەڕ تەواو و بۆسەی دوژمن تێک شکا

سمکۆ و شاخەوان بریندارن

دەچمە سەر سەریان، نەترساون و دوو گوڵە مێلاقە لەسەر سینگیانە

تکا دەکەم هاوڕێیان هەستن بڕۆینەوە، چاوەڕێتانن هەستن با بڕۆینەوە.

دەم بە بزە پێم دەڵێن: خۆ خۆت دیتت ئێمە لەشکرێکین هەزار هەزار پشتمان تەنیا بە خۆمان دەبەستین، ئەم ڕاسانە ئەم وەرزی ڕابوون و بەرخۆدانە ئەم زەریا خورۆشاوە نەهێڵن بەری پێ بگرێت.

چاوەڕێتانین ئێوە زوو بێنەوە

نەکەن شاخ و پێدەشتی زاگرۆس لە گرمەی چەکی شاخ و خرۆشانی شار بێبەش بکەن، دەبێ ئێوە بەڵێن بدەن زۆر زوو بۆ هەمیشە بگەڕێنەوە.

هانا دەبەمە بەر کاک دوکتور قاسملوو دەڵێم گەورەم، بە سمکۆ و شاخەوان بڵێ با لەگەڵمان بێنەوە، منداڵ و هاوسەر و دایک و باب و هاوڕێیانیان چاوەڕێن.

کاک دوکتور دەفەرمێت، دەبێ ئێوە بێنەوە

شار و شاخ و ئاو و باخ و خەڵک و کانی و گەڵا و دار چاوەڕێن.

زاگرۆس

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan No :800 5 June 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی هەینی ٣١ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەک بە ناوی «قاسم عەزیزییان»، تەمەن ٢٨ ساڵ، کوڕی ڕەسووڵ و خەڵکی گوندی «لەج» سەر بە مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «لوقمان نیکزاد»، تەمەن ٢٥ ساڵ، کوڕی محەممەد و خەڵکی گوندی «سەردۆش» سەر بە مەریوان، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٥ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «کەماڵ عەزیزی»، تەمەن ٢٧ ساڵ، کوڕی بارام و خەڵکی گوندی «شیان» سەر بە سنە، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی دووشەممە ٣ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سۆران شەریفی» و خەڵکی بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

لەسەر سکاڵای فەرمانداری شاری شنۆ، چەند هاووڵاتیی خەڵکی «نەڵۆس»ـی ئەو شارە، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شنۆ کراون و هەڕەشەیان لێکراوە.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری شنۆ شوناسی ئەو چەند هاووڵاتییەی بە ناوەکانی «عەلی قادرزادە، حوسێن ئەمیر عەشایری، شەهاب بابوولی، موراد عەلی مەحبووب، هیوا ئەفرووزە و ڕەحمان جەسووری» ڕاگەیاندووە.

ڕۆژی دووشەممە ٣ی جۆزەردان، کاوە حەکیمی، چالاکی کرێکاری و یەکێک لە واژۆکەرانی بەیاننیەی مەحکوومکردنی دەسبەسەرکرانی عوسمان ئیسماعیلی و مەحموود ساڵحی، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی سەقز کراوە.

### مەحکووم کرانی هاووڵاتییان بە زیندان و سزای نەختی :

حوکمی ١ ساڵ زیندانیی تەعزیریی «جەوانمیر موورادی»، چالاکی کرێکاریی خەڵکی کرماشان لە دادگای پێداچوونەوەی ئەو شارە، بۆ سزای نەختی گۆڕدرا.

ئەو چالاکە کرێکارییە بە تۆمەتی «پڕۆپاگەندە دژی نیزام»، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی کرماشان، بە ١ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا و ناوبراو ڕۆژی شەممە ١٤ی خاکەلێوەی ئەمساڵ، لە ڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفوونیدا بۆ ڕاگەیاندنی حوکمی دادگا، بانگهێشتی لقی ١ی دادگای ئینقلابی ئەو شارە کرا و حوکمی دادگای سەرەتایی بە ناوبراو ڕاگەیەندرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی سەید «محەممەد حوسێنی»، خەڵکی شاری نەغەدە، بە تۆمەتی «محاربە»، لە ڕێگای ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئێران، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی مەهاباد، بە ٤٠ ساڵ زیندان و دوورخرانەوە بۆ زیندانی ناوەندیی ورمێ، مەحکووم کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی جۆزەردان، لقی ١ی دادگای ئینقلابی سەقز حوکمی سەرەتایی بەسەر عوسمان ئیسماعیلی و مەحموود ساڵحی، دوو چالاکی کرێکاریی ئەو شارە سەپاندووە.

خەبات مەفاخری، چالاکی ژینگەیی، خەڵکی سنە، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی ئەو شارە، چوار ساڵ زیندانیی هەڵپەسێردراوی بەسەردا سەپاوە.

حەیدەر قوربانی، چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری کامیاران لەلایەن لقی ٢ی دادگای ئینقلابی شاری شەهریار، بە ١١ ساڵ زیندانی مەحکووم کرا.

### ڕەوانە کردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ڕەحمان خانئەحمەدی»، پاش کۆتایی ماوەی لێپرسینەوەکەی لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ، ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی ئەو شارە کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٩ی جۆزەردان، فەرزاد سامانی، یەکێک لە دەسبەسەرکراوانی بەفرانباری ٩٩ لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە ورمێ، دەستی داوەتە مانگرتن.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی جۆزەردان، دوو زیندانیی سیاسی بە ناوەکانی «ڕەحیم ڕەفعەتی»، کوڕی محەممەد و «ڕەحمان تابش»، کوڕی موراد، خەڵکی شاری شنۆ، لە زیندانی نەغەدە بۆ زیندانی شوێنی لەدایکبوونیان ڕاگوێزراون.

شەوی سێشەممە ١١ی جۆزەردان، فەرزاد سامانی و ساکار عەینی، لە دەسبەسەرکراوانی بەفرانباری ٩٩، پاش نزیک ٥ مانگ لە دەسبەسەرکرانیان لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپا لە ورمێ، ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی ئەو شارە کران.

«ڤیان محەممەدی»، چالاکی مەدەنی و خوێندکاریی بواری بەڕێوەبەریی بازرگانی (مودیرییەتی بازرگانی) و خەڵکی مەریوان، لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپا لە ورمێ، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

### کوژران و برینداربوونی هاووڵاتییان:

شەوی سێشەممە ١١ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حوسێن فەرەجی»، تەمەن ٦٣ ساڵ، کوڕی کەریم و خەڵکی شارە «ئارمەردە» سەر بە بانە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە گیانی لەدەست دابوو..

### مەحکوومکردنی هاووڵاتییان بە ئێعدام:

هاووڵاتییەکی ئیلامی، بە تۆمەتی کوشتنی «دوو مەئمووری هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی» بە سێ کەرەت قیساس مەحکووم کرا.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی چوارشەممە ٥ی جۆزەردان، هێزەکانی هەنگی سنووری لە شاری نەوسوود سەر بە پارێزگای کرماشان، هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی هاووڵاتییان و دەستیان بەسەر کەلەوپەلی کاسبکاراندا گرتووە.

ڕۆژی چوارشەممە ٥ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «قوباد ڕەحمانی» تەمەن ٢٨ ساڵ و خەڵکی سەرپێڵی زەهاو، لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری ئەو شارەوە گیانی لەدەست داوە.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٩ی جۆزەردان، کۆڵبەرێک بە ناوی «محەممەد ڕەحمانی»، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە سنووری «سەرتەزێن»ـی بانە بریندار بووە.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «محەممەد سادقی»، خەڵکی سەقز، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە سنووری «برویشکانی»ـی بانە، بریندار بووە.

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی سێشەممە ٤ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شێرکۆ محەممەدپوور» خەڵکی گوندی «بێوران»ـی شاری سەردەشت، بەهۆی تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو و لاقێکی لەدەست دا.

### گیان لە دەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

ڕۆژی سێشەممە ١١ی جۆزەردان، دوو کرێکاری بیناسازی لە شاری سەردەشت، لە کاتی کارکردن بەهۆی بەربوونەوە لە بینایەکی نیوەکارە، تووشی ڕووداوی کار بوونە.

هەواڵنێری کوردپا شوناسی یەکێک لەو کرێکارانە کە لەو ڕووداوەدا گیانی لەدەست داوە بە ناوی «ئەبووبەکر ئیسماعیلزادە» کوڕی ئەحمەد، ڕاگەیاندووە و شوناسی کرێکارەکەی دیکە کە لەو ڕووداوەدا بریندار بووە بۆ ئاژانسی کوردپا ڕوون نەکراوەتەوە..

### گیانلەدەستدانی زیندانی:

ڕۆژی سێشەممە ١١ی جۆزەردان، زیندانییەک بە ناوی «ناسر کەریمی»، کوڕی قادر و خەڵکی گوندی «نۆبار» سەر بە بۆکان، پاش ڕاگواستنی بۆ زیندانی ئەو شارە گیانی لەدەست دا.

### مانگرتنی زیندانی:

موژگان کاووسی، نووسەر و لێکۆڵەری کوردی بەندکراو لە بەندی زیندانی ئێڤین لە مانگرتنی تەڕ دایە.

ژاکان باران، شاعیری خەڵکی «مەلەکشا» سەر بە ئیلام، لە نارەزایەتی دەربڕین لەمەڕ وەڵامنەدانەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر بەنیسبەت داخوازییەکانی، لێوەکانی خۆی دووریوە.

### خۆکوژی و خۆکوشتنی ژنان و پیاوان:

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە ٣ی جۆزەردان، «بێهزاد (محەممەد) مەحموودی»، پەنابەری سیاسیی خەڵکی بۆکان کە لەبەردەم نووسینگەی نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستاندا، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو، بەهۆی قووڵیی برینەکانییەوە لە نەخۆشخانەی ئیمێرجێنسی گیانی لەدەست دا.

چەند ڕۆژ پێش، پەناخوازێکی کورد بە ناوی «ئازاد حەسەنی»، تەمەن ٣٢ ساڵ خەڵکی شاری پیرانشار، بە هۆکاری نادیار لە شاری ئامێستردامی وڵاتی هۆڵەند، دەستی دایە خۆکوژی.



